حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## ڕێبەری مامۆستا

### پۆلی یەکەمی بنەڕەتی



## دەستپێک:

### یەکەم: بەگەڕخستنی توانا، لێهاتویی و کارامەیی فێرخواز و قوتابی

وەرگرتنی کۆزانیاری (مەعریفە) ی گشتی یان جیهانی و ئەوەی تایبەت بە کۆمەڵی کوردەواری بۆ دەرچوون نین لە تاقیکردنەوەکاندا، بەڵکو بۆ فێربوون و بەکارهێنانەوەی ڕاست و دروست و بەسوودیانە لە ژیاندا.

بیر، بریتیە لە دید و بۆچوون، ڕاو پلان لە مێشکی مرۆڤدا. بیرکردنەوە، وەك کۆکردەیەکی (پرۆسەیەکی) ئاوەزیی بە وردبوونەوە، تێڕامان و تێفکرین دادەنرێت و بەتەواوی خستنەکار و خستنەگەڕی بیر دەگرێتەوە، کە پاشان بە دەنگ (بە ئاخاوتن) یان بە پیت (بە نووسین) بەرجەستەدەکرێت. بەم واتا و ناوەرۆکەوە، بیرکردنەوە باڵاترین ئەرکی پەیپێبردن و درککردنە بۆ تێگەیشتن، بۆ بڕیاردانی دروست، بۆ حوکمدانە لەسەر شت، بۆ پێشبینیکردن[1] و بۆ سەلماندنە و بەم جۆرەش بۆ پلاندانانە.

ئەو کورتە ڕوونکردنەوەیە، ئەوەمان بۆدەردەخات. کە بیرکردنەوە هۆ و ئامێری بەکارهێنانی پێڕەوبەندانەی مێشکە، بە مەبەستی ڕێکخستنی بیرەکانی ناو مێشکمان، تاوەکو بییرە (دەربڕاو و دەرنەبڕاوەکان) هەر لە سەرەتاوە ڕوون و ئاشکرابن و تێگەیشتن مسۆگەربێت.

ئەم پڕۆگرام و پێڕەوە پەروەردەییەی بەردەستتان، بۆ ئەوەن بیری فێرخواز و قوتابی ببزوێنرێت و ئاوەزیان بوروژێنرێت. ئامانج و مەبەستیش لەو بزواندن و وروژاندنەدا، لەلایەکەوە دەرکەوتنی توانا و لێهاتویی و کارامەیی قوتابییە و لەلایەکی تریشەوە بەرزکردنەوەی ئاستیانە لەڕووی چۆنیەتییەوە. چونکە لەم ڕێیەوە بیری داهێنەرانە دێتە بەرهەم. دیارە، کە هەر ئەو داهێنانانە دەبنەهۆی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی فرەجۆر و فرەڕەهەند.

هۆ وئامێرەکانی بیرکردنەوە، کە پێویستە بزانرێن و بەردەوام لەلایەن دانەرانی بەرنامە و بابەتەکانی خوێندنەوە و بەتایبەتیی لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزەوە لە وانەگوتنەوەکاندا ڕەچاوبکرێن، بریتین لە:

پرسیارکردن، چەمکەکان و هێڵکاریی لۆژیکیی بۆ پەیوەندییە لۆژیکیەکان، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئاوەزیی (عەقڵیی) ڕاستیی و ڕاستەقینە.

پرسیارکردن، کە بۆ زەقکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەو چشتانەیە، کە جێگەی بایەخ و سەرنجمانن، بۆ تێگەیشتن و فامکردنە، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە، بۆ تاقیکردنەوەی ئەوانەیە، کە وەرگیراون یان قوتابی فێریانبوون. ئەمانە لە نووسین و خوێندنەوەدا پیت، وشەو ڕستەو لە بابەتی وانەکاندا کۆزانیاری و پەیوەندیەکانی نێوانیان دەگرنەخۆ. لەم چێوەیەدا، پرسیارکردن یەکسانە بە بیرکردنەوە. لەپێش هەڵسەنگاندن و نرخاندنی تاکدا، وروژاندنی مێشك بۆ فراوانکردنی بیر و بەرهەمە بیرییەکان ئامانجی سەرەکین.

چەمکەکان بریتین لە:

پیت : دەنگ، هێما/وشە : ناو بۆ چەمکەکەی،

دەنگەکان پێکهێنەری وشەن لە ئاخاوتندا،

پیتەکان پێکهێنەری وشەن بە نووسین.

دەرگاکانی سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوارەکانی درکپێکردن و پەیپێبردنن. جۆرەکانی ئەم دوو بوارە بۆ پەسەندکردنی توانای جێبەجێکاریی ئاوەزی (تەتبیقی عەقڵیی) قوتابییە. ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، ئامانجی دیاریکراوە و ڕوونە، دەتوانرێت هەم بپێورێت و هەم پێشبینیشی لێبکرێت و هەم بیشهێنرێتە دیتن، چونکە واقیعییە. بوارەکانی ئەو دوانە بریتین لە:

---

[1]- مامۆستای بەڕێز ئەم جۆرە وشانە وەك چاوگێکی لێکدراو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام بۆ کتێبی قوتابی لە پۆلەکانی سەرەتایی قۆناغی بنەڕەتیدا نووسینیان بەم شێوەیە قورسە، بۆیە سپێسیان بۆ دەکرێت.

## ١) بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە، کە ئەمانە دەگرێتەخۆی:

**ا-جێبەجێکردن:** دەبێت قوتابیی توانای ئەوەی هەبێت، ئەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەڕێی، بۆ نموونە، هەڵهێنجانەوە وەریگرتووە و فێریبووە، لەبار و دۆخ یان دەورەبەری نوێدا بەکاریبهێنێتەوە. باشترین نموونە بۆی ناسینەوە و بەکارهێنانەوەی پیتەکان لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشەدان. سوودبینین لە پەیوندەکانیش نموونەیەکە بۆ کۆزانیارییەکەمان.

**ب-شیکردنەوە:** ناسین و جیاکردنەوەی بەشەپێکهێنەرەکان گشتێکە تەواوێکە لەگەڵ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوانیان. ئەمیان بریتیە لە درککردن بە بنەماکان (درککردن بە فۆڕمی سەربەخۆی پیت و لەمیشەوە بە شێوەکانی تری) و پەیوەندیەکانی نێوان بەشەکانی گشتێك پێکدێنێت. ئەمە بۆ قوتابی، ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە و پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانیان.

**پ- پێکهێنان:** خستنە تەکیەکی بەشەکانە بۆ پێکهێنانی گشتێك یان بابەتێکی نوێ. لەمیاندا واتا یان بیر بۆ قوتابیی دێتە ئاراوە و گرنگە.

نموونەیەکی ڕوونکەرەوە: وشەیەك بڵێ دەنگی /د/ ی تێدابێت.

**ت- هەڵسەنگاندن:** پێویستە قوتابی لەسەرئەوە ڕابهێنرێت، خۆی خۆی لەسەر پێکهێنراوەکە هەڵبسەنگێنێت، کە فۆڕم و واتا دەبەخشێت.

## ٢) نزمترین ئاستی بیرکردنەوە، کە دوو بەشی هەیە:

**ا-تێگەیشتن و لێکدانەوە:** ئەمیان یەکسانە بە تێگەیشتن و درککردن بە واتا و ناوەرۆکی بابەتەکان، واتا تێگەیشتنە لە زانیاریەکان و دەربڕینیان لەلایەن قوتابییانەوە، بەو شێوەیەی، خۆیان دەیانەوێت. کەواتە دەبێت قوتابی بزانێت بیری سەرەکی چییە و بتوانێت بە وشە و دەربڕاو زانیاریەکە/بابەتەکە بگێڕێتەوە، لەم حاڵەتەی ئێمەدا، بەڵام توانای درککردنە بە پەیوەندی دەنگێك و پیتەکەی یان توانای درککردنە بە واتای زانیاریی ئەو بابەتەی کە وەریدەگرێت.

**ب-کۆزانیاری:** مەبەست لێی، بیرخستنەوەی زانیاریی و وەبیرهاتنەوەی زانیارییە وەرگیراوەکانە.*[٢]

**دووهەم: دارشتنی کەسێتی سەربەخۆ و باوەڕ_ بەخۆبوو.**

بۆ ئێمە، دانەرانی هەردوو کتێبی خوێندنی کوردی وەرزی یەکەم و دووهەم، گرنگە لەم بەشداریکردنەماندا، خۆمان بەو شێوەیە کارەکەمان دابڕێژین و ئاڕاستەی بکەین، کە قۆناغی هاتنی منداڵ بۆ قوتابخانە ئاسان و ئاسانتر بکەین، ترس و شەرمی منداڵ بڕەوێنینەوە و شانازییان بەوەوە، کە بوونەتە قوتابی یان قوتابین، بەهێز و بەهێزتر بکەین. قوتابی چاوەڕێدەکات فێری خوێندنەوە و نووسین بێت. ئێمەیش لەسەرمانە ئەو ژینگەیەی بۆ بهێنینەئاراوە و ئەو هەلومەرجانەی بۆ بڕەخسێنین، کە ئەو ئامانجەیان بۆ مسۆگەردەکەن.

بەهێزترین هۆماندەر (مۆتیڤ) بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین لە وەرگرتنی وشەی /من/ ەوە دەستپێدەکات: قوتابی، کە هەستیکرد پیتەکە وەك "منداڵ/قوتابی" بەرز_دەنرخێنرێت، هەست بەوەدەکات، کە بەگەرمییەوە وەك ئەندامێکی خۆشەویست لە دەوروبەرە نوێیەکەیدا وەرگیراوە. ئەم بارەیش ئامادەبوونی بۆ فێربوون بەهێزتر دەکات. ئەو ئامادەبوونەی بەو جۆرە لەم خێزانە نوێیەیدا، ئامادەبونیشی بۆ ئەوە زۆرتر دەکات، ڕووبکاتە هاوڕێ نوێکانی و بەرەو قوتابییەکانی تر بچێت، بۆیە لەگەڵ وشەی /من/ دا وشەی /تۆ/ یش هەڵدەبژێرین. لەم ڕێیەوە

---

٢- ئەم بابەتە، بە پێی چوونەوەی گونجاندنێوەی بۆ مەبەست ئامانجەکانی ئەم وەچەپارە لە شیلان عومەر حسێن (٢٠١٣) هوە وەرگیراوە.

بەکۆمەڵایەتیکردنی قوتابخانە و کردنی قوتابی بە کەسێکی کۆمەڵایەتی هەر لە هەفتەکانی سەرەتای ساڵی خوێندنەوە دەستپێدەکات و ڕێگەی ئەوەی بۆ خۆشدەکرێت، بەرەو قوتابییەکەی هاوڕێی بچێت و لەمیشەوە لەڕێی هەڵبژاردنی وشەی "ئێمە"وە بەرەو کۆمەڵی پۆلەکەی دەبرێت. بە دەربڕاوی لەم چەشنە لە گفتوگۆکاندا، جەخت لەسەر خودی خۆ، چشتەکانی خۆ و خاوەندارێتیی دەکرێتەوە.

من قوتابیم. ئەمە جانتاکەمە.

تۆ قوتابیت؟ کوا جانتاکەت؟

ئێمە قوتابیین.

ئەمە جانتاکەی منە.

ئەوە جانتاکەی تۆیە.

لە هەفتەی یەکەمەوە گفتوگۆ و قسەکردنەکان بەرەو ئەم ئاڕاستەیە دەبرێن و کەسێتی سەربەخۆی باوەڕ بەخۆی دادەڕێژرێت. بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە، ڕێگەخۆشدەکرێت، مامۆستا و قوتابی بەشداری لەوەدا بکەن، بەسەر ترس و شەرمی قوتابییدا زاڵبن.

## بەردەوامی حەز و ئارەزوو:

مانەوەی هۆماندەرەکان و بەردەوامی حەز و ئارەزووی قوتابی بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، مەبەست و ئامانجێکی سەرەکی تری ئێمەیە. هەڵبژاردنی وێنەی "سمۆرە" وەک "کلیلە_وشە" لەگەڵ دەقە فرەچەشنەکانی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە منداڵ و دنیای منداڵەوە هەیە، هەستیان بە بەرز_نرخاندنیان و بە شانازیکردن بە خۆیانەوە دەجوڵێنێت. لەسەروو ئەوەشەوە، خۆشی و زانیاریشیان پێدەبەخشێت. چونکە لە بابەت و ڕووداوەکانی وانەکاندا ئەوانەیش دەبیننەوە، کە هی خۆیانن یان بەسەر خۆیاندا هاتوون. بە گفتوگۆکردن لەسەر وێنەکانی سەرەتای کتێبە سەرەکییەکە، ئەم ئامانجە لە سەرەتاوە دەپێکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەشە، کە دەقەکانی وانەکان پەیوەستن بە قوتابی، قوتابخانە، مامۆستا، وەرزەکانی ساڵ و ... هتد. هوە.

سێیەم: پێناو ئەم شاکارە.

پەیوەندی دەنگ و پیت:

قوتابی، گەر لە باخچەی ساوایانەوە هاتبێتە پۆلی یەکەمی بازنەی یەکەمی بنەڕەتی یان نا، پێویستە پەیوەندی "دەنگ" (دەنگەکانی زمانی ئاخەوتنی مرۆڤ) و "پیت" ی پێبناسرێت. قوتابی خۆی لەڕێی دەربڕینی دەنگەکە و نووسینی پیتەکەیەوە هەم پیتەکە دەناسێت و هەم بەوە دەزانێت، کە پیتەکە بۆ دەنگەکە دانراوە. دیارە، کە لە کتێبی ئەلفوبێدا ناوی دەنگەکە "ز" و ناوی پیتەکەش "زێ" وەردەگرن.

لە کتێبی ئەلفوبێدا، کە بە کتێبی خوێندنەوەش دادەنرێت، شێوەکانی هەر پیتێک (لە سەرەتادا، لە ناوەڕاستدا و لە کۆتاییدا یان سەربەخۆ و لکاو) پێکەوە لە یەک وانەدا پێشکەشدەکرێن. بەڵام بۆ سەرەتا و دەستپێکردن، شێوەی "ر" لە کۆتایی وشەدا هەڵبژێردراوە. ئەمەش بۆئەوەی هەر وشەیەکی نوێ، واتای تەواوی هەبێت ("ر" لە "زەرد" دا).

بەمەرجێک ڕێگە و ڕێبازی تێکەڵ (لە گشتەوە بۆ تاک و بەپێچەوانەوە لە تاکەوە بۆ گشت) بۆ ئەم پرۆسانەی فێربوون گیراونەتەبەر، هەم بۆ وەرگرتنی پیتەکان و نوسینەوەیان و هەم بۆ خوێندنەوەیان بەکارهێنراون. دەبوو

ئەو دوانە لە دوو سەرچاوەی سەربەخۆدا بوونیانە، بەلام ئێمە لە یەک کتێبدا بەناوی "خوێندنی کوردی" ەوە کۆمانکردوونەتەوە. لە دەقەکاندا، بەکارهێنانی خاڵبەندیی (دانانی خاڵ،کۆماوە، کورتە_هێڵی بەستنەوەو ...) گران نین بۆ منداڵ (چونکە دەیانبەستنەوە بە جۆرەکانی دەربڕینەوە) و بۆ ئۆرسۆگرافیش بەنرخ و گرنگن، بۆیە دەبێت ساناو ساکار بێتە بەرچاومان.

وەرگرتن و فێربوونی هێمای دەنگ (پیت بۆ دەنگ) تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر گشتساڵی خوێندنەکەدا دابەشبووە و لەڕێیەوە مامۆستا لە فشاری کات یان کەم_کاتی ڕزگارکراوە. چالاکییەکانیش لە چارەسەرکردنی ئەم فشاری کاتەدا یارمەتیدەران. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاشکرابێت، کە چالاکییەکان بە وەرگرتن و فێربوونی پیت کۆتایان نایێت، ئەدگار و ئاکاری وانەکان لەو چەشنەن، کە لە ڕەوت و بەڕێوەچوونی نوسینەوە بەرەو ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر بەرزکردنەوەی دڵنیابوون و خێراییان لە خوێندنەوەیانداو بەرەو حەزکردنیان بە خوێندنەوە ڕادەکێشێت. هەروەها چالاکییەکان بۆ زۆرترکردنی وشەکانی گەنجی وشەکانی هەر قوتابییەکە لەگەڵ بەکارهێنانی تەرزی جۆراوجۆر و فرەجۆری ڕستەدا. لەسەروو ئەوانەشەوە، بۆ وردبوونەوە و سەرنجدانە لە زمان و بۆ دروستنووسینە (ڕێنووس) و بۆ کارکردنە لەسەر وشە، ڕستە و دەق.

## پێکهاتەو ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کوردی :

خوێندنی کوردی لە پۆلی یەکەمی بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیدا پێکدێت لە:

(أ) کتێبی خوێندنی کوردی، وەرزی یەکەم.

(ب) کتێبی خوێندنی کوردی وەرزی دووهەم.

ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کوردی پێکهاتووە لە:

- دووبارەکردنەوەی پەیوەندیی دەنگ و پیت لەگەڵ ناوەکانیان،
- وێنەکانی سەرەتا بۆ گفتوگۆکردن: من، تۆ، ئێمە،
- وشە و دەقەکان،
- ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر کێشانی هێڵ و شکاندنەوەکانیان.
- ڕاهێنان بۆ خوێندنەوەو پاشانیش بۆ نووسین،
  (بەم جۆرە خوێندنەوە بەر لە نوسینە).
- بەشێکی چالاکییەکان بۆ ڕاهێنانە لەسەر زمان: کارکردن لەسەر وشە، ڕستەو دەق،
- کارتی وشەکان، کە بۆ نووسینی وشەکانی گەنجی وشەکانی قوتابین،
- کارتی یاریکردن بە پیتەکان/وشەکان بۆ دروستکردنی وشە/ڕستە.

# بەشی یەکەم

## ڕێباز و ڕەوتی خوێندن

یستاش، لە شێوەی ئاماژەدا چەند تێبینی و ڕوونکردنەوەیەک لە بواری ڕێباز و پەروەردەدا لەسەر کارکردن بە کتێبی ئەلفوبێ پێشکەشدەکرێن:

کتێبی خوێندنی کوردی لە چەند بەشێک/وانەیەک پێکهاتووە، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ یەکتریدا ڕێکخراون و ونجێنراون، بەڵام دەڕژێنە ناو یەکتریشەوە. کارکردن بەم کتێبە بەدرێژایی ساڵی خوێندنەکە بەیەک شێوە و شێواز بەڕێوەدەبرێت.

- شێوە و شێواز      دەقی وانەکە وێنەی وانەکە

وشەکلیل (سەوزە)/وشەی هاندەر لەگەڵ دەنگە_هێما (

پیت)ی نوێ،

- لاپەڕەی کارکردن

فێربوونی دەنگ/دەنگ_فێربوون،

ڕاهێنانی گرافیی/پیت_فێربوون،

- بەدەستهێنانی بیچم      کارکردن بە کارتی وشە

بەکارهێنانی کارتی پیت بۆ خوێندنەوە و نووسینی خودی پیتەکە یان بۆ نووسینی وشە، یارییەکان

دابەشکردنی کەرەستەکانی بابەتەکان/وانەکان ئەو ڕێژانە ناریەکە نیشاندەدەن. ئەم لایەنە و سەرنج و تێبینیەکانی لەگەڵیدان، یارمەتی مامۆستا دەدەن، لە دانانی پلانی هەفتە و ئامادەکاریەکانی سەرەتایدا:

بابەتەکانی وانەکان لە ژیانی منداڵانەوە وەرگیراون. هەر بابەتێک/وانەیەک "وشە_هاندەر" ێکی تێدایە، کە پیتی دەنگەکەی ئەو وانەیەی تێدایە. ئەو وشەیە دەخوێنرێتەوە. بەم هەنگاوە ئامانجی فێربوونەکەی دواتر بۆ منداڵ ئاشکرا دەبێت، واتە قوتابی پێشبینی ئەوە دەکات، لەدوای ئەم هەنگاوە چیتر دێت.

ئێستا ڕاهێنان بۆ بەدەستخستنی/وەرگرتنی دەنگ (ناسینی دەنگەکە)، ڕاهێنانی قوتابی لەسەر دەنگەکە و ڕاهێنان بۆ دیاریکردنی جێگەی دەنگەکە لە وشەکەدا دەستپێدەکات و بە دەرککردن بە بیچمی پیتەکە کۆتایی دێت بڕوانە (١/٢) !)).

پاش کارکردن لەسەر پیتەکەو شێوەکانی (یەکسانە بە "تۆڕی پیتێک")، ڕاهێنانی گرافیی جۆراوجۆر لەسەر پیتەکە دەستپێدەکات (٢/٢): لەپێشدا ڕاهێنان بۆ ناسینی بیچمەکەی دەستپێدەکات، ئەوجا پیتە نوێکە و تایبەتی وشە نوێکە پێشکەشدەکرێت (٣/٢). بۆ جیاکردنەوەی قوتابییەکان لەڕووی تواناییانەوە (٧) یان بە مەبەستی ڕاهێنانی زیاتە، کار بە کارتەکان (٣) و (٤) و یارییەکان (٥) و (٦) دەکرێت.

دەشێت ئەم ڕەوتی کارکردنە گشت ساڵی خوێندنەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێت. ئەم حاڵەتەش بۆیە قوتابی وەڕس و بێزارناکات، چونکە ناوەڕۆکی بابەتەکان/وانەکان جۆراوجۆرن. هەروەها ئەم بەردەوامی و نەگۆڕییە لە جۆری ڕەوتی کارکردنەکەدا قوتابی لەسەر وەرگرتنی وانەکان ڕادەهێنێت و دەبێتە هاندەرێکیان لە فێربوونیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مامۆستایەی، کە بیەوێت جۆراوجۆری بکات یان گۆڕانکاریی بەسەردابهێنێت، دەرگەری کراوەی سنووردارێ لەبەردەمدایە.

ئەو دوانە لە دوو سەرچاوەی سەربەخۆدا بوونایە، بەڵام ئێمە لە یەک کتێبدا بەناوی "خوێندنی کوردی" دوە کۆمانکردوونەتەوە. لە دەقەکاندا، بەکارهێنانی خاڵبەندیی (دانانی خاڵ،کۆماوە، کورتە_هێڵی بەستنەوەو ...) گران نین بۆ منداڵ (چونکە دەیانبەستنەوە بە جۆرەکانی دەربڕینەوە) و بۆ ئۆرسۆگرافیش بەنرخ و گرنگن، بۆیە دەبێت ساکار ساکار بێتە بەرچاومان.

وەرگرتن و فێربوونی هێمای دەنگ (پیت بۆ دەنگ) تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر گشت ساڵی خوێندنەکەدا دابەشبووە و ئەرێنیەوە مامۆستا لە فشاری کات یان کەم_کاتی ڕزگارکراوە. چالاکییەکانیش لە چارەسەرکردنی ئەم فشاری کاتەدا یارمەتیدەرن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاشکرابێت، کە چالاکییەکان بە وەرگرتن و فێربوونی پیت کۆتایان نایێت. ئەمگار و ئاکاری وانەکان لەو چەشنەن، کە لە ڕەوت و بەڕێوەچوونی نوسینەوە بەرەو ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر بەرزکردنەوەی دڵنیابوون و خێراییان لە خوێندنەوەیانداو بەرەو حەزکردنیان بە خوێندنەوە ڕادەکێشێت. هەروەها چالاکییەکان بۆ زۆرترکردنی وشەکانی گەنجی وشەکانی هەر قوتابییەکە لەگەڵ بەکارهێنانی تەرزی جۆراوجۆر و فرەجۆری ڕستەدا. لەسەروو ئەوانەشەوە، بۆ وردبوونەوە و سەرنجدانە لە زمان و بۆ دروستنووسین (ڕێنووس) و بۆ کارکردنە لەسەر وشە، ڕستە و دەق.

## پێکهاتەو ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کوردی :

خوێندنی کوردی لە پۆلی یەکەمی بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیدا پێکدێت لە:

(أ) کتێبی خوێندنی کوردی، وەرزی یەکەم.

(ب) کتێبی خوێندنی کوردی وەرزی دووهەم.

ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کوردی پێکهاتووە لە:

- دووبارەکردنەوەی پەیوەندیی دەنگ و پیت لەگەڵ ناوەکانیان،
- وێنەکانی سەرەتا بۆ گفتوگۆکردن: من، تۆ، ئێمە،
- وشە و دەقەکان،
- ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر کێشانی هێڵ و شکاندنەوەکانیان.
- ڕاهێنان بۆ خوێندنەوەو پاشانیش بۆ نووسین،

(بەم جۆرە خوێندنەوە بەر لە نوسینە).

- بەشێکی چالاکییەکان بۆ ڕاهێنانە لەسەر زمان: کارکردن لەسەر وشە، ڕستەو دەق،
- کارتی وشەکان، کە بۆ نووسینی وشەکانی گەنجی وشەکانی قوتابین،
- کارتی یاریکردن بە پیتەکان/وشەکان بۆ دروستکردنی وشە/ڕستە.

لەڕێی وشەکلیلەوە (سمۆرە) قسە لەسەر بابەتی وانەکە دەکرێت. واتە سمۆرەکە دەکەوێتە قسەکردن و لەڕێییەوە یەکەم پەیوەندیی لەگەڵ دەنگە_هێماکەدا (پیتی دەنگەکە) دەبەسترێت.

دەبێت منداڵ خۆی بە وشەکلیلەکە (سمۆرەکە) ئاشنابێت و بیناسێت. سمۆرەکە پرسیار لە پیتی دەنگە نوێکە دەکات و وشە نوێکە دەخوێنێتەوە. ئەم شێوازە لە کارکردندا ئامانج و مەبەستی وانەی داهاتوو و ئەوانەی وانەکانی داهاتویش بۆ منداڵەکە ئاشکراو ئاسانتر دەکات (بڕوانە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وانەکان لە بەشی دووەمی ئەم کتێبی ڕێبەرەدا !).

## ١/١) کارکردن لەسەر بابەتەکە/وانەکە

لەرووی ڕێبازەوە، ڕەوتی خوێندنی وانەکان بەم جۆرەیە: دوو ڕێگا یان دوو ستراتیژیی فێربوون و فێرکردن: ڕێگەی پێکهێنان و ڕێگەی شیکردنەوە لە خوێندنەوەدا پێکەوەن و دەڕژێنە ناویەکەوە، بۆئەوەی جیاوازی لە ڕادەی پەیپێبردن و توانای قوتابیەکاندا ڕەچاوبکرێت. ئەو دوو ستراتیژییە نابێت لەبڕی یەکتریی بۆ پڕۆسەی فێربوون و فێرکردنەکە بەکاربهێنرێن، بەڵکو دەبێت لەگەڵ یەکتریدا بن.

نموونەیەک:

قوتابییەکان لە وێنەی وانەکە ورددەبنەوە، بابەتەکەی/چیرۆکەکەی دەناسنەوە، ناوی چشتەکانی دەهێنن (مرۆڤ، گیاندار، چشت و ... هتد.) و قسەی لەسەردەکەن. ئەوجا، مامۆستا بابەتەکە بۆ قوتابییەکان دەخوێنێتەوە. بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو وشەیەی، کە پیتە نوێکەی تێدایە، ئاماژە بە وشەکە دەدرێت و وشەی دیکە بەو پیتەوە دەهێنرێنەوە.

ئێستا دەکرێت بابەتێکی ڕێزمانی، کە لە دەقی وانەکەدایە، ڕاهێنانی لەسەربکرێت. با وەهای دابنێین، کە پاشگری نەناسیاریی(نیشانەی نەناسراوی[٣]) ئەو پیتەی تێدایە و ئەم ڕاهێنانەی لەسەردەکرێت:

من کۆترێک دەبینم.

من چۆلەکەیەک دەبینم.

من باڵندەیەک دەبینم.

### ١/١_١) خوێندنەوەی وێنە

وردبوونەوە لە وێنەی وانەکە بەبێدەنگی و پاشان دەربڕینی ئازاد لەسەر وێنەکە (قسەکردن لەسەری) و هێنانەناوەوەی ئەزموونی قوتابییەکان لەسەر وێنەکە بۆ ئەوەن لەلایەکەوە شەرمی منداڵ لە قسەکردن نەهێڵرێت و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕاهێنانی قوتابیانە لەسەرئەوەی، کە کاتێک قوتابیەک قسەدەکات، ئەوانی تر گوێبیلبێگرن.

دەشێت چالاکی دەمیی وەک ئەوەیش لەسەر ناوی وشەکە بهێنرێتەوە:

ناوی هەندێک لەوانە بڵێ، کە ژیانیان تێدایە (دەژین) !

مرۆڤ، گیاندار، ڕووەک ...

ناوی ئەو چشتانە بڵێ، کە دەتوانین بۆنیان بکەین !

گوڵ، گوڵاو، ...

---

[٣]- مۆرفیمی نەناسراوی ( ێک ، ەک ، ی )

## ١/١_٢) ئەگەرەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ دەقدا

خوێندنەوە وەك كارلەیەكتریكردنی چالاكی تاكەكەس و گرووپ دەبینرێت. تێگەیشتن لە دەق لەڕێی تاكەكەسەوە دەبێت و لێیەوە كەسەكە فێری كاركردن و دۆزینەوە (كەشفكردن) دەبێت. تێیدا، گەڕان بە دوای وشە ناسراوەكاندا، بە دوای وشە و پەرەگرافەكاندا لە تەواوی دەقەكەدا دەكرێت، بەتەنها لەلایەن قوتابییەكەوە یان دوودوو یان بە گرووپ ئەنجامبدرێت.

قوتابییەكان لە سەرەتادا بەبێدەنگی بابەتەكە دەخوێننەوە و وشەو پەرەگرافەكانی (لەڕووی واتاوە) دیاریدەكەن. ئەمانە ناوی قۆناغی "ئامادەكاری" یان لێنراوە. دەقێك ناخوێنرێتەوە، تاوەكو ئەم قۆناغی ئامادەكارییەی بۆنەكرابێت. واتە، ئێستا قوتابییەك بە دەنگی بەرز دەقەكە دەخوێنێتەوە.

ئامادەكاری بۆ دەقێك ترسی ئەو منداڵە لە هەڵەكردن ناهێڵێت، كە بەدەنگی بەرز دەخوێنێتەوە. ئەمەش دەبێتەهۆی چڕكردنەوەی هۆشیان لەسەر بابەتەكە و نەوعییەتی. گوێگرتنی ئەو قوتابییەش ئاسانتر دەبێت، كە گوێلێدەگرێت. بە بەجێهێنانی ئەم هەنگاوانە خوێندنەوە بۆ قوتابیان و گوێگرتنی قوتابیان بۆی دەبنە خۆشییەك بۆ هەمووان.

دوو منداڵ یان زۆرتر ئەو دەقە دەخوێننەوە، كە ئامادەیانكردووە. ئەم كارەش ئەگەری زۆر بۆ قوتابییەكان دەرەخسێنێت: قوتابییەكان بەشەكانی خوێندنەوە بەسەر خۆیاندا دابەشدەكەن و بابەتەكە/چیرۆكەكە ڕووندەكەنەوە.

## ١/١_٣) كاركردن لەسەر دەقی جۆراوجۆر

- دەقی وێژەوانی:

هەر دەقێكی وێژەوانی دەتوانرێت لەبەر ناوەرۆكەكەی یان ئەو بەسەرهاتەی، كە هەر قوتابییەك بەسەریدا هاتووە یان بەگوێرەی پۆلەكە جیاواز كاری لەسەربكرێت.

- مامۆستا یان خوێنەرێكی چاك دەتوانێت دەقێك بۆ كەسانی تر بخوێنێتەوەو بەدوایشیدا گفتوگۆ بێت. گفتوگۆكە پرسیاری وەك ئەمانە دەگرێتەخۆ: حەزت لەچیی كرد/لەچیی نەكرد؟ تۆ بوویت، چیی دەكەیت؟ ئایا لەگەڵ ئەوە دایت؟
- بۆچوونێك دەربارەی دەقەكە دادەنرێت، كە ناوەرۆكەكی دەردەبڕێت و لەگەڵ ناوەرۆكی خودی دەقەكەدا بەراورددەكرێت. ئێستا دەقەكە بەسەر چەند بەشێكیدا دابەشدەكرێت و بۆ خوێندنەوەیەكی تر ئامادەدەكرێت. ئێستا دەتوانرێت لەبەردەم دایكوباوكاندا نمایشبكرێت.
- مامۆستا یان خوێنەرێكی باش دەتوانێت دەقەكە بخوێنێتەوە بۆئەوەی حەزی قوتابییەكان ببزوێنێت و قوتابییەكانیش هانبدات. دوای ئەمەش گفتوگۆ لەسەر دەقەكە دەستپێدەكات. قوتابییەكان دەقەكە دەخوێننەوە. ئێستا گفتوگۆكان بە بەراوردكردنی ڕێگەچارەسەرە جۆراوجۆرەكان و مشتومڕ لەسەریان كۆتاییاندێت.
- هەروەها دەشتوانرێت لە ناونیشانی دەقەكەوە گفتوگۆكان دەستپێبكەن.
- دەقێك دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی قوتابییەكان لەسەر بەسەرهاتەكانی خۆیان قسەبكەن. بەمەش كەرەستەی خوێندنەوەی زیادە دێتە ناوەوە.
- نمایشكردنی هەندێك پارچەی دەقەكە ئەگەری خۆشی_بەخشین بە قوتابییەكان مسۆگەردەكات.
- خوێندنەوەی دەقەكە دەشێت جۆراوجۆر بێت. واتە بگۆڕدرێت.

- خوێندنەوەی بێدەنگ، خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، خوێندنەوەی دەقەکە بە دابەشکردنی پۆلەوە بەسەر قوتابییەکاندا، خوێندنەوە بە دەربڕینی جیاوازەوە (دەقێکی گونجاو بە پێکەنینەوە، بە گریانەوە، بە توڕەییەوە، بە هیلاکیی و ... هتد. هوە دەخوێنرێتەوە).

■ **دەقی هۆنراوە/شیعری:**

کارکردن لەسەر هۆنراوە: لەم قۆناغەدا هۆنراوەیەک وەک گشتێک وەردەگیردرێت، نەک بەیت بە بەیت. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە منداڵ بەردەوام کۆتایی بەیتێک بە سەرەتاکەیەوە دەبەستێتەوەو ئیتر نازانێت چۆن و تاچەند بەندە بەبەیتەکەی دوای ئەمەوە. کەواتە مامۆستا دەبێت هۆنراوەکە چەند جارێک بۆ قوتابییەکان بخوێنێتەوە، بە جۆرێک کە قوتابییەکان لەپێشدا لەگەڵیدا بیڵێنەوە و دوایش بیخوێننەوە.

لەکاتێکدا مامۆستا هۆنراوەکە دەخوێنێتەوە، کارتی بچووک بچووک بەوێنەوە لەسەر تەختەڕەشەکە هەڵدەواسێت. وێنەکان بەشەکانی هۆنراوەکە نیشاندەدەن. ئەم کارە یارمەتی قوتابیان دەدات ئاسان ئەو بەشانەیان بەبیردا بێتەوە. دەشێت قسەی خۆش/قسەی نەستەق لەسەر هەر وێنەیەک بگوترێت، بۆئەوەی وێنەکە/بەشەکە باشتر لەبیرگەی قوتابیدا بچەسپێت.

ئێستاش کاری بە گرووپ دەستپێدەکات. قوتابییەکان دوودوو بەیەکەوە کاردەکەن. خێرایی لەسەر توانای قوتابییەکان دەوستێت و لەگەڵیاندا دەگونجێنرێت.. هەر دوانەو بەیەکەوە هۆنراوەکە لەبەردەکەن و خۆشیان دەزانن کەی لەبەریانکردووە. هەر کە زانییان هۆنراوەکەیان لەبەرکردووە، ئاشکرایدەکەن و ئامادەدەبن بۆ گوتنەوەی. بەم جۆرە قوتابیان فێری هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خۆیان دەبن. فێری ئەوەش دەبن، بەرپرسیارێتی کارەکەیان بگرنە ئەستۆ.

ئەگەر قوتابییەکان خۆشی لە هۆنراوەکە ببینن، ئەگەری ئەوە دەبێت هۆنراوەکە بە ترپە و ئاوازەوە بڵێنەوە. مامۆستاش دەبێت لەم حاڵەتانەدا داهێنەر بێت، بۆ نموونە:

قوتابییەک بەیتێک دەخوێنێتەوە،

قوتابییەکی تر بەیتی دوای ئەم،

گشت پۆلەکە پێکەوە لە دوایانەوە بە دەنگی بەرز دەیڵێنەوە.

■ **دەقی بابەتی/چێشت:**

دەقی بابەتی دەبێت زانیاری_بەخشبێت. مرۆڤ کاتێکیش زانیاری دەستدەکەوێت، کە پرسیار و پرسیارکردنەکەی بزانێت و شارەزای سەرچاوەکانی زانیاری بێت. بۆیە دەبێت منداڵان پێش ئەوەی کار لەسەر دەقێک بکەن، بزانن کە:

- مرۆڤ نابێت شەرمبکات، ئەگەر چێشتێکی نەزانی (مامۆستا بۆ ئەم حاڵەتە نموونەیەکە، کە هەموو چێشتێک نازانێت)،
- مرۆڤ دەتوانێت لە وەڵامەکانەوە زانیاری زۆرتری دەستبکەوێت،
- مرۆڤ دەبێت وریا بێت لەکێیەوە وەڵامی ڕاست و دروستی دەستدەکەوێت (لە مامۆستاوە، لە قوتابییەوە، لە دایکوباوکەوە، لە کتێبەوە)،
- مرۆڤ، وەک ئەو کەسەی وەڵامدەداتەوە، بەرپرسیاریی لەسەرە، بۆیە لە حاڵەتی دڵنیانەبووندا وشە و دەربڕاوی وەک "وەهای بۆدەچم، وابزانم، پێدەچێت" بەکاردەهێنێت و ئەگەر وەڵامیشی لەلا نەبوو، ئەوا بە "نازانم" وەڵامدەداتەوە.

ئەمە کاری پەروەردە و پەروەردەیی زۆری لە پشتەوەیە.

ئێستایش با کارکردن لەسەر دەقەکە پێشکەشبکەین:

- دەمانەوێت چی بزانین؟ (کاری بە گرووپ، دوودوو).
- خوێندنەوەی دەقەکە.
- ئایا پرسیارەکان وەڵامیاندراوەتەوە؟
- ئۆخەی، هەندێک چشتی نوێمان وەرگرت.
- بە هەندێک چشتیشمان زانیی !

### ▪ دەق بۆ بەکارهێنان/بۆ نمایشکردن:

ئەم چەشنە دەقانە دەمانبەنە ناو هەندێک بابەتەوە و ئەدگار یان نیشانەی وەهایان هەیە، کە دەتوانرێن بکرێن بە ناوەرۆکی چالاکی وەک نمایشکردن. بۆئەوەی ئەم کارە جێبەجێبکرێت، دەبێت ئەم هەنگاوانەی کارکردنەکە رەچاوبکرێن:

- دەبێت چی بەدەستبخرێت؟
- پیاو بۆ ئەو مەبەستە چی پێویستە؟
- پاش خوێندنەوەی تەواو وردی دەقەکە، وشە و دەربڕاوە گرانەکان روونکرێنەوە.
- دەبێت هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێش بچین و بزانین هەنگاوەکان چۆن جێبەجێدەکەین.
- کێ دەبێت هەر یەک لەو هەنگاوانە بگرێتە ئەستۆ و جێبەجێیبکات؟
- جێبەجێکردن و بەجێهێنان.

# بەشی دووەم

## بەکارهێنانی لاپەڕەکانی کارکردن (چالاکی)

**بەشی چالاکی بە گشتی لەگەڵ بابەتەکانی سەرچاوە سەرەکییەکەدا گونجێنراون بەراتایەکی تر تەواوکەری ئەون. لێرەدا چەند ڕاهێنانێکی جۆراوجۆر هەن:**

- ڕاهێنان بۆ فێربوونی گرافیی (بەنووسین) و بیستەنی(بەبیستن).
- ڕاهێنان بۆ بەستنەوەی دەنگ و پیت بەیەکەوە (دانانی پیت بۆ دەنگ).
- ڕاهێنان بۆ تێگەیشتن لە ئەدگار و ئاکاری ڕەمزی پیت هێما و نووسین (پیت، هێما و نوسین ڕەمزن).
- ڕاهێنان بۆ پێشخستنی تەکنیکی خوێندنەوە.
- ڕاهێنان بۆ کۆنترۆڵکردنی تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و مەبەست.
- ڕاهێنان بۆ هەموو مەرداکانی گوتنەوەی زمانی دایک (قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، دروستنووسین (ڕێنووس)، دانان و داڕشتنی دەق و وردبوونەوە و تێفکرین لە زمان).

## ١/٢) کارکردن لەسەر هێما _ دەنگی نوێ (پیتی نوێ)



- **زانیاریی ئامانج:**

ئەگەری زۆر هەن و لەبەردەستدان:

مەتەڵی وێنە (وێنەمەتەڵ): ناوهێنانی هەر یەک لە وێنە کێشراوەکان:

وێنەی ئاوێنە، وێنەی ئاگر، وێنەی ئاو،

ناوی هەر یەک لەو وێنانە بە دەنگێك دەستپێدەکات. کێ دەیدۆزێتەوە؟ کام دەنگەیە؟

- ناوی قوتابییەکان لەسەر تەختەڕەشەکە دەنوسرێت:

ئەکرەم، ئارەزوو، ئازیین،

دۆزینەوەی هاوبەشیەکانیان،

- بانگکردنی ئەو قوتابیانەی، ناوەکانیان بەو دەنگە دەستپێدەکات بە دەنگی بەرز.

- **بەدەستهێنانی دەنگ:**

- کێی تر ئەو دەنگە لە ناوەکەیدا هەیە؟
- کێ ناوی کەسێك/چشتێك دەزانێت، کە ئەو دەنگەی تێدایە؟
- کێ دەتوانی ناوی کەسێك/چشتێك بڵێت، کە ئەو دەنگەی تێدایە؟
- کێ دەتوانێت چشتێك بنوێنێت، کە بەوە دەستپێدەکات (مامۆستا لەپێشدا نمایشێك دەکات): ئۆف ! ئاخ ! ئاوەها !
- دەتوانیت چی لە "ئا..." دروستبکەیت؟

- **گوتنەوەو فێربوونی دەنگ:**

- بە ئاگاو بە وردیەکی تەواوەوە دەنگەکە دروستبکە، ئاوێنە بەکاربهێنە!
- ناوێك یان ناوی خۆت بەدەنگە نوێکەوە دەربڕە !
- گۆرانییەك بە دەنگە نوێکەوە بڵێ !

- دیاریکردنی شوێنی دەنگە نوێکە (لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا):

- بە وێنەمەتەڵ
- بە هێنانەوەی چەند وشەیەک بە هەمان دەنگەوە لەو سێ شوێنەدا.

- بەدەستهێنانی بیچم/شێوە:

- پێشکەشکردنی شێوەی پیتە نوێکە،
- دۆزینەوەی پیتە نوێکە لە (کارتی) وشەدا، لە ناوی قوتابییەکاندا،
- لە ناو وشەکاندا، تەنها ئەو پیتانە ڕەنگبکە، کە پیتە نوێکەن.

## ٢/٢) ڕاهێنانی گرافیک

ڕاهێنانی گرافیی دەبێتە هاندەر بۆ ورووژاندنی حەزیان لە نووسین و مۆتۆری مێشکیان لەسەر ئاڕاستەی جووڵاندنەکان ڕادەهێنێت. بۆئەوەی ئەم مەرجە بێتە دییێ، پێویستە هەر گوتنەوەیەکی/وانەیەکی نووسین ئەم گیمناستیکی، نوسیینەی لەگەڵدا بێت. ڕاهێنانەکان لەناو پۆلداو لە دەرەوە لە هەوای ئازاددا دەکرێت.

- ئەگەرەکانی بەجێهێنان:

- ڕاهێنانی دانان و بەهێزکردنی ماسولکەکانی شان، قۆڵ و پەنجەکان: بە مۆسیقا یان بە گۆرانییەوە جوڵاندنی پەنجەکان و ئەو ئەندامانە لە بادا یان سەماکردن بە لاستیکی خەتکوژاندنەوە بە تەوژمەوە و بە فراوانی بەسەر کاغەزی دەفتەردا،
- دەتوانرێت ئەو ڕاهێنانەی ماسولکەکانی پەنجە لەسەر مێز، لەسەر تەختەڕەش و لەناو لمدا. لەسەر کاغەزی ڕۆژنامە بکرێت. دەشێت قوتابییەك کاغەزەکە بگرێت و قوتابییەکی تریش لەسەری بنوسێت، واتە پەنجەکانی بجوڵێنێت.

- ڕاهێنانی تر بۆ کارکردن لەسەر پیتەکە:

- دروستکردنی شێوەکانی پیتە نوێکە لەقوڕی دەستکرد (سەناعی)،
- نوسینی هەر شێوەیەکی پیتە نوێکە لەسەر کارتێکی بچووک،
- لکاندنی ئەو کارتانە بە دەفتەرەوە.

## ٣/٢) ڕاهێنان لەسەر تەکنیکی خوێندنەوە

ئەم بەشەی ڕاهێنانەکان ڕاهێنانی "تەکنیکی خوێندنەوە"ی فرەچەشنی تێدایە، کە جیاکردنەوەی بیستەنی و بینەری جومگەکانی وشە و ڕستە، بەستنەوەی دەنگ و پیت بەیەکەوەیە، خەزنکردنی وشەو گروپە پیت لەگەڵ بنیاتنانی پێکەوە _ خوێندنەوە پێشدەخەن:

- ڕاهێنانی لەپڕ و لەناکاو: ئێرە، ئێرە، ئارە، ئۆرە، نورە،
- بنیاتنانی وشەو ڕستە لەسەرەوە بۆ خوارەوە

---

٤- جولەی دەست

| | |
|---|---|
| ب | بازرگان |
| با | بازرگا |
| باز | بازرگ |
| بازر | بازر |
| بازرگ | باز |
| بازرگا | با |
| بازرگان | ب |

ئەمڕۆ

ئەمڕۆ هاوڕێکانم

ئەمڕۆ هاوڕێکانم سەردان

ئەمڕۆ هاوڕێکانم سەردانیان

ئەمڕۆ هاوڕێکانم سەردانیان کردم.

– دەربڕینی بڕگەییەکان (ڤاوڵ)

| | |
|---|---|
| | ا |
| | ە |
| | و |
| خ | ۆ |
| | ی |
| | ێ |
| | وێ |

وشەدروستکردن لە وشەی بێ_واتا:

| | |
|---|---|
| | ێگە |
| | ێواس |
| ڕ | او |
| | ۆن |
| | ان |

- ڕاهێنان لەسەر گرووپە پیت: چەند "رد" یان "یسک" دەدۆزیتەوە ؟

کورد ورد مەرد هەرد دەرد بەرد زەرد

نیسک گیسک تیسک

- زەڵاتەی پیت: لە پیتە تێکەڵاوەکان وشە دروستبکە !

د، ی، ە، ا

ک، ا، ب، و

ا، م، ۆ، م، ت، ت، س،

## ٤/٢) كاركردن بە كارتی وشەكان

كارتە بچوكەكانی وشە ئەو وشانەیان لەسەرە، كە بۆ كاركردن لەسەر بابەتی وانەكە ئامادەن و بۆ وەرگرتنی پیتی نوێكە بەكاردەهێنرێن. ئەم كارتانە بۆ دروستنوسینن و گەنجێك لە وشە بۆ قوتابییەكان دروستدەكەن. بۆ ئەم بو مەبەستە، دەتوانرێن لەگەڵ توانا و ئاستی پۆلەكاندا یان لەگەڵ ئەوانەی یەكەیەكەی قوتابییەكاندا بگونجێنرێن

- **كاركردن:**

- پڕینی هەر وشەیەك لە كارتی وشەكاندا،
- خوێندنەوەی وشەكە.
- پیتەكانی وشەكان دەبڕدرێنەوە و لەسەر هێڵێكی باریك ڕیزدەكرێن،
- تێكەڵكردنی پیتەكان و ڕێكخستنەوەیان.
- خوێندنەوەی پیتە ڕێكخراوەكان،
- بەراوردكردنی هەر ڕێكخراوێك، كە وشەیەكە، لەگەڵ ئەوانەی ناو وانەكەی سەرچاوە سەرەكیەكە. ئەم هەنگاوەیان بریتییە لە كۆنترۆڵكردنی خودی قوتابی لەلایەن خۆیەوە.

- **ڕاهێنانی تەواوكەر و پێشكەوتوو تر:**

هەر ڕێكخراوێك، كە وشەیەكە، بە كارتێكی بچووكەوە لكێنراوە. ئەو كارتە بچوكانەی هەر وانەیەك/بابەتێك لە قوتویەكدا هەڵدەگیرێن و دەپارێزرێن. ئەو وشانە وردەوردە گەنجی وشەكانی قوتابییەكان دروستدەكەن. قوتابییەكان دەتوانن بەم گەنجی وشەیەی لەسەرخۆ زۆرتر و زۆرتر دەبێت، دەتوانن ڕاهێنانی خۆیان بكەن:

- گەڕان بەدوای ئەو وشانەدا، كە یەك سەروایان هەیە و دۆزینەوەیان،
- گەڕان بە دوای وشە دژواتاكاندا و دۆزینەوەیان،
- جیاكردنەوە و كۆكردنەوەی وشەكان بەپێی هەندێك بنەما: ئەوانەی وشەی خێزانن، ئەوانەی وشەی میوەن و ... هتد.،
- هەموو ئەو وشانە دەربهێنن، كە بە پیتێكی دیاریكراو دەستپێدەكەن،
- دروستكردنی ڕستە یان ڕستەی نوێ لە وشەكان،
- داواكردن لە هاوڕێیەك، وشەیەكی دیاریكراوی لەناو وشەكاندا بۆ دەربهێنێت.

## ٥/٢) كاركردن لەسەر لاپەڕەی خۆ

لەسەر هەندێك لاپەڕە وێنەی سادە یان وێنەی كورتە چیرۆك هەیە و هەر قوتابییەك قسە لەسەر لاپەڕەكەی خۆی دەكات و بەیارمەتی دایكوباوكیان دەقی كورتیان لەسەر دەنووسێت. لەسەرەتادا، دەقەكان بەناوی خودی قوتابییەكە و هەندێك لەو وشانە دەستپێكەن، كە خوێندنەوەیەتی یان دەیانزانێت. ڕستەكانی كەمن، كورتن و بۆ خۆشیلێبینن. پاشان وێنەی خوشك وبرا و دایك و باوكی قوتابی لەسەر لاپەڕەكە دەبن و دەقی كورت كورتیان لەسەر دەنوسرێت. لاپەڕەكان دەلكێنرێن بە لاپەڕەكانی پەراوێكەوە، كە بۆ پۆلەكانی (١_٣) بازنەی یەكەم تەرخاندەكرێت. هەمان پرۆژە بۆ پۆلەكانی بازنەی دووەهەم و سێهەمیش بەردەوام دەبێت و وەك سەرچاوەیەكی بیرەوەری بۆ قوتابیەكە دەمێننەوە.

## ٦/٢) کارکردن لەسەر یاری تۆڕی خوێندنەوە

ئەم یارییە لە چەند کارتێکی بچووک دروستبووە، کە پیت یان وشەیان لەسەرە. لە کارتی پیتەکان وشەکان دروستدەکرێنەوە و وشەی نوێشیان لێدروستدەکرێت. هەروەها وشەکانیش لە وشە خوێندراوەکان و لە وشەی نوێن، بەڵام لەو چەشنەشن، کە بە زیادکردنی پیت و لابردنی پیت لێیان وشەی نوێ دێنە ئاراوە. دەتوانرێت لە وشەکان ڕستە دروستبکرێن و ڕستەکانیش بگۆڕدرێن.

## ٧/٢) لەگەرمەکانی لەیەکجیاکردنەوە

مەبەست لێرەدا مامەڵەکردنی جیاوازە لەگەڵ قوتابییەکاندا بەگوێرەی توانایان:

- مامۆستاو قوتابیی بەتوانا دەقەکە دەخوێننەوە و قوتابییە لاوازەکانیش دەگەڕێن بەدوای پیت، وشە و ڕستە گرانەکاندا.
- ڕاهێنانی پێکەنیناوی زیادە بۆ خۆشیلێبینین بە قوتابییە لاوازەکان دەدرێت.
- مامۆستا کات زۆرتر بە لاوازەکان دەدات و زۆرتر خۆی لەگەڵیاندا ماندوودەکات.
- تەنها قوتابییە بەتوانا و بەهێزەکان کار لەسەر دەق و ڕاهێنانی گران دەکەن.
- وشە و بەشە_دەق، کە پیتی نوێیان تێدایە، لەلایەن مامۆستا یان قوتابیە بەتواناکانەوە دەخوێندرێنەوە.
- قوتابییە بەهێز و بەتواناکان خۆیان ڕاهێنانەکان لە پەڕاودا تەواودەکەن، بەڵام قوتابییە لاوازەکان لەبەر کتێبەکە دەیاننووسنەوە.

▪ پێشنیاز بۆ جیاکردنەوەی قوتابییەکان:

(أ) بەهێز و بەتواناکان،

(ب) مامناوەندیەکان،

(پ) لاوازەکان.

## ٨/٢) داڕشتنی دەق

لەڕووی پەروەردەییەوە داڕشتنی دەق خۆی ئامانجەکە نییە، بەڵکو هۆ و ڕێگەیەکە بۆ فراوانکردنی توانستی زمانی و کردەی پەیوەندی و لەیەکگەیشتن. هەروەها بەشداریەکی گرنگیشە لە داڕشتنی کەسێتیی قوتابییدا.
خاڵی دەرچوون بۆ داڕشتنی دەق ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەن، کە بەسەر منداڵەکە خۆیدا هاتوون. هۆو هۆکاریش بۆ ئەمە زۆرن:

- بەسەرهاتەکە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە حەزبکات بۆ کەسانی نزیکی بگێڕێتەوە، واتە هۆکارێکە بۆ گێڕانەوە.
- لەڕێی بەسەرهاتەکەوە، منداڵەکە دەبێتە خاوەنی ناوەرۆکێك، کە دەتوانێت پێمانبیدات، ئەگەر ناو پۆلەکەی پێخۆش بوو لەناو پۆلەکەدا (ئاسوودە بوو).
- داڕشتنی ناوەرۆکی تایبەت بە کەسێتی خودی قوتابی، منداڵ بەرەو سەربەخۆیی دەبات و خۆشترە وەك لە کارکردن لەسەر دەقی کەسانی تر یان نامۆ.

داڕشتنی دەق لە هەفتەکانی سەرەتاوە دەستپێدەکات، بە قسەکردن دەستپێدەکات، کە بەیانیان کۆدەبنەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا، قوتابی بەسەرهاتەکانی، کە لە دەرەوەی قوتابخانەدا بەسەریدا هاتوون، بۆ قوتابیان و مامۆستا دەگێڕێتەوە. مامۆستا زۆر بە وریاییەوە گێڕانەوەکە بەڕێوەدەبات، بە جۆرێك کە منداڵەکە بتوانێت لە گێڕانەوەکەیدا بەشەکانی جیابکاتەوە، بە هەست و چێژبینینەوە بیرەکانی دەربڕێت.
نموونەیەك بۆ ئەم گێڕانەوەیە:

منداڵی ١: من دوێنێ کۆلارەم هەڵدا. کۆلارەکەم زۆر بەرزبووەوە.

منداڵی٢: منیش کۆلارەم هەڵدا.

منداڵی ١: کۆلارەکەی تۆش زۆر بەرزبووەوە؟

منداڵی ٢: نا، کەوتەخوارەوە !

ئەم چیرۆکە کورتە بناغە و خاڵی دەرچوونێك هەم بۆ کارکردن لەسەر دەق و هەم بۆ پەروەردەکردن لەسەر قسەکردن دروستدەکات. پێویستە مامۆستا ئەم دەمەتەقێیانە یان قسەکردنانە بنووسێتەوە و لە پەراوێکدا هەڵیانبگرێت و بیانپارێزێت و پاش چەند ڕۆژێك/هەفتەیەك لە وانەیەکدا بۆ وەبیرهێنانەوەی قوتابییەکان چیرۆکەکانی خۆیانیان بۆ بخوێنێتەوە.

لەم ڕێیەوە ناوەڕۆکی گرنگ بۆ گێڕانەوە لە مێشکی منداڵەکاندا دەچەسپێنێت. منداڵان فێری یەکەم دارشتن و پاراستنی ناوەڕۆك دەبن: لە سەرەتادا لەڕێی وێنە و هێڵکارییەوە، پاشان لەڕێی هێماکانی/وشەکانی زمانەوە و دواتریش لەڕێی نوسینەوە. لە کۆتایی ساڵدا بەسەرهاتەکان گەورەتر و سەرنجراکێشتر دەبن، واتە دارشتن لە گەشەکردندا دەبێت.

| ئەلفوبێی زمانی کوردی | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | دەنگ - پیت | ناوی پیت | ژ | دەنگ - پیت | ناوی پیت | ژ | دەنگ - پیت | ناوی پیت | ژ | دەنگ - پیت | ناوی پیت |
| ١ | ب | بێ | ١١ | ز | زێ | ٢٣ | ڵ | ڵێ | ٣٢ | i̲ | بزرۆکە |
| ٢ | پ | پێ | ١٢ | ژ | ژێ | ٢٤ | م | مێ | ٣٣ | ئ° | ئە |
| ٣ | ت | تێ | ١٣ | س | سێ | ٢٥ | ن | نێ | ٣٤ | ا | بزوێنی درێژ |
| ٤ | ج | جێ | ١٤ | ش | شێ | ٢٦ | و | ئو | ٣٥ | ە | بزوێنی کورت |
| ٥ | چ | چێ | ١٥ | ع | عێ | ٢٧ | وو | ئوی درێژ | | | |
| ٦ | ح | حێ | ١٦ | غ | غێ | ٢٨ | ۆ | ئۆ | | | |
| ٧ | خ | خێ | ١٧ | ف | فێ | ٢٩ | ه | هێ | | | |
| ٨ | د | دێ | ١٨ | ڤ | ڤێ | ٣٠ | ی | یی | | | |
| ٩ | ر | رێ | ١٩ | ق | قێ | ٣١ | ێ | یێ | | | |
| ١٠ | ڕ | ڕێ | ٢٠ | ك | كێ | | | | | | |
| | | | ٢١ | گ | گێ | | | | | | |
| | | | ٢٢ | ل | لێ | | | | | | |

٥- (٣٢ / ٣٤ / ٣٥) بە تەنیا کۆناکرێن

# بەشی سێیەم

## گوتنەوەی نموونەیی وانەکان

### وانـــەی (١)

**زەرد**

**ئامانجی گشتی** : ناسینی دەنگ وهێمای (شێوەی دەنگ) پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی و خوێندنەوەیان.

**ئامانجی تایبەتی** : ناسینی دەنگ و هێمای پیتی (د) لە وشەی (زەرد) دا. لاپەڕە (١٦)

**هۆیەکانی ڕوونکردنەوە:** ١. پۆستەری وێنەی سەرەکی بابەت

٢. کارتی وێنە و وشەکان و کارتی جیاکردنەوە

| زەرد | زەر د | د |
|---|---|---|

٣.تەختەی گیرفانـاوی ، پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ ، سیدی بابەتەکان

## ١/٣) هەنگاوەکانی وتنەوەی پیتی(د)

**بە ڕێگای ببینە و بڵێ:**

**١. هەنگاوی یەکەم :**



مامۆستا وێنەی سەرەکی بابەت دیاری دەکات، کە پیتی (د) ی تێدا بێت بکەوێتە کۆتایی وشەکەوە[٦]، وەکو لە وشەی (زەرد)، پیشاندانی وێنەی (زەرد) لەسەر کارتۆن بە (گەورەیی)، هەڵواسینی وێنەکە لە سەر تەختەکە بە پەیڕەوکردنی گفتوگۆ، زانیاری تەواو لە ناساندن و بوونی ڕەنگی (زەرد) لەم چشتانەی دەوروبەری قوتابی کە لێی نزیک بێت و پێی ئاشنا بێت و نامۆ نەبێت، سادە و ساکار و سەرنج ڕاکێش بێت. پێویستە مامۆستا هونەرمەند بێت لە بەڕێوەبردنی پۆلەکەی خۆی تەوەر نەبێت هەمیشە پرسیاری واڵا ئاڕاستەی گشت قوتابییەکان بکات، وەلام لەیەک قوتابی وەرنەگرێت، خۆی دوور بگرێت لە پرسیاری داخراو(پرسیاری واڵا ئەو پرسیارەیە، کە قوتابیان بهەژێنێت بۆ گفتوگۆو قسە کردن کەمەبەستی سەرەکی ئێمەیە، پرسیاری داخراو ئەو پرسیارەیە کە وەلامەکەی بە بەڵێ یا نەخێر دەدرێتەوە[٧])، دەتوانێت پرسیار بکات دەربارەی ئەو چشتانەی کە ڕەنگیان زەردە، وەکو : کاڵەک (گندۆر) ، زەردێنەی هێلکە ، لیمۆ، جوجەڵە ، هەتاو ..... لەبەر ئەوەی قوتابی فێری زمانی دایک دەکرێت، کەواتە لە ئاخافتن کێشەی نییە هەرخۆی کۆمەڵێك زانیاری پێیە و وێنەکان دەناسێتەوە، دەربارەیان دەدوێت.

**٢. هەنگاوی دووەم :**

**ناساندنی دەنگ**



- مامۆستا چوار وێنە پیشانی قوتابیان دەدات، کە سێیان دەنگی مەبەستی تێدایە کە دەنگی / د/ [٨] ە بەلام یەکێکیان دەنگی /د/ی تێدا نییە.

وشەی (زەرد، پەردە، پەنجەرە، دەرگا) بە ئارامی دەڵێتەوە، تاکو گوێیان بە دەنگەکان ئاشنا بێت و بزانن کام وشە دەنگی /د/ ی تێدایە و کام وشە تێیدا نییە، مامۆستا ئاماژە بۆ وێنەی یەکەم دەکات و دەپرسێت، ئەمە چ

---

٦- دەنگ لە سەرەتای وشە تێکەڵاو دەنگی دواتر دەبێت. بۆ ئەوەی قوتابی دەنگەکە بە شێوەیەکی دروست گۆ بکات، کار لەسەر دەنگی کۆتایی وشە دەکەین.

٧- پرسیاری واڵا بە ( چۆن ، چی ... ) دەست پێدەکەن.

٨- /د/ هێمای دەنگە.

ڕەنگیکە؟ ، قوتابی وەڵام دەداتەوە، هەرچی زانیاریەکی لە لایە لە ڕێگای پرسیار و وەڵامەوە دەیدات بە قوتابیان و لە قوتابیانی وەردەگرێت. وێنەی دووەم وێنەی (پەردە)یە، چیکرا بۆ وێنەی یەکەم ،هەمان چالاکی لە دووهەمداو، لەسەر وێنەی سێ یەم و چوارەمیش هەمان ڕێچکە دەگرێت. مامۆستای بەرێز لەبەر ئەوەی قوتابی پیتەکان ناناسێت لە ڕێگەی وێنەکان وشەکان دەڵێت.

- مامۆستا دەگەڕێتەوە سەر وێنەی یەکەم کە ڕەنگی (زەرد)ە چەند جارێك بە قوتابیان دووبارەی دەکاتەوە دەڵێت هەست بە بوونی دەنگی /د/ دەکەن لە ناوی وێنەکەدا، ئەگەر وەڵامی قوتابیان، بەڵێ بوو، مامۆستا بە قوتابیان دەڵێت، بازنەی ژێر وێنەی زەردەکە بە ئارەزووی خۆتان ڕەنگ بکەن.

پاش ئەوە دێتە سەر وێنەی دووەم کە وێنەی (پەردە)یە هەمان چالاکییەکان بۆ وێنەکە، بۆ دەربڕینی / د/ کەلە وێنەی یەکەمدا ئەنجامی داوە لە وێنەی دووەمدا ئەنجامی دەدات، جا ئەگەر قوتابییەکان هەستیان بە دەنگی / د/ کرد لە ناوی وێنەکەدا، مامۆستا بۆ ئەمەش دەڵێت کەواتە بازنەی ژێر وێنەکە بە ئارەزووی خۆت ڕەنگ بکە.

- بۆ وێنەی سێیەمیش مامۆستا دەست دەکات بە پرسیار کردن لە سەر وێنەکە چی زانیاریشی لەسەر وشەی (پەنجەرە)، لە ڕێگای پرسیار و وەڵام و گفتوگۆوە دەیداتە قوتابییان، پاشان دەپرسێت پەنجەرە دەنگی / د/ ی تێدایە، لێرەدا قوتابیان بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە مامۆستا دەڵێت لەبەر ئەوەی گوێمان لە دەنگی / د/ نەبوو کەواتە بازنەی ژێر وێنەکە ڕەنگ ناکەین.
- وێنەی چوارەم وێنەی (دەرگا )یە، هەمان ڕێچکەی وێنەی یەکەم و دووەم دەگرێت ،کە دەنگی / د/ لە وشەی (دەرگا)یە ،بازنەی ژێر وێنەکە ڕەنگ دەکات.

## هەنگاوی سێیەم جیاکردنەوە ( ڕوتەڵکردن / التجرید ):

### فێربوونی دەنگ و ناساندنی فۆرمی دەنگ[9]

مامۆستا وشەی (زەرد) لەسەر کارتێك دەنووسێت، دواتر (زەر) بەجیا و (د) بەجیا، مامۆستا: ئەمە وشەی (زەرد)ە ، لە چەند قوتابییەك دەپرسێت ئەمەش چییە؟ قوتابیان دەڵێن (زەرد) ئەمە تەنها بۆ ڕاهاتنە بە بچمی وشە، واتە پیتەکان نازانێت ئەم پرسیار و وەڵامە ئەنجام دەدات، پاشان وردە وردە دەنگی /د/ لە (زەر) دوور دەخاتەوە.

زەرد زەر د

لەگەڵ دوورخستنەوەکەدا ،وشەی (زەرد) و(زەر) و پاشان درێژکردنەوەی پیتی (د) بۆ دەکات، چەند جارێك ئەم چالاکییە ئەنجام دەدات تا تەواو قوتابی فێری گۆکردنی دەنگەکە دەبێت، پاش ئەوەی قوتابی تەواو فێری گۆکردنی دەنگەکە دەبێت، هەوڵدەدەین بە چەند هەنگاوێك شێوە (فۆرم)، هێمای دەنگەکە بە قوتابی بناسێنین. تا قوتابیان بە تەواوەتی دەنگی پیتەکە فێردەبن شێوەکەی دەناسن، پاشان مامۆستا کارتەکەی کە پیتی (د)ی لەسەرە دەگرێت بەدەستەوە و پیشانی قوتابیانی دەدات دەڵێت ئەمەنوسراوە (د) چەند جارێك ئەمەیان بۆ دووبارە دەکاتەوە، پێویستە مامۆستا زۆر ئاگاداری ئەوە بێت، کە قوتابی ناوی پیت نازانێت بۆیە تەنها دەنگەکەی بۆ دەردەبڕێت.[10]

مامۆستا لە گەڵ پیشاندانی وێنەی ڕەنگی (زەرد) دا ، ناوەکەشی دەڵێتەوە. وشەی (زەرد) لەسەر تەختە دەنووسێت، مامۆستا چەند جارێك وشەی زەرد دەخوێنێتەوە ،ئاماژەی بۆ دەکات، وشەی زەرد بە خاوی دەخوێنێتەوە جار لە دوای جار: ( زەرد ، زەرد ، زەر د ...... )

مامۆستا هەوڵدەدات وشەی (زەرد) بە دوو جار گۆ بکات، بە مەرجێك دەنگی پیتی (د) بە تەنیا گۆبکات و بە دوای بەشی (زەر ...) بلێ/ د/

---

٩- لە ناساندن قوتابی بە تەواوی فێری پیت نابێت، تەنها فۆرمی دەنگەکە دەناسێت.

١٠- بڕوانە لاپەڕە ( ١٩)

دووباره بکاتەوە :

زەرد ، زەر د ، زەر د

ئاماژە دەکات بۆ ئەو بەشەی دەیخوێنێتەوە:

زەر د

١ ٢

دوا جار جەخت تەنیا لەسەر پیتی (د) دەکاتەوە ئاماژەکە دەخاتە سەری و دەڵێت:

ئەم دەنگە – بە ئاماژە لە سەر پیتی (د) گۆبکەن / مامۆستا و قوتابیان پێکەوە(د ، د، د) واتە لەم هەنگاوە مامۆستا دەنگ و هەردوو شێوەی دەنگ بە قوتابی دەناسێنێت .

**هەنگاوی چوارەم؛**

**ناسینەوەی فۆرمی دەنگ**




لەم هەنگاوە دەبێت بزانین قوتابی کە وێنەکە دەخوێنێتەوە هەست بە دەنگ دەکات و هەردوو شێوەی دەنگەکە لە ناو وشەکان دەناسێتەوە.

• مامۆستا لە قوتابیان دەخوازێت ناوی وێنەکان بڵێن و ئاماژە دەخاتە سەر وێنەکان و لە سەریان دەوەستێت تاکو گوێی لە دەنگی قوتابیان دەبێت کە دەڵێن : ( زەرد ، پەردە ، پەنجەرە ، دەرگا )

• مامۆستا ئاماژە بۆ وێنەی یەکەم دەکات، لە قوتابیان دەپرسێت ئەم ڕەنگە چییە؟ قوتابیان وەڵام دەدەنەوە دەڵێن (زەرد) مامۆستا ئاماژە بۆ وشەی ژێر وێنەکە دەکات و دەڵێت ئەمە نوسراوە (زەرد) ، چەند جارێك وشەکە دەخوێنێتەوە و ئاماژەی بۆ دەکات ، پیشانی قوتابیانی دەدات ، بە قوتابیان دەڵێت ئەم پیتی ( د ) تێدایە ، قوتابیان دەڵێن ، بەڵێ ، مامۆستا دەڵێت کەواتە ئەو وشەیە دەور بدەن ، هەمان ڕێچکە دەگرێتە بەر بۆ وشەکانی ( پەردە ، دەرگا ) بەڵام وشەی (پەنجەرە ) وەك خۆی دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی پیتی ( د ) ی تێدا نییە.

**هەنگاوی پێنجەم**

زەرد – دەم – پەردە – کیسەڵ

**دۆزینەوەی فۆرمی دەنگ (پیت)،**

• (د) بخە ناو چەماوەیەك، لەم هەنگاوە دا جەخت لە سەر ناسین و چەسپاندنی (دەنگ و شێوە)ی دەنگی (د) دەکرێتەوە کە لەم وشانە دایە: ( زەرد دەم پەردە ) قوتابی تەنها پیتی (د) دەدۆزێتەوەو دەیخاتە ناو چەماوەیەك، بەڵام وشەی (کیسەڵ) وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئینجا لەسەر تەختە دەنووسێت و بە قوتابیان دەڵێت سەیری جوولەی دەستم بکەن چۆن دەنووسم.

**٦. هەنگاوی شەشەم**

د د د

**گۆکردن:**

• دەڵێم، لەم هەنگاوەدا پیتی (د) بە تەنیا نوسراوە : ( د د د ) قوتابی تەنیا گۆیان دەکات بەبێ زیاد کردنی هیچ دەنگێك لە پێش یان لە دوای دەنگەکە[11]، دووبارە مامۆستا بۆی روون دەکاتەوە، کە / د/ دەگوترێت دەنگە و کە دەنوسرێت پیتە مامۆستا لەسەر تەختە پیتەکە دەنووسێت.

مامۆستای بەڕێز ئەم هەنگاوانە بۆ گشت پیتەکان جێبەجێدەکرێن، ڕەنگە لە سەرەتادا لای منداڵ قورس بێت، بەڵام لەگەڵ زۆر دووبارە بوونەوەی منداڵ دەنگ و پیت فێر دەبێت و لێکیان جیادەکاتەوە.

[11] - تکایە مامۆستای بەڕێز لە گۆکردنی دەنگ ئاگاداربە ناوی پیتەکە مەڵێ.

## ٢/٣) گوتنەوەی نموونەیی چالاکییەکان

**چالاکییەکان:**

**چالاکی (١): تۆخبکەوە ، بخوێنەوە ، بنووسەوە. (لێرەدا کرداری فێربوون دەست پێدەکات)**

ئەم چالاکییە بۆ ڕاهێنانی دەست و پەنجە و چاوی منداڵ لە سەر شێوەی (ئێسکی) پیتەکە لە وشە و بەتەنیا ..... کە جێگەی دەفتەری ئەرکی ماڵەوەی گرتۆتەوە و منداڵ لە بێزاربوون لە نووسینەوە ڕزگار دەکات، چونکە زۆر نووسینەوەی بابەتەکان لەگەڵ ئەوەی سوودی هەیە، بەڵام منداڵیش وەڕزدەکات و توانای بەردەوامبوونی کەم دەکاتەوە.

لە ڕیزی یەکەم چوار جار وشەی( زەرد) بە خاڵ نوسراوە، پیتەکانی (زەرد) توخ کراوە پێویستە مامۆستا فێریان بکات چۆن پیتی (د) تۆخ بکەنەوە، لە کوێوە دەستپێدەکات و لە کوێ کۆتایی پێدێنێت.

لە ڕیزی دووەم پێنج جار پیتی (د) بەخاڵ نووسراوە. قوتابی تۆخیان دەکاتەوە، پێویستە مامۆستا سەرپەرشتی قوتابیان بکات، یەکە یەکە سەیری دەستیان بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە دروست نوسینیان و هەڵەکانیان ڕاست بکاتەوە، ڕێنمایان بکات پاکوخاوێنی پەڕەکان بپارێزن.

ئەم چالاکییە بە درێژایی هەموو کتێبەکە هەیە، لە هەر پیتێکی نوێدا یەکەم ڕاهێنان و چالاکییە، وردە وردە قوتابی دەگاتە نووسینی بڕگە ، وشە ، دەستەواژە و ڕستە.......

**چالاکی (٢) : ڕەنگەکانیان ببینە و بڵێ.**

مامۆستا و قوتابی دەکەونە پرسیار و وەڵام دەربارەی ڕەنگی ئەم دەبدەبانە(میزڵان) ، قوتابی سەیر دەکات و پاشان ناوی ڕەنگەکە دەبێژێ، لەم چالاکییە یارمەتی ئەو منداڵانە دەدەین، کە ڕەنگەکان لێك جیاناکەنەوە. هەمان مەبەستیش لە چالاکییەکانی (تۆخبکەوە ، ڕەنگ بکە) دەپێکێت لە لایەك ڕاهێنانە بۆ دەست و پەنجەی قوتابییەکەیە، کە بتوانێت وێنەی بە خاڵ دروستکراوەکان بە قەڵەمەکەی ( تۆخ بکاتەوە) و پاشان ڕەنگیان بکات، ئەم جۆرە چالاکییانە بۆ خۆشەویستی ڕەنگەکانە و مەبەست ڕاکێشانی منداڵە بۆ جیهانی ڕەنگ و وێنە، کە زاخاوی مێشکی دەداتەوە.

**چالاکی (٣) : (د) بدۆزەوە ، نیشانەی بکە .**

مامۆستا لە قوتابیان داوادەکات پیتی (د) بدۆزنەوە و نیشانەی بکەن، دەکرێ دەوری بدەن یان بە هەر نیشانەیەك کە مامۆستا داوایدەکات ....... لەم چالاکییە مامۆستا تەواو دڵنیادەبێت کە قوتابی دەنگ و پیتەکە دەناسێتەوە بەتایبەتی کە ژمارەی پیتە خوێنراوەکان زۆردەبن و تێکەڵ دەکرێن بە پیتی نەناسراو( نەخوێندراو )، ئەمە قوتابی دەخاتە بیرکردنەوە، هەروەها مامۆستا دەتوانێت گۆکردنی دەنگەکەی لێداوابکات . ئەم جۆرە چالاکییە تا وانەی (٢١) بەردەوام هەیە، دواتر قاڵبی دیکە وەردەگرێت .

**چالاکی (٤) : ناوی وێنەکان بڵێ، (د) بنووسە.**

ئەم چالاکییە بۆ هەموو پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی ناو – خوێندنی کوردی – پەیڕەوکراوە، مەبەستی یەکەمی ئەم ڕاهێنانە گفتوگۆکردنە دەربارەی ناوی ئەم وێنانەی کە لە چالاکییە هەیە. دووەم پیتە نوێیەکە دەناسێتەوە و لە ناو وشەکە لە سەر خاڵە پچڕ پچڕەکە دایدەنێت. چوار وێنەیە دانراون ( بەرد ، دیوار ، دەم و پرد)، تەنها پیتی (د) نەنوسراوە شوێنەکەی بە خاڵ (...) دیاری کراوە، ناوی وێنەکان چەند جارێك دووبارە دەکرێنەوە، دواتر قوتابی پیتەکە لە شوێنی دیاریکراو دەنووسێت. لە ڕێگای وێنەکەوە دەتوانێت وشەکە بخوێنێتەوە .

بەرد : بەرد چییە؟ لە کوێ هەیە؟ بۆچی باشە؟ ..........

دیوار : لە چی دروست دەکرێت؟ کێ دروستی دەکات؟ سودی دیوار چییە؟ ......

دەم : دەم لە کێی لەشدایە؟ سودی دەم چییە؟ لەناو دەم چی هەیە؟ .....

پرد : پرد چییە؟ سودی چییە؟ لە کوێ هەیە؟ چەند جۆری پردمان هەیە؟ .....

بەم شێوەیە قوتابی زانیاری باش بەدەست دەهێنێت.

**چالاکی (٥): ئەم وێنانە بە یەک بگەیێنە.**

ئەم چالاکییە بۆ ڕاهێنانی قوتابییە لە سەر بیرکردنەوە و بەیەک بەستنەوەی بیرۆکە، زانیاری باشی پێدەدات ، درکردنە بە پەیوەندی نێوان دوو وێنە، خۆشەویستی لە نێوان منداڵ و گیانلەبەران دروستدەکات. مامۆستا یارمەتی قوتابی دەدات بۆ بە یەک گەیاندنی وێنەکانی ئەم دوو ستوونە، ئەگەر قوتابی هەڵەی کرد لە پەیوەندییەکان مامۆستا زۆر بە ئارامی و لە سەرخۆ ڕاستییەکەی تێدەگەیەنێت.

**چالاکی (٦) : بە هاوەڵەکانت بڵێ .**

ئەم چالاکییە زارەکییە، پرسیار گەلێکن بۆ هاندانی قوتابی لە سەر دەربڕینی زارەکی تاکو قوتابی بوێر و زمان پاراو بێت و بتوانێت بە بێ ترس و شەرمکردن قسەبکات و ڕابهێت لەسەر چۆنییەتی وەڵامدانەوەی پرسیار، ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە بە هۆی پرسیار و وەڵام پەیوەندی نێوان قوتابی و هاوەڵەکانی بە هێز دەبێت و لە گەڵیان دەکرێتەوە و شەرم و سامی دەرەوێتەوە، کە یەکێکە لە گرفتە دەروونییەکان لە لای قوتابی و تەنانەت تا قۆناغی زانکۆ لای هەندێکیان دەمێنێت...لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا تەنیا ڕێنمایی و ڕاستکردنەوەی ناتەواوییەکانە..قوتابیان بە شێوەی نواندن پرسیار لە یەکتر دەکەن، نموونە:

قوتابی یەکەم– ناوت چییە؟

قوتابی دووەم– ناوم ئازادە.

قوتابی یەکەم – پۆلی چەندیت؟

قوتابی دووەم – پۆلی یەکەمم.

تاکۆتای پرسیارەکان کە دەربارەی قوتابی ومامۆستا و خاوێنی پۆلە ، بۆی هەیە مامۆستا پرسیاری زیاتریش بکات..... ئەمانە دەبنە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئاخاوتن و سامانی وشەی منداڵ دەوڵەمەنددەکەن.

## وانـــــەی (٢)

**(دار)**

**ئامانجی گشتی : ناسینی دەنگ و هێمای پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی و خوێندنەوەیان.**

**ئامانجی تایبەتی : ناسینی دەنگ و هێمای پیتی (ر) لە وشەی (دار) دا.**

**هۆیەکانی ڕوونکردنەوە: ١. پۆستەری وێنەی سەرەکی بابەت**

**٢. کارتی وێنەو وشەکان و کارتی جیاکردنەو**

| دار | دا ر | ر |
|---|---|---|

**٣. تەختەی گیرفان ، پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ ، سیدی بابەتەکان**

### هەنگاوەکانی وتنەوەی پیتی (ر)

### بە ڕێگای ببینە و بڵێ:

**١.هەنگاوی یەکەم ؛**



ماموستا وێنەی سەرەکی بابەت دیاری دەکات، کە پیتی (ر) ی تێدا بێت و بکەوێتە کۆتایی وشەکەوە، وەکو لە وشەی (دار) بەلام وێنەکە وێنەی وێنەی (دار ) ە. دەبێت ئەم وێنەیە لە ژیانی ژینگەی قوتابییەوە نزیك بێت و پێی ئاشنا بێت و نامۆ نەبێت سادە و ساکار و سەرنج ڕاکێش بێت.

ماموستا وێنەی (دار) لەسەر کارتۆن (بە گەورەیی) پیشانی قوتابیان دەدات ولەسەر تەختە هەڵیدەواسێت ، دەپرسێت ئەمە وێنەی چییە؟ لە وەلامدا قوتابیان دەڵێن :"دار" ئیدی ماموستا لەگەڵ قوتابییەکانی دەکەوێتە گفتووگۆ، لە کاتی پیشاندانی هەر وێنەیەك لەو وێنانەی کەلە وانەکاندا دەیلێتەوە چی زانیاری و زانستی لە لایە دەیدات بە قوتابیان، یان لە ڕێگەی پرسیارەوە لە قوتابیانی وەردەگرێت، وەك: سودی دار بۆ مرۆڤ و ژینگە، بەروبوومی دار ، داری هەنار ، داری سێو ،داری هەنجیر ....... واتە هەنگاوەکان لێرەوە دەست پێدەکەن. کاتێك وێنەی هاندەر پیشانی قوتابیان دەدات ، ناوەکەی دەڵێن، چەند جارێك جەخت لەسەر پیتی مەبەست دەکات ، کە (ر)ە، وێنەی هەڵبژاردەکەیان لە ناوەڕاستی تەختەکە بۆ هەڵدەواسێ یان لە بۆردی گیرفاندا دەیخاتە شوێنی وشەی هەڵبژاردە. ماموستای بەرێز دەرفەتێکی زۆر بە قوتابی بۆ ئاخافتن.

**٢. هەنگاوی دووەم ؛**

**ناساندنی دەنگ،**



١. ماموستا چوار وێنە پیشانی قوتابیان دەدات، کە سیانیان دەنگی مەبەستی تێدایە کە / ر/ ە بەلام لە یەکێکیاندا دەنگی / ر/ نییە.

وەکو (دار ، باران ، مار ، باز ) لە ژێر هەر وێنەیەك لەم وێنانە بازنەیەکی داخراو هەیە، ماموستا ئاماژە بۆ وێنەی یەکەم دەکات و دەپرسێت، ئەمە وێنەی چی یە ، قوتابی وەلام دەداتەوە ، هەرچی زانیاریەکی لە لایە لە ڕێگای پرسیارو وەلامەوە دەیدات بە قوتابیان و لێیان وەردەگرێت. وێنەی دووەم وێنەی (باران)ە، چی کرا بۆ وێنەی یەکەم ، هەمان چالاکی لە دووەمدا، لەسەر وێنەی سێ یەم و چوارەمیش هەمان ڕێچکە دەگرێت.

- مامۆستا ناوی وێنەکان یەکە یەکە چەند جار دەڵێتەوە و دووبارەیان دەکاتەوە، وێنەی داریش لە سەر تەختە هەڵواسراوە مامۆستا زوو زوو ئاماژەی بۆ دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە گەیاندنی دەنگەکان، لە هەمان کاتدا جەخت لە سەر دەنگی / ر/ دەکات.ئەم چالاکییە درێژەی پێدەدرێت تاکو مامۆستا لە فێربوونیان دڵنیادەبێت. مامۆستا وشەکان بە قوتابیان یەکە یەکە دەڵێتەوە ئینجا بە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی گومانی لە دەربڕینی وشەکان نەمینێت.
- مامۆستا دەگەڕێتەوە سەر وێنەی یەکەم کە وێنەی(دار)ە چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە بە قوتابیان دەڵێت هەست بە بوونی دەنگی / ر/ دەکەن لە ناوی وێنەکەدا، ئەگەر وەڵامی قوتابیان، بەڵێ بوو، مامۆستا بە قوتابیان دەڵێت، بازنەی ژێر وێنەی (دار )ە کە بە ئارەزووی خۆتان ڕەنگ بکەن.

پاش ئەوە دێتە سەر وێنەی دووەم کە وێنەی (باران)ە،هەمان چالاکییەکان بۆ وێنە، بۆ دەربڕینی دەنگی/ ر/ کە لە وێنەی یەکەمدا ئەنجامی داوە، لە وێنەی دووەمدا ئەنجامی دەدات، جا ئەگەر قوتابییەکان هەستیان بە دەنگی / ر/ کرد لە ناوی وێنەکەدا، مامۆستا بۆ ئەمەش دەڵێت کەواتە بازنەی ژێر وێنەکە بە ئارەزووی خۆتان ڕەنگ بکەن.

بۆ وێنەی سێیەمیش هەمان ڕێچکەی وێنەی یەکەم و دووەم دەگرێت، کە دەنگی وشەی (دار)ە، بازنەی ژێر وێنەکە ڕەنگ دەکەن.

- وێنەی چوارەم وێنەی (باز) ە، مامۆستا دەست دەکات بە پرسیار کردن لە سەر ناوی وێنەکە چی زانیاریشی لەسەر (باز) هەیە، لە ڕێگای پرسیار و وەڵام و گفتوگۆوە دەیداتە قوتابیان.

مامۆستا لەم هەنگاوەدا سەرەنجی قوتابیان بۆ ئەو جیاوازییەی نێوان دەنگی هەر سێ وشەکە لەگەڵ وشەی(باز) رادەکێشێت کە دەنگی / ر/ی تێدا نییە. بۆ پتر ناساندنی دەنگی / ر/ ناوی وێنەکان : ( دار ، باران ، مار ، باز ) بە ئارامی دەڵێتەوە، تاکو گوێیان بەوە ئاشنا دەبێت کام وشە دەنگی کۆتایی دەنگی/ ر/ ی تێدا نییە، پاشان دەپرسێت (باز) دەنگی / ر/ ی تێدایە؟!، لێرەدا قوتابیان بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە ، مامۆستا دەڵێت لەبەر ئەوەی گوێمان لە دەنگی/ ر/ نەبوو کەواتە بازنەی ژێر وێنەکە ڕەنگ ناکەین. مامۆستای بەڕێز ئەم هەنگاوە تەنها بۆ ڕاهێنان قوتابی لەسەر ئاخافتن و بیستنی دەنگی / ر/ یە .



**٣. هەنگاوی سێیەم:**

**جیاکردنەوە ( ڕووتەڵکردن / التجريد )،**

**فێربوونی دەنگ و ناساندنی فۆرمی دەنگ،**

| | | |
|---|---|---|
| دار | دا | ر |

مامۆستا وشەی (دار) لەسەر کارتێک دەنوسێت، بەڵام (دا) بەجیا و (ر) بەجیا، پێکەوە پیشانی قوتابیانی دەدات، مامۆستا لە چەند قوتابیەک دەپرسێت : ئەمە وشەی چییە؟ قوتابی (دار) .... ئەم پرسیار و وەڵامە ئەنجام دەدات، پاشان وردە وردە دەنگی / ر/ لە (دا) دوور دەخاتەوە، لەگەڵ دوورخستنەوەکەدا، دەڵێت (دار)... (دا) پاشان درێژکردنەوەی پیتی ( ر)ی بۆ دەکات، چەند جارێک ئەم چالاکییە ئەنجام دەدات. تا قوتابیان بە تەواوی دەنگی پیتەکە فێر دەبن ، پاشان مامۆستا ئەو کارتەی کە پیتی ( ر)ی لەسەرە دەگرێت بەدەستەوە و پیشانی قوتابیانی دەدات دەڵێت ئەمە نوسراوە ( ر) چەند جارێک ئەمەیان بۆ دووبارە دەکاتەوە. وشەکە لەسەر تەختەکە دەنووسێت، چەند جارێک وشەکە دەخوێنێتەوە، جار لەدوای جار ئاماژە بۆ پیتی (ر) دەکات لە دوا جار خاوتری دەکاتەوە: ( دار ، دار ، دا ر ) .

ماموستا هەوڵدەدات وشەکە بە دوو جار بڵێت بە مەرجێ دەنگی/ ر/ بە تەنیاو بە دوای (دا...) دا ، بڵێت/ ر/ .

دار ، دا ر ، دا ر .

ئاماژە دەخاتە سەر هەر بەشێك و دەیخوێنێتەوە :

دار ر

١ ٢

دوا جار تەنیا جەخت لە سەر دەنگی / ر/ دەکاتەوە و ئاماژەکە دەخاتە سەر پیتی (ر)، و دەڵێت: دەنگی ئەم پیتە گوێ بکەن، ماموستا خۆی و قوتابیان پێکەوە دەڵێن: ر ر ر

تکایە ماموستای بەرێز لە سەرەتا وشەی پیت بەکارمەهێنە پێی بڵێ شێوەی دەنگ، ئینجا وردە وردە فێری بکە کە شێوەی دەنگەکە پیتە.

لەم هەنگاوە قوتابی تەواو دەنگەکە گوێدەکات و شێوە (فۆرم) ی دەنگەکە واتە پیتەکە دەناسێت.

## ٤. هەنگاوی چوارەم:

## ناسینەوەی فۆرمی دەنگ




ماموستا چوار وێنەکە پیشانی قوتابیان دەداتەوە بەڵام لەم هەنگاوەدا لە ژێر وێنەکاندا ناوی وێنەکان نوسراون، ماموستا ئاماژە بۆ وێنەی یەکەم دەکات، لە قوتابیان دەپرسێت ئەمە وێنەی چی یە؟ قوتابیان وەڵام دەدەنەوە دەڵێن (دار)ە، ماموستا ئاماژە بۆ وشەی ژێر وێنەی (دار) دەکات و دەڵێت ئەمە نوسراوە (دار) چەند جارێك ئاماژە بۆ وێنەکە و نوسینەکە دەکات و چەند بارەی دەکاتەوە،لە وێنەکەدا دەڵێت( دار) لە وشەکەشدا هەر دەڵێت (دار ) ،بۆ ئەوەی پێکەوە پەیوەندی، لە نێوان وێنەکە و بچمی وشەکەدا دروست بکات و قوتابی بە بچمی وشەکە ڕابهێنێت.

بۆ وێنەی دووەم و سێیەم و چوارەم چی چالاکی ئەنجام داوە، بۆ وێنە و وشەی یەکەم هەمان چالاکی ئەنجام دەدات، بۆ سێ وێنەکەی تریش ماموستا لە قوتابیان دەخوازێت چەند جارێك ناوی وێنەکان بڵێن لە هەمان کات ئاماژەکە دەخاتە سەر وێنەکان یەکە یەکە لە سەریان دەوەستێت تاکو گوێی لە دەنگی قوتابییان دەبێت کە دەڵێن: ( دار، بارا ، مار ، باز ).

جارێکی دیکە ماموستا دەگەڕێتەوە سەر وێنەی (دار) و وشەی (دار) بە قوتابیان دەڵێت کە ئاماژە بۆ وشەی (دار) دەکات دەڵێت، هەست بە دەنگی (ر) دەکەن ، قوتابیان دەڵێن بەڵێ، ماموستا دەپرسێت (ر) ئاماژەی بۆ دەکات، تێدایە قوتابیان دەڵێن بەڵێ ماموستا دەڵێت کەواتە وشەکە دەوربدەن. بەم شێوەیە هەمان چالاکیی بۆ وێنەی ( بەفر ) و( مار) ئەنجام دەدرێت. بۆ وشەی (باز) ماموستا دەڵێت هەست بە بوونی دەنگی / ر/ دەکەن؟ قوتابیان پیتی (ر) دەبینن؟ دەڵێن نەخێر ، ماموستا دەڵێت کەواتە وشەکە وەك خۆی بەجێبهێڵن. مەبەست لەم هەنگاوە فێربوونی خوێندنەوەی وشە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانین قوتابی هەست بە بوونی دەنگەکان دەکات، شێوەی دەنگەکە کە (پیت)ە دەناسێتەوە؟

**٥- هەنگاوی پێنجەم:**

**دۆزینەوەی فۆرمی دەنگ (پیت)**

| |
|---|
| گرد – دیوار – کۆلارە– قاز |

(ر) بخە ناو چەماوەیەك، لەم هەنگاوە دا جەخت لە سەر ناسین و چەسپاندنی (دەنگ و شێوەی پیتەكە) (ر) دەكرێتەوە كە لەم وشانە دایە:

(گرد دیوار چەتر قاز ) قوتابی تەنها پیتی (ر) دەدۆزێتەوە و دەیخاتە ناو چەماوەیەك، كە خستیە ناو چەماوەیەك دەتوانیت مامۆستا بە قوتابیان بڵێت شێوەی دەنگ (پیتە).

**٦- هەنگاوی شەشەم:**

**گۆكردن:**

| |
|---|
| ر ر ر |

لەم هەنگاوەدا پیتی (ر) بە تەنیا سێ جار نوسراوەتەوە: ر ر ر

قوتابی تەنیا گۆیان دەكات بەبێ زیاد كردنی هیچ دەنگی دیكە تەنها (ر) دەگوترێت هیچ دەنگێكی نە لە پێشە نە لە پاشە، واتە ناوی پیت ناگۆترێت، واتە دەنگەكە جیایە لەگەڵ ناوی پیت.

**فێركردنی بزوێنی درێژ و كورت:**

بزوێنی درێژ و كورت، دووپیتن كەرۆڵی كارایان هەیە لە دروستكردنی برگە وداڕشتنی وشە لەزمانی كوردیدا ، بۆ ئەم مەبەستەش لەم چالاكیەدا پێویستە بە شێوەیەكی كارامەیی گونجا و فێری قوتابیان بكرێن ،

**١) لاپەڕە(٣٠-٣١)**

- كاراكتەری وێنەكە ( دارا ) یە، كەپێشتر بە قوتابی ناشناكراوە لە سیناریۆكانی پێشەوە، لێرەشدا مامۆستا ناوی ( دارا ) بە بیری قوتابیان دەهێنێتەوە و دەكرێت باسی هاوڕێیەتی دارا و سمۆرە، بكات و بەشێوەیەكی چیرۆك ئامێز سەرنجی قوتابیان بۆ بابەتەكە ڕابكێشێت.
- وشەی ( دارا ) كە پیتەكانی لە سەر چوار كارتی جیا نوسراون ، لەسەر وێنەی دارا دادەنرێت، بەڵام بەشێوەیەك كەبەیەك وشە دەربكەوێت.
- مامۆستا سەرنجی قوتابیان بۆ نوسینەكە ڕادەكێشێت كە نوسراوە ( دارا )، پاشان دەپرسێت وێنەكە كێیە؟ ئەوانیش دەڵێن ( دارا )، ئەی نوسینەكە چی نوسراوە ؟بێگومان دەڵێن دارا.
- پاشان مامۆستا وێنەی دارا لادەبات و تەنها وشەی دارا دەمێنێتەوە.
- لەهەنگاوێكی تردا مامۆستا وشەكە دەكات بە دوو برگەوە، واتا برگەی (دا ) لە برگەی ( را ) هەندێك دووردەخاتەوە و بەقوتابیان دەڵێت سەرنج بدەن ناوی دارا لەم دووبەشە پێك هاتووە( دا.............را )، مامۆستای بەڕێز ئەگەر بە چەپڵە فێری برگەی بكەیت باشترە دەتوانیت منداڵ بە چەپڵە فێرە برگە بكەیت.
- لێرەدا برگەی ( دا ) بەتەنها دەخاتە بەرچاوی قوتابیان و بزوێنە درێژەكەی لەسەر لادەبات و بەقوتابیان دەڵێت، كێ دەزانێت و بیری ماوە ئەم پیتە چ پیتێكە كە پێشتر ناسیومانە، دیارە قوتابیان دەیناسنەوە و دەڵێن ( د )پاشان مامۆستا بزوێنە درێژەكە دەخاتەوە بەردەم ( د ) ەكە و لەگەڵیدا دەیخوێنێتەوە و دەڵێت ( دا ) ، چەند جارێك ئەم كردارە دووبارە دەكاتەوە تا قوتابیان بەتەواوەتی ئاشنا دەكات بە ناسین و كاری بزوێنی درێژ لە سەر پیتەكان و برگەی (دا) فێری قوتابیان دەكات و لەهەمان كاتدا بزوێنە درێژەكەشیان پێ دەناسێنێت.
- هەمان كرداریش لەگەڵ پیتی ( ر) دا دووبارەدەكاتەوە و تا قوتابیان فێری برگەی ( را ) ش دەبن، پاشان دووبارە هەردوو برگەی( دا )و (را) یەكدەخاتەوە بۆدروستكردنی وشەی ( دارا ).

٢) لاپەڕە (٤٢) دەکرێت بۆ ناساندنی بزوێنی کورت، هەمان کردار و چالاکی بەکار بهێنرێتەوە و پەیڕەوی هەنگاوەکانی پێشوو بکرێن

**چالاکیی (١) : تۆخبکە ، بخوێنەوە ، بنووسە.**

چەند راستە هێڵ کێشراون، راستەهێڵی یەکەم پیتی (ر) ی بە خاڵ لەسەر نوسراوە، مامۆستا پێویستە یارمەتی قوتابی بدات بۆ ئەوەی قەڵەم بەسەر خاڵەکان بهێنێت و تۆخیان بکاتەوە . لە چوار دێرەکەی دیکە پیتی (ر) نوسراوە قوتابی فێردەکات چۆن پیتەکە بە گوێرەی هێڵەکە بە شێوەیەکی راست بنووسێت، دوایی بیخوێنێتەوە.ئەم چالاکییە بە درێژایی هەموو کتێبەکە هەیە، لە هەر پیتێکی نوێدا یەکەم ڕاهێنان و چالاکییە، کە لە پیتەکانی دواتر دا دەگاتە نوسینی برگە، وشە ،دەستەواژەو ڕستە...

**چالاکیی (٢): ببینە و بڵێ.**

ئەم چالاکییە وەکو هەموو چالاکییەکانی دیکە، مەبەست هاندانی قوتابیانە بۆ بیرکردنەوە و بەقسەکردنەوەی وێنە، لێرەدا دەربڕینی زارەکی لای قوتابی بەهێزدەکات، ترس و شەرمی نامێنێت ، بە هاوکاری ڕاهێنانەکانی دیکەی ئەم کتێبە لە پەشۆکان و بزرکان و دەم بەیەکدا هاتن ڕزگاری دەبێت و بڕوای بە خۆ دەبێت. ئەم چالاکییە بەراوردکرنە لە نێوان دوو وێنەکە دا، دارێکی گەڵادار و دارێك گەڵای دەوەرێت. ڕوونکردنەوەی ڕوتەڵ بوونی یەکێکیان و گەڵاداری ئەوەی دییان و پەیوەستکردنیان بە ژیان و دەوروبەری قوتابی و وەرزەکانەوە.

**چالاکیی(٣) : (ر) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.**

لەم چالاکییەدا، قوتابی لەسەر ناسینەوەی پیتەکان ڕادەهێنرێت – ئەو پیتانەی بە دوای یەکدا دەخوێندرێن – کە لەناو چەند پیتێکی دیکەی نەناسراو (نەخوێندراو) دا نوسراوە. قوتابی پیتی داواکراو نیشانە دەکات( دەوردەدات / هێڵ دادەنێت / چوارگۆشە دەکات ....) و گۆی دەکات.

**چالاکیی(٤): ناوی وێنەکە بڵێ ، (ر) بنووسە.**

ئەم شێوە چالاکییە بۆ هەموو پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی ناو کتێبی– خوێندنی کوردی – پەیرەو کراوە، بەڵام داواکارییەکان هەنگاو بە هەنگاو وردتر دەبن، سەرەتا قوتابی هەموو پیتەکانی نەخوێندووە کە بۆ خوێندنی وشەکان پێویستییەتی، بۆیە لە ڕێگای وێنە وشەکان دەخوێنێتەوە پیتی (ر) لە شوێنی دیاریکراو(....) دادەنێت، وردە وردە پاش ئەوەی پیتەکان فێردەبێت، داوای خوێندنەوەی وشەکانیشی لێدەکرێت. مەبەستی ئەم ڕاهێنانە جگە لە زانیاری گشتی، ناسینەوەی پیتە نوێیەکە و نووسینی لە وشەدا دواتر خوێندنەوەیان، لە کاتی جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکە مامۆستا ڕێنماییان دەکات و بە گفتوگۆ و بەشداریکردنی قوتابیان زانیاری پێویست دەربارەی وێنەکان دەگەیەنێت.

**چالاکی (٥): نیشانەی (یان ) دابنێ.**

لەم چالاکییە دوو وێنە دەبینرێ، یەکێکیان کردەیەکی خراپ ئەوی دییان دروست، مامۆستا کردەی دروست و نادروست ڕووندەکاتەوە، پاشان نیشانەی ( ✓) لە ژێر کردەی راست لە ناو بازنەکەدا دەکێشێت، نیشانەی (×) لە ژێر بازنەی کردەی نادروست دادەنێت.

**چالاکی (٦) : بە هاوەڵەکانت بڵێ.**

ئەم چالاکییە مەشق پێکردنی زارەکییە، هاندانی قوتابییە لە سەر دەربڕینی زارەکی و ڕاهێنانیان لە سەر ئاخاوتن، قوتابی فێردەبێت کە نیوەی وەڵام لە تێگەیشتنی پرسیاردایە. هەمان چالاکیی لە وانەی (١) زیاتر ڕونکراوەتەوە.

## هەنگاوەکانی وتنەوەی هەردووشێوە پیتی (ی یـ)

**وانەی (٧)**

**نەی**

**هەنگاوی یەکەم:**



پاش گفتوگۆیەکی پەروەردەییانە و بەستنەوەی بابەت بە بابەتەکانی پێشوو، بە وەبیرهێنانەوەی پیتە خوێنراوەکان و نووسین لە لایەکی تەختە، نیشاندانی وێنەی سەرەکی بابەتە خوێنراوەکان، وەک گەنجینەیەکی فەرهەنگی وشەکان.. مامۆستا دەستپێك بۆ خوێندنی بابەتی نوێ ئەم پرسیارانە لە قوتابیان دەکات:

کامتان گۆرانی دەزانن؟ حەزتان لە دەنگی کێیە ؟

کەس هەیە لەماڵەوە مۆسیقا بژەنێت؟ چەند ئامێری مۆسیقا دەناسن؟

چەند ئامێری ڕاستەقینەیان پیشان دەدەین، پێیان دەڵێین ئەم ئامێرە پێی دەوترێت نەی ، بەهۆی لێو و فوو پەنجە ئاوازی پێ لێدەدرێت.ئەگەر نەبوو وێنەیان پێ نیشان دەدەین.

**مامۆستای بەڕێز: لەم هەنگاوە تا بکرێت ڕێگا بە قوتابی بدە خۆی قسە بکات، بۆ جێبەجێکردن کارامەیی یەکەم کە ئاخافتنە.**

**هەنگاوی دووەم :**



وێنەکانی ( ماسی ، کیسەڵ ، ڕووبار ، مراوی ) یان پیشان دەدەین.داوایان لێدەکەین ناوەکانیان بڵێن بۆ ئەوەی دەنگی ( ی یـ ) یان ناڕاستەوخۆ بۆ دەردەکەوێت . وا لە قوتابی دەکەین کام وێنە دەنگی / ی / یان تێدایە بازنەی ژێریان ڕەنگ بکات هەمان چالاکییەکانی بابەتی (زەرد) و (دار) دووبارە دەکەینەوە، کارتی وشە ( نەی ) و بۆ هەموو ئەو بابەتانەی پیتی دووشێوەن، بۆ ناساندنێك بەم شێوەیە نیشانی قوتابیانی دەدەین:

| | | |
|---|---|---|
| نەی | نە ی | ی یـ |

کارتی پیتی ( ی یـ ) بەهەردوو شێوە نیشاندەدەین ، ڕۆڵی ( نە ) دوایی دێت چونکە پیتی ( ن ) نەخوێنراوە، لەبەر ئەوەی قوتابی بۆ دەربڕینی وشەکە پشت بە وێنەکە دەبەستێت واتە وشەکە ناخوێنێتەوە بۆیە پێویست ناکات گشت پیتەکانی خوێندبێت.

**هەنگاوی سێیەم :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەی | نە | ی | (ی یـ) |

مامۆستا وشەی (نەی) لەسەر کارت دەنوسێت بە هاوکاری قوتابیان وشەکە چەند جارێك دەڵێنەوە، پاشان وردە وردە پیتی (ی) جیادەکرێتەوە و دەڵێت نە....ی دەنگی / ی/ چۆن لەم وشەیە گۆدەکرێت، ئەمە دەنگە دروستەکەیە و پێویستە قوتابی بزانێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەی | نە | ی | ی یـ |

**لە هەنگاوی چوارەم ؛**

**ناساندنی فۆرمی دەنگ**




ماموٚستا کاتێ | ی یـ | پیشانی قوتابی دەدات دووبارە پێیان دەڵێت دەنگی (ی) لە نووسین دوو شێوەی هەیە بۆ زیاتر ناسینی شێوەکەی تری ( ی یـ ) وشەیەك هەڵدەبژێرین کە ئەو دەنگە لەسەرەتا یان ناوەی وشەکەدا هاتبێت وەك ( سیدی ) ، سیدییەك یان وێنەکەی پیشانی قوتابیەکان دەدەین. ( پرسیار و وەڵام دەربارەی سودو بەکارهێنانی سیدی و ڕۆڵی پێشکەوتووی لەم سەردەمەدا دەخەینە ئاراوە. دواتر ،وشەی سیدی و وێنەکەی ، نیشانی قوتابیەکان دەدەین ، لە وشەی سیدی چی نوسراوە ، لەوەڵامدا دەڵێین سیدی ئەمجا وشەکە هەڵدەوەشێنینەوە، 《سـ یـ د ی 》، جەخت لەسەر پیتی (یـ ) دەکەینەوە و دەڵێن ئەمە شێوەیەکی دیکەی / ی / یە دەکەوێتە سەرەتاو ناوەوەی وشە. ڕۆڵی پیتی ( س ) نامێنێ وە ئەم هەڵوەشاندنەوە لەسەر تەختەش ئەنجام دەدرێ.

وێنەی (ماسی ، کیسەڵ ، ڕووبار ، مراوی ) پیشانی قوتابیان دەدەین کە ناوەکانیان لە ژێریاندا نوسراوە ،جەخت لەسەر پیتی ( ی یـ ) بە هەردوو شێوەکەی دەکەینەوە ، داوا لە قوتابیان دەکەین هەرکام لەم وشانە پیتی ( ی یـ ) یان تێدایە بە چەماوەیەك دەوربدەن .

**هەنگاوی پێنجەم:**

**دۆزینەوەی دوو فۆرمەکەی دەنگی / ی /**

| سیدی زەماوەند گۆرانی یاری |
|---|

داوا لەقوتابیان دەکەین کەسەیری وشەکانی ( سیدی ، زەماوەند ، گۆرانی ، یاری ) بکەن و هەر وشەیەك ( ی یـ ) تێدایە ، پیتی ( ی یـ ) بخاتە ناو چەماوەیەکەوە.

**هەنگاوی شەشەم:**

قوتابیان ڕادەهێنین بۆ گۆکردنی دەنگی / ی /

**هەنگاوی حەوتەم بیرخستنەوە:**

| ڤ پ و ر د ا ز ە |
|---|

بۆ بەستنەوەی بابەتەکە بە بابەتی کۆن {بیرخستنەوەی پیتە خوێندراوەکان : ( ڤ ، پ ، و ، ر ، د ، ا ، ز ، ە ) ئەمە لە هەنگاوی یەکەم ئەنجامدەدەین، دواتریش دووبارەیان دەکەینەوە باسی پیتی (ی یـ) دەکەین}

**ڕوونکردنەوەی چەند چالاکی دیکە:**

- **شیکردنەوەی وشە بۆ بڕگەو پیت و پێکهێنانەوەیان. ( لە هەردوو وەرز هەیە)**

ناوبردنی هەندێ زاراوەی زمانەوانی بۆ قوتابی پێویستە، نابێت ماموٚستا سڵبکاتەوە لە بەکارهێنان و ڕوونکردنەوەیان، وەك: دەنگ ، پیت ، بڕگە ، بزوێن (ڤاوڵ) ی کورت و درێژ ، وشە ، دەستە واژە و ڕستە! پێویستە ئەمانە لە شوێنی خویدا بناسرێن. شیکردنەوەی وشە بۆ بڕگە و پیتەکانی پەیڕەوکردنە لە ڕێگای شیکردنەوە کە لە – گشتەوە بۆ بەشەکان – دەڕوات. ئەم چالاکییانەی ڕاهێنانن لە سەر شیکردنەوەی وشە بۆ بڕگەو پیت، مەبەست لێیان ناساندنی بەشەکانی هەر وشەیەکە بە قوتابی و پتر شارەزابوونیان لە ناسینەوەیاندا، کە جارێکی دیکە لە پێکهێنانەوەیان (دەنگ) و بڕگەکانداو پێکەوە لکاندنەوەیان، کە پەیڕەوە لە ڕێگای پێکهێنانەوە - لە بەشەوە بۆ گشت – دیسانەوە بۆ چوست و چالاککردنی قوتابییە بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ.

**چالاكی (٦) وەرزی یەكەم لاپەرە (٦٧)**

- پێكهێنانەوە
- سێ لاكێشە دووانی سەرەوە، دووبەشە ، هەربەشەوبڕگەیەكیان تێدایە، كە یەكیان دەخەی دەبنە (ڕۆژا، ڕازاو )لەلایەن مامۆستاوە دەخوێنرێتەوە و دوایش لەلایەن قوتابیانەوە دەخوێنرێتەوە ، لاكێشەی سێیەمیش سێ بەشە هەربەشەو بڕگەیەكی تێدایە، بە یەكەوە دەبێتە ( دەروازە ) لەلایەن مامۆستاوە دەخوێنرێتەوە و دوایش لەلایەن قوتابیانەوە دەخوێنرێتەوە.

**چالاكی (٥) وەرزی یەكەم لاپەرە (٨٣)**

- وشە بڕگە بكە.
- مامۆستا وشەی (ئازا) دەخوێنێتەوە و دوایش قوتابی
- مامۆستا وشەكە بە دوو چەپڵە بڕگە دەكات (ئا) چەپڵە (زا) چەپڵە، دوایش قوتابی بە هەمان ڕێگا بڕگەی دەكات.
- قوتابیان بڕگەكان لە ناو سێگۆشەكان دەنووسن مامۆستاش ڕێنمایان دەكات. هەمان ڕێگا بۆ وشەكانی دیكە پەیڕەو دەكرێت.

**چالاكی ( ٥ ) وەرزی یەكەم لاپەرە (١٤١)**

بە یەك بگەیێنە و بخوێنەوە.

ئەم چالاكییە بۆ ڕاهێنانی قوتابییە لە سەر بیركردنەوە و بە یەك بەستنەوەی بیرۆكە

**چالاكییەكە دوو ستوونە :**

- ستونی یەكەم ، وێنەی ( منارە ، بادەم ، مێوژ ، دارمێو )ە.
- ستونی دووەم ، ناوەكانیان ئەمانەن ،( مێو ، مێوژ ، بادەم ، منارە )

**قوتابی بە یارمەتی مامۆستا لە ستونی یەكەمدا وێنەو لە ستونی دووەمدا ناوەكەی بە یەكتر دەگەیەنێت :**

| | |
|---|---|
| وێنەی منارە | بەوشەی منارە |
| وێنەی بادەم | بە وشەی بادەم |
| وێنەی مێوژ | بە وشەی مێوژ |
| وێنەی دار مێو | بە وشەی دارمێو |

**چالاكی ( ٣ ) وەرزی دووەم لاپەرە (٥٠)**

**یاری وشە:**

**٢٥ چوارگۆشە لەناو چوار گۆشەیەكدا:**

- لە ڕیزە چوارگۆشەی یەكەمدا : لە هەر چوار گۆشەیەكدا، بە ڕیز ئەم پیتانەی تێدایە: (ە ، ی ،و ، ا ، * ) ، بە ئاسۆیی دەكاتە وشەی ( میوا )
- ڕیزی یەكەمی چوار گۆشەكان بە شێوەی ستونی لە هەر چوار گۆشەیەكدا ئەم پیتانەی تێدایە ( ە ، یێ ، ز ، * ، ە ) لە سێپیتی یەكەم وشەی ( هێز ) دروست دەبێت.
- ڕیزی چوارەمی چوار گۆشەكان بە شێوەی ئاسۆیی لە هەر چوار گۆشەیەكدا ئەم پیتانەی تێدایە ( * ، ب ، ە ، ە ، یٚ ) كە دەكەنە وشەی ( بەهێ ).
- ڕیزی پێنجەمی چوار گۆشەكان بە شێوەی ئاسۆیی لە هەر چوار گۆشەیەكدا ئەم پیتانەی تێدایە (ە ، ۆ ، ز ، *)، هەرسێ پیتی یەكەم دەكەنە وشەی ( هۆز )

- کەواتە لە پیتەکانی ناو چوارگۆشەکان ئەم وشانە پێک دێت ، کەپیتی ( ھ ) تێدایە ( هیوا ، هێز ، بەهێ ، هۆز )، ئینجا وشەکان لەسەر خاڵەکان دەنووسن.
- هەر وشەیەک بڕگە دەکات و بڕگەکە دەخاتە ناو بازنەیەک.

**چالاکی (٤) وەرزی دووەم لاپەرە (٧٨)**

**وشەی جیاواز بە چەماوەیەک دەوربدە:**

- مامۆستا وشەکان دەخوێنێتەوە.
- چەند قوتابیەک وشەکان دەخوێنێتەوە.
- چوار لاکێشە هەیە لەهەر لاکێشەیەک کۆمەڵە وشەیەک کێڵگە وشەیان لێ دروست دەبێت وەک ( برنج، جۆ، کونجی، گەنم) قوتابی وشەی (زمار) دەخاتە نێو چەماوەیەک لەبەر ئەوەی جیاوازە لەگەڵ وشەکانی دیکە.
- بەهەمان شێوە کێڵگە وشەکانی دیکە دەست نیشان دەکات.

**چالاکی بخوێنەوە :( لەهەردوو وەرز هەیە)**

- مامۆستا بە دەنگێکی بەرز و ڕوون ڕەوان، بە پەیڕەوکردنی خاڵبەندی و زمانی جەستە.
- مامۆستا دووبارە دەخوێنێتەوە، قوتابیان بە دەنگی بەرز لە دوای دەخوێننەوە.
- قوتابیان بە بێدەنگی دەخوێننەوە.
- یەکە یەکە قوتابیان بابەتەکە دەخوێننەوە.

## گوتنەوەی سیناریـــۆ:

**نموونە، ئاکاری ئاخاوتن**

- رمامۆستا ئەکتەرەکان بە قوتابیان دەناسێت
- قسەکانیان چەند جار دەخوێنێتەوە لە قوتابیان دەپرسێت، زارا چی گوت؟

سمۆرە چی گوت؟

- نمایش کردن، قوتابییەک دەبێتە سمۆرە (ئەگەر بکرێت وێنەی سمۆرەیەک بکرێت وەک دەمامکە بەکاربهێنێت) قوتابییەکەی دیکە دەبێتە (زارا) هەمان گفتوگۆی نێو سیناریۆکە لە پۆل ئەنجام دەدرێت.
- هەمان هەنگاو بۆ گشت سیناریۆکان جێبەجێدەکرێت، پێویستە مامۆستا ژیرانە و چاپووکانە هاوکاریان بێت لە نواندنەکە.

## هەنگاوەکانی وتنەوەی ( دەق ):

**پشووی هاوین**

دوای ڕۆژباش و وەرگرتنی زانیاری و نوسینەوەی لە سەرتەختە و ڕێکخستنی ئەم هەنگاوانە جێبەجێ دەکەم:

- وانەی ڕابردوویان بیردەخەمەوە ، بەیەکێ لەم شێوازانەی خوارەوە :
  - ١- دیاریکردنی چەند وشەیەک بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بیخوێننەوە و پاشان بینوسنەوە .
  - ٢- خوێندنەوەی دەقەکە لەلایەن یەک دوو قوتابییەوە.
- تیشک دەخەمە سەر بابەتی پشووی هاوین و پاشان ئەم پرسیارانەیان لێدەکەم:
  - ١- خوشک وبراو هاوڕێکانتان لە پشووی هاویندا چییان کرد؟
  - ٢- ئەی ئێوە بەنیازن لە پشووی هاویندا چی بکەن؟
  - ٣- کاتتان چۆن دابەش دەکەن لە پشووی هاویندا ؟
  - ٤- کێ شاری یاری دیتووە ؟ دەچن بۆ شاری یاری؟

بە پرسیارو وەڵام گوێی رادەهێنێت بە ڕیتم(ایقاع)ی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، دوا بەدواش هەردوو کردەوەی گوێگرتن و تێگەیشتن راستەوخۆ ڕوودەدەن. دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و بەبەشداری پێکردنی قوتابیان ، بابەتەکە خۆی ڕووندەبێتەوە

- بەدەنگێکی ڕوون و ڕەوان کە پەیڕەوی خاڵبەندی و زمانی جەستەیی تێدا بێت، وانەکە دەخوێنمەوە.
- داوا لە قوتابیان دەکەم ، بە بێدەنگی بێ ئەوەی دەم بکەنەوە ، بابەتەکە بخوێننەوە، لەهەرکوێدا هەر شتێکیان نەزانی پرسیارم لێبکەن.
- خۆم دەخوێنمەوە قوتابیان لە دوام دەخوێننەوە.
- دوای تەواو بوونی خوێندنەوەی بێدەنگ پرسیاریان لێدەکەم سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە.
- داوا لە قوتابیان دەکەم یەکە یەکە بابەتەکە بخوێننەوە.
- چالاکییەکان لەگەڵ قوتابیان جێ بەجێ دەکەم.
- لە کۆتایی چالاکییەن پۆستەری (سمۆرە) وێنە ڕاستەقینەی هەڵدەواسم و لەگەڵ قوتابیان دەکەوێتە گفتوگۆ دەربارەی ئەم گیانلەبەرە خۆشەویستە.

## ▪ ڕێنووس چەند جۆرێکی هەیە :

١. ڕێنووسی گواستراو-منقول ٢.ڕێنووسی بینراو ٣. ئەزموونی- اختباری

منداڵ لە پۆلی یەکەمدا توانای ژیری و زەینی و گەنجینەکردنی(خزن) وێنەی وشەی هێندە بە هێزو کارامە نەبووە تا بتوانێت ئەوەی مامۆستا لە مەشقکردنی ڕێنووسدا دەیەوێت پێی بگات، چونکە لە ڕێنووس بینراو ئەزموونی پێویستە لە یادەوەریی منداڵەوە وێنەی وشەکە بخرێتە سەر تەختە یان لاپەڕە، بۆ ئەم تەمەنەی منداڵ ئەمە کارێکی قورسە.

ئەوە ئەمە ناگەێنێت کە ئەم چاپووکییە پیادە نەکرێت و لە پۆلدا مامۆستا هەر بەلایدا نەڕوات! بەڵکو دەبێت ئاسانکاری پێویستی بۆ بکرێت، شارەزایان و دانەرانی کتێبی پۆلی یەکەم تەنیا لە سەر ڕوونوسکردنەوە (نسخ) کۆکن، چونکە ڕێنووس بە شێوە کۆنەکەی منداڵ ماندوودەکات، ئەم چاپوکییە گران دەبێت لە بەر ئەوەی منداڵ ئاستی جەستەیی و توانای ژیریی تەواو نەبووە، پێویستی بە دیتنی وشە داواکراوەکە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بینووسێتەوە(وێنەی بکێشێت)،بۆیە ڕێنووسی گواستراو لەبارتر دەبینن. پەروەردەکاران دەڵێن:" ئامانج ئەوە نییە منداڵ هەڵە بکات و ئێمە ڕاستی بکەینەوە، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە لە هەڵە دووری بخەینەوە" ئەمەش بە مەشق و ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە دەبێت.

### ڕێنووسی گواستراو:

لە شوێنی تەرخانکراو یان لە چالاکیەکانی دەق مامۆستا چەند وشە یادەستەواژە یارستە هەڵدەبژێرێت – ئەوەی مەبەستە ڕێنووسی بکرێت– لە سەر تەختە دەیاننووسێتەوە یان بە هۆی کارتەوە دەیانخاتە بەردەمیانەوە، چەند جارێك دەیانخوێنێتەوە و داوا لە چەند قوتابییەك دەکات بیانخوێنەوە.
قوتابیان دەستدەکەن بە گواستنەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان بۆ سەر شوێنی تەرخانکراو یان بۆ سەر پەڕێك یان دەفتەر، لەکاتی نووسیندا پێویستە مامۆستا یەکە یەکە بۆیان بخوێنێتەوە چونکە منداڵ پێویستی بە هاوکارییە، ئەگەر کارتیشی هەبوو لێیان نزیك بکاتەوە و پیشانیان بدات و بەردەوامیش ڕێنمایان بکات. ڕێنووسی گواستراو منداڵ فێری وردیی نوسین و بیرتیژی دەکات و بە ئاگای دەکات... لەبەر ئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا حەزی لە لاسایی کردنەوەیە ئەمە هانی دەدات بۆ دروست نووسین و دەبێتە بناغەی خەت خۆشی، بەڵام پێویستە مامۆستا ئاگاداربێت ماوەی ڕێنووس زۆر نەبێت منداڵ بێزار بێت! واباشترە دوای ڕێنووس مامۆستا چالاکیی گۆرانی و چەپڵەو یاری لە ناو پۆلدا ئەنجامبدات.

■ **چۆن هۆنراوە فێردەبین؟ چۆن ئەزبەری دەکەین؟**

**هۆنراوەی ( سمۆرە ):**

١. مامۆستا وێنەی گیانلەبەری (سمۆرە) پیشانی قوتابیان دەدات و دەپرسێت : کێ دەزانێت ئەم وێنەی چ گیانلەبەرێکە ؟ کارتی پێویست بەکاردەهێنێت.

٢. وروژانی بیرو هزری قوتابیان لەسەر چۆنیەتی ژیانی سمۆرەی کێوی و ماڵی.

٣. قوتابیان بە بۆچوون و دیدی خۆیان لەسەر سمۆرە دەدوێن و مامۆستا هاوکاریان دەبێت. لەم کاتەدا مامۆستا ئاوازەکە دەڵێت و دەیگەیەنێتە قوتابیان .

٤. شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی هەندێك وشە کەقوتابیان نازانن واتای چییە و بۆچی بەکاردێت.

٥. مامۆستا وەك پەروەردەکارێکی ڕووخۆشی خاوەن بیری پەروەردەیی هۆنراوەکە چەند جارێك بۆ قوتابیان دەخوێنێتەوە بەگشتی راڤەی دەکات نەك دێڕێك، بۆ ئەوەی منداڵ وێنەی تەواوی هۆنراوەکە وەربگرێت.

٦. بە گروپ هەر دوو دوو قوتابی بە یەکەوە هۆنراوەکە ئەزبەردەکەن دوایی ئاشکرای دەکەن.

٧. مامۆستا تەنها بۆ ئەزبەرکردن ئەم هۆنراوەیە بە دەنگ و چەپڵەوە و ئاوازەوە هاوکاری قوتابیان دەکات.

٨. مامۆستا تەنها کۆپلە کۆپلە دەچێتە سەر هۆنراوەکە ئەمەش بە وتنەوەی کۆپلەکان بەیەکەوە.

٩. مامۆستا دەپرسێت : کێ دەتوانێت کۆپلەی یەکەم بۆ بڵێتەوە. دوای وتنەوەی لەلایەن چەند قوتابییەکەوە، کۆپلەی دووەم ،پاشان کۆپلەی یەك و دوو پێکەوە دەڵێتەوە و قوتابیان لەدوایەوە دەیڵێنەوە.

١٠. دەتوانێت بیکاتە گروپ گروپ و هەر کۆپلەیەکی گروپێ یان ڕیزێکی دانیشتنی قوتابیان بیڵێنەوە تا دەگەنە کۆتایی هۆنراوەکە.

١١. مامۆستا لەپلەی هەڵسەنگاندندا چەند پرسیارێك لە قوتابیان دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکە گەیشتوون و دەستخۆشیان ئاراستە دەکات. مامۆستا پێویستە بزانێت کە بەیەك وانە تەواونابێت.

**هوشیاری، مین و تەقەمەنییەکان**

وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ دەزگای گشتی کاروباری مین و ڕێکخراوی (MAG) بە هاوکاری ڕێکخراوی (Unicef) چەند لاپەڕەیەك لەگەڵ بابەتەکانی دیکە، بۆ هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی تەرخان کردووە، پێویستە بەم شێوەیە بگوترێتەوە:

- سەرەتا مامۆستا کێشەی مین لە ژیانی گوندنشینەکان باسدەکات، ڕوون دەکاتەوە کە مین جۆرە چەکێکە بۆ کوشتن یان کەمئەندامکردنی مرۆڤ بەکاردێت، بۆیە نابێت دەستکاری بکرێت یان چشتێکی تێبگیرێت. تەقەمەنییەکانیش مەترسیدارن دەستکاری ناکرێن و نابێت بۆ یاریکردن بەکاربهێنرێن.
- وەرگرتنی زانیاری لە قوتابی و هاندانیان بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەکان بۆ خێزانیان و خەڵکی دیکە کۆمەڵگە باس بکەن.

# بەشی چوارەم

# (پـــلان)

## پلان و کاریگەری لە پرۆسەی فێرکردندا:

### أ) مانا و چەمکی پلانی ئامادەکردنی وانە:

پلان ، ئەوکردارە هزری و نووسینەکییە ، کەمامۆستا بەماوەیەکی گونجاو پێش پێشکەش کردنی وانەکەی ئامادەی دەکات و لە کۆمەڵێك ڕەگەزی جۆر بەجۆر پێکدێت ، بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی وانەوتنەوە.

### ب) گرنگی پلان لەکاری وانەوتنەوەدا:

دەتوانین گرنگی پلان لەوانەوتنەوەدا لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

١- کرداری وانەوتنەوە تێراو دەکات بە کۆمەڵێك هەنگاو و هێڵی ڕێکخراو ڕێك وپێك و. زۆرترین ئامانجەکانی وانە وتنەوە بەدیدێنێت.

٢- مامۆستا لە هەڵوێستە کتوپڕ و نەخوازراوەکان دەپارێزێت.

٣- هاوکاری برەودان بە شارەزایی و مەعریفەی مامۆستا دەکات لە وانەوتنەوەکەیدا.

٤- یارمەتی دەستەبەرکردنی باشترین دەستنیشانکردنی جۆری وانەوتنەوە دەدات و هەڵسەنگێنەرێکی دروستی وانەوتنەوەی پێدەکرێت.

٥- دەبێتە هۆی سوودمەندبوون لەتەواوی کاتی وانەوتنەوە و مامۆستا لە کاری لابەلاو ناپێویست دووردەخاتەوە.

٦- بەهۆی پلانەوە مامۆستا لە تەواوی پێکهاتەکانی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن تێدەگات و دەتوانێت هەڵسەنگاندنی گونجاو ولەباری بۆ بکات.

٧- دەبێتە هۆی ناسینی ئامانجە تایبەتی و گشتییەکانی هەر وانەیەك.

٨- بەهۆیەوە باشترین و گونجاوترین هۆکاری فێرکردن لەلایەن مامۆستاوە بەکاردەهێنرێت .

### ج ) جۆرەکانی پلانی وانەوتنەوە:

١) پلانی دوورمەودا( درێژخایەن ): ئەو پلانە دەکرێت کە مامۆستا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دایدەڕێژێت، وەك پلانی ساڵانەی خوێندن بۆ تەواوی ساڵەکە، کە بێگومان ئەمجۆرە پلانە دەبێت لە سەرەتای ساڵەوە بێت و سەرجەم پێکهاتەکانی بابەتێك دابەشدەکرێتە سەر مانگ و هەفتەکانی ساڵی خوێندن و تیایدا ژمارەی وانە و ڕۆژەکانی دەوام دەستنیشاندەکرێت.

٢) پلانی نزیك مەودا ( کورتخایەن ): ئەمەش بریتییە لە پلانی وانەوتنەوەی هەفتانە و ڕۆژانە.

**چۆنیەتی ڕێکخستنی دەفتەری پلان:**

١. پێویستە دەفتەری پلان لە ڕووی هونەرییەوە( خەت ، هێڵکاری ، ڕیزبەندی و زانیاری گشتی...) گرنگییەکی تەواوی پێبدرێت ، چونکە ڕێك و پێکی و لایەنی هونەری و چۆنیەتی دیزانی دەفتەری پلان پەرۆشی و هونەرکاری و حەزی مامۆستا دەردەخات بۆکارەکەی.

٢. نووسینی زانیاری تەواو لە لاپەڕەی پێشەوەی دەفتەرەکە ( ناوی تەواو ، ساڵی دامەزراندن،شوێنی تەواوکردنی خوێندن ، پسپۆڕی ، ساڵی پەیوەندی ، ئەوپۆلانەی دەیلێتەوە ، ژمارەی بەشەوانەکانی....).

٣. نووسینی پلانی ساڵانە بە خشتەیەکی جوان و گونجاو بۆ هەربابەتێك کە دەیلێتەوە.

٤. نووسینی خشتەی وانەوتنەوەی وانەکانی بەپێی پۆل و دابەشبوونی لە هەفتەکەدا.

٥. بۆ پلانی ڕۆژانەی پێویستە بە کورتی ئاماژە بەم زانیاریانەی خوارەوە بدات بەم خشتەیەی خوارەوە دەفتەرەکەی هێڵکاری بکات:

| | | |
|---|---|---|
| **زمانی کوردی** | **پۆلی:** | **بابەت:** |
| **وانەی :** | **ڕۆژ :** | **بەروار:** |

**پێشەکی :**.................................................................

**بەسەرداچوونەوەی بابەتی پێشوو :**...................................................

**هۆکاری فێرکردنەکان :**...................................................

| ئامانجە ڕەفتارییەکان | چالاکی و خستنەڕوو | هەڵسەنگاندن | کات | تێبینیەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەو ئامانجانە دەنووسرێت کە لە وتنەوەی بابەتەکە پێویستە بەدیبهێنرێت. | ئەو هەنگاوانەی کەلەو وانەیەدا مامۆستا دەتوانێت نمایشی بکات | جۆرو شێواز و پرسیارەکانی هەڵسەنگاندن دەخرێتەڕوو. | کاتی پێویست بۆ هەرهەنگاوێك دەخرێتە ڕوو کە دەتوانرێت هەنگاوەکەی تێیدا پەیرەوبکرێت | هەر نوێکاری یان تێبینی و پێشهاتێك هاتە ڕوو تۆماردەکرێت |

## پلانی ساڵانەی کتێبی خوێندنەوەی کوردی ( ئەلفوبێ و چالاکیی ) پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

بۆ ساڵی خوێندن ٢٠١٤ - ٢٠١٥

وەرزی یەکەم : لە ١٠ / ٩ / ٢٠١٤ تا ٨ / ١ / ٢٠١٥

( ئامادەکردنی گشتی ، ئامادەکردنی تایبەتی ، هۆنراوەکان، وانەکان لە ( ١ تا ٢١ ) سیناریۆکان هۆشیاری تەقەمەنییەکان .

وەرزی دووەم : لە ٢٤ / ١ / ٢٠١٥ تا ١٤ / ٥ / ٢٠١٥

لەوانەی ( ٢١ تا ) هۆنراوەکان سیناریۆ

پلانی ساڵانەی کتێبی خوێندنەوەی کوردی ( ئەلفوبێ و چالاکی ) پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

بۆ ساڵی خوێندن ٢٠١٤ - ٢٠١٥

وەرزی یەکەم لە ١٠ / ٩ / ٢٠١٤ تا ٨ / ١ / ٢٠١٥

| مانگەکان | هەفتەی ١ | هەفتەی ٢ | هەفتەی ٣ | هەفتەی ٤ |
|---|---|---|---|---|
| ئەیلول ١٨ ڕۆژ | / | هۆنراوەی پەرتووکی<br>ئامادەکردنی گشتی | ئامادەکردنی گشتی | ئامادەکردنی تایبەتی<br>سمۆرە (هۆنراوە) |
| تشرین یەکەم<br>(٢٤) | وانەی ژ.چالاك<br>١ ٦<br>٢ ٦<br>(داراو دادە) | وانەی ژ.چالاکی<br>٣ ٧<br>بزوێنی / ڤارڵی<br>(١ ،٥) | وانەی ژ.چالاکی<br>٤ ٦<br>٥ ٥<br>پێنووس (هۆنراوە)<br>ئاکاری ئاخافتن (سیناریۆ) | وانەی ژ.چالاکی<br>٦ ٨ |
| تشرینی دووەم<br>١٩ ڕۆژ | وانەی ژ.چالاکی<br>٧ ٦<br>ئێك و دوو (هۆنراوە) | وانەی ژ.چالاکی<br>٩ ٨<br>(ئاو) | وانەی ژ.چالاکی<br>١٠ ٥<br>بڵێن بەڵی (هۆنراوە)<br>وانەی<br>١١ ٥ | وانەی ژ.چالاکی<br>١٢ ٧<br>١٣ ژ.چالاکی ٨<br>(شاری یاری) سیناریۆ |
| کانوونی یەکەم<br>٢٦ ڕۆژ | وانەی ژ.چالاکی<br>١٤ ٧<br>پەپوولە (هۆنراوە) | وانەی ژ.چالاکی<br>١٥<br>٨<br>منداڵی کوردستانن<br>(هۆنراوە) | وانەی ژ.چالاکی<br>١٦، ١٧، ٩<br>ژ.چالاکی<br>١٨ ٦<br>بویکا بارانێ (هۆنراوە) | وانەی ژ.چالاکی<br>١٩<br>پاکوخاوێنی ژینگە<br>(هۆنراوە) |
| کانوونی دووەم<br>١٠ ڕۆژ | وانەی ژ.چالاکی<br>٢٠ ٩<br>مین و تەقەمەنیەکان<br>(هۆشیاری) | پێداچوونەوە | پشووی وەرزی | |

وەرزی دووەم لە ٢٤ /١ تا ١٤ / ٥ / ٢٠١٤

| مانگەکان | هەفتەی ١ | هەفتەی ٢ | هەفتەی ٣ | هەفتەی ٤ |
|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم<br>٧ ڕۆژ | / | / | / | بیرخستنەوە<br>ناوی وێنەکان بنووسە<br>وانەی ژ.چالاکی<br>٢١ ٧ |
| شوبات<br>٢٤ ڕۆژ | بەهار (هۆنراوە)<br>وانەی ژ.چالاکی<br>٢٢ ٨<br>٢٣ ٧ | زمانی کوردی<br>(هۆنراوە)<br>وانەی ژ.چالاکی<br>٢٤ ٦<br>٢٥ ٨ | وانەی ژ.چالاکی<br>٢٦ ٧<br>٢٧ ٨<br>نەورۆزە مەستم<br>(هۆنراوە) | باخچەی گیانداران<br>(سیناریۆ)<br>وانەی ژ.چالاکی<br>٢٨ ٨ |
| ئازار<br>١٤ ڕۆژ | وانەی ژ.چالاکی<br>٢٩ ٨<br>٣٠ ٨ | پشووی وەرزی دووەم | پشووی وەرزی دووەم | پێداچوونەوە<br>وانەی ژ.چالاکی<br>٣١ ٨ |
| نیسان<br>٢٠ ڕۆژ | وانەی ژ.چالاکیی<br>٣٢ ٨<br>باخچەکەمان (سیناریۆ) | چیرۆکی خەون<br>ژ.چالاکی ٣ | وەرزەکان<br>ژ.چالاکی ٣ | پشووی هاوین (دەق)<br>ژ.چالاکی ٣ |
| ئایار<br>١٠ ڕۆژ | ئەلفوبێی کوردی<br>(پێداچوونەوە) | / | / | / |

# بەشی پێنجەم

# زانیـاری پێویســـت

**١/٥ دەنگ و پیتەکانی زمانی کوردی:**

زۆر گرنگە مامۆستای ئەلفوبێی کوردی شارەزایی تەواوی دەربارەی چۆنییەتی گۆکردنی دەنگەکان و شێوە نووسینی دەنگەکان (پیتەکان) هەبێت، هەر بۆ ئەم ئامانجە ئەم هێلکارییە دەخەینە ڕوو هیواداریـن مامۆستا سوودی لێوەربگرێت.

| | چۆنییەتی دروستبوون | لێوی | لێوی ددانی | ددانی | پووکی ددان | پووکی | مەلاشووی ڕەق | مەلاشووی نەرم | زمانە بچکۆلەیی | قوڕگی | قوڕگی (بنی قوڕگ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گیر | ✓ ✓ | پ p<br>ب b | | ت t<br>د d | | | | ک k<br>گ g | ق q | | |
| لەرزۆك | ✓ ✓ | | | | | چ Ç<br>ج C | | | | | |
| خشۆك | ✓ ✓ | | ف f<br>ڤ v | | س s<br>ز z | | ش ş<br>ژ j | خ x<br>غ X | | ح ḧ | هـ h |
| لووتی | ✓ | م m | | ✓ | ن n | | | | | | |
| لازمانی | ✓ | | | | | ل L | ڵ L | | | | |
| هەڕۆك | ✓ | | | | | ر r<br>ڕ ř | | | | | |
| نیمچە بزوێن | ✓ | و w | | | | | ی y | | | | |

سازگەو چۆنییەتی دروستبوونی پیتە کۆنسانانتەکانی زمانی کوردی

**پیتە بزوێنەکان ( ڤاوڵەکان ):**

{ ا ، ی ، یٚ ، و ، ۆ ، وو ، ـە ،وی ، -- / i , w î ,e , û , o, u , ê . î . a } ئەم دەنگانە بەهۆی زمان و دوو لێو دەدرکێن، هەموو ڤاوڵەکانیش (گڕن)

کەبەگشتی باسی دەنگەکانی زمانانی جیهان دەکەین ( فۆنەتیک) دەلێین : ب ، ر ، ت ، د ، س ...(فۆن) ن.

کە باسی زمانێکی تایبەتی دەکەین ( فۆنۆلۆژی)، بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی دەڵین : ر، ڕ ،گ ،ڤ ... (فۆنیم) ن .

لە نوسینی ( ڕێنووسی) زمانی کوردی دەڵین : ب ، ر ،ڕ ، ت ، د ،س ..... ( پیت) ن.







**شێوەی دەنگەکان ( پیتەکان ):**

- پیتە بێخاڵەکان: (د ، ر، و، وو، ۆ ، س ، م ، ی ، ح ، ك ،ل ، ه ، گ ، ع)
- پیتە یەکخاڵەکان: ( ز ، ب ، خ ، غ ، ن ، ف ، ج )
- دووخاڵەکان : ( ق ، یـ ، ت ، یٚ )
- سێخاڵەکان : ( ڤ ، چ ، پ ، ش ، ژ)
- ئەو پیتانەی حەوتیان هەیە (ڵ ، ۆ ، ڕ) ( یٚ )
- بزرۆکە .... (i)
- (ا،ە)\




### ٢/٥ ڕێگاکانی گوتنەوەی ئەلفوبێ:

١- شاڕێگای پێکهێنانەوەیی (الطريقة التركيبيه)
٢- شاڕێگای شیکردنەوەیی (الطريقة التحليلية)
٣- ڕێگای تێکەڵ (المزدوجه)

### یەکەم: شاڕێگەی پێکهێنانەوەیی:

ئەم ڕێگەیە لە بەشەوە بۆ گشت دەست پێ دەکات، واتە لە نادیارەوە بۆ دیار، بە واتەیەکی دی :بەشە بچووکەکان پێکەوە دەلکێنێتەوەو بەشە گەورەکان (وشە و ڕستە) دروست دەکاتەوە، لەم لقانە پێک دێت:

### أ- ڕێگەی ناوی:

ئەبجەدیشی پێ دەگوترێت، لەم ڕێگەیەدا قوتابی فێری ناوی پیتەکان دەکرێت و پێی لەبەر دەکرێت وەکو جاران کە لە مزگەوتەکاندا پەیڕەو دەکرا( ئەلف، بێ، تێ.....) کە بە پێی لێکچوونی شێوەی پیتەکان ڕیزکراون دواتر هێمای پیتەکان فێر دەکرێت .

(ا، ب،پ،ت،ج،ح،خ،چ....تاد) تاکو پاشتر فێرکردنی وشە (دەستی پی ْدەکرد، بە حونجە کردن(التهجی). هەندێک مامۆستا کۆمەڵە پیتێک بە (دەنگ و شێوە) فێردەکەن و قوتابی ڕادەهێنن کە وشەی لێ دروست بکات پاشان کۆمەڵەیەکی دی پیت فێر دەکرێن و لە هەردوو کۆمەڵەکە و پیتەکانی تر وشەی نوێ دروست دەکرێت تاکو هەموو پیتەکان تەواو دەبن لە ئەلفوبێی کوردیدا، کەئەلفوبێی عەرەبی بۆ گونجێنراوە دەشێت ئەم نموونانە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم ڕێگەیە بەکار بهێنرێن:

(دال/د، ئەلیف/ ا، ڕێ/ ڕ، یاو- یێ/ی) فێر دەکرێن و ئەم وشانەیان لێ دروست دەکرێت (دار، دارا، داری، دی ، دادا). هەروەها کۆمەڵەی دووەم: (زێ/ز، بزوێنی کورت/ە، واو/ و، دوو واو- وو....تاد) کە وشەکانی (زارا، زوو، وازی، وەرە، دەرەوە، دادە، دەی....تاد) لێ دروست دەکرێن..

ئەم ڕێگەیە لەگەڵ زانین و ئاستی بیرکردنەوەی منداڵدا پێچەوانەیە، چونکە لە نادیار و نەناسراوەوە بۆ ناسراو و دیار سەر دەکەوێت. خەوش و لاوازیی و بێ هێزیی هەن، هەروەها لایەنی هێزیشی هەیە کە باسیان لێوە دەکرێت ... لاوازترینیان سستیی و خاوییە لە خوێندنەوە و نووسیندا و کەم پێی لە تێگەیشتندا هەروەها وەرنەگرتنی مادەی خوێندراوە کە چێژی خوێندنەوە لای منداڵ دەکوژێت، ئەوەیش لەبەر ساغ کرنەوەی وشەکانە بە حونجە کردنیان بە مەبەستی خوێندنەوەیان، لێرەدا واتای بابەتەکە و چێژەکەی لەدەست دەچێت.بۆ نموونە ئەگەر وشەی (دارا)حونجە بکرێت بەم شێوەیە دەردەچێت:د،ئا،دا،ر،دار ،ئا،دارا...کە بە شەش جاران وشەکە تەواو دەکرێت و زۆر لە وشەی (دارا)وە دوورە!!ئەگەر بێت و ڕستەیەک بەم شێوازە حونجە بکرێت قوتابی چی لە واتا تێدەگات وچێژ لە چی وەردەگرێت؟

## ب- ڕێگەی دەنگی:

هەروەکو ڕێگەی ناوی بە فێرکردنی پیت دەست پێ دەکات. بەڵام بەدەنگ و شێوەکەی – نەبە ناوەکەی (/د/، /ر/، /ا/ ، /ە/ ، /ی/ ، /ێ/ ، /ب/ ،/ز/ ....تاو) دواتر دەنگ و شێوەی پیتەکان لەناو وشەدا دەردەخرێن و، لە کۆتایی وشەکاندا بەشێوەی کۆتایی سەربەخۆ. دەنووسرێن :

دار : دا.... (ر)

داو:دا..... (و)

لە پیتەکانی (ی،ێ،ب)دا فۆرمی لەت/ کەرت پیتەکە فێر دەکرێت (یـ،ێـ،بـ....) ئەم ڕێگەیە بۆ مامۆستا ئاسانە، بەتایبەتی گەر هاتوو ژمارەی قوتابییەکانی زۆر بن... چونکە منداڵ لە گۆکردنی پیتەکاندا گرفتی نایەتە ڕێ، هەروەکو لە ڕێگەی ناوی دا ژمارەیەک پیتی زۆر لە ماوەیەکی کورتدا فێری منداڵ دەکرێت. کە مایەی دڵخۆشیی قوتابی و خێزانە و خۆشیشە بۆ مامۆستاش هەروەها دەشتوانێت وشە بەڕاستیی و بێی هیچ هەڵەیەک بنووسێت، بەڵام هەروەکو دەستە خوشکەکەی (ناوی) هەر ئەو خەوشانەی خاویی خوێندنەوە و واتا لەدەست دانی تیادا دووبارە دەبێتەوە، با کەم هەڵەش بێت لە نووسیندا هەر کەم پێیە و دەنگی پیتەکان لە خوێندنەوەدا درێژ دەکاتەوە کە دەشێت بەهۆی بەکارهێنانی وشەی نووسراوی سەرکارتەوە و بەخێرایی زوو زوو پیشاندانی و لابردنی یەوە ڕەهایی و خێراییشی لە خوێندنەوەشدا پێ پەیدا بکرێت.

## ج- ڕێگەی بڕگەیی:

بەناوەکەیدا بە بڕگە دەست پێ دەکات، بڕگە بریتییە لە لێکدان- بەدوای یەکدا هاتنی- دوو دەنگ یان پتر.... لە زمانی کوردییدا بڕگە لە(١-٣) نەبزوێن و بزوێن (ڤاول)ێک پێکدێت، لەم قۆناغەدا لە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دا تەنیا بایەخ بە هەردوو ڤاوڵی (/ا/، /ە/) درێژ و کورت دەدرێت لە دروست کردنی بڕگەدا نابێت بە (ا-ئا، ە-ئە) بناسێنرێن کە بە کاریگەریی ڕێگەی ناوی و نەشارەزایی وا نابراون، پێویستە دەستی لێ هەڵ بگیرێت و پەرت نەکرێن لە بڕگەدا، پەرتیش کران بە دەنگەکانیان نەناسرێن بە (بزوێنی درێژ /ا/ و بزوێنی کورت /ە/ نەبێت ناسنینی بزوێنەکانی دی هەڵ دەگیرێت بۆ پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم کە منداڵ توانای باشتر بەسەردا دەشکێت. نەبوونی واتا لە زۆربەی بڕگەکاندا بێتام و چێژی و سوانێک لەلای منداڵ پەیدا دەکات و دەبێتە هۆی دڵ ساردیی، چونکە هاندەر نییە بۆ بەرەو پێشەوە چوون هەروەها لەبەر ژمارە زۆرییان درەنگ دێنەوە بیری منداڵ بۆیە باری منداڵ گران دەکات کاتێک دەیەوێت وشەیەک بنووسێت هەر چۆنێک بێت لە ڕێگەی ناوی و دەنگی باشترە و یارمەتی منداڵ دەدات کە زووتر وشەیان تێدروست بکات، هەروەها منداڵ لە نووسیندا ڕەهایە و هەڵەی ڕێنووسی کەمتر دەکات، و خەتیشی جوانترە، بەڵام دیسانەوە وەکو دەستە خوشکەکانی لە شارێگەی پێکهێنانەوەیی (ناوی و دەنگی) خاوی و سستی خوێندنەوە و درێژ کردنەوەی دەنگی پیتەکان ڕوو دەداتەوە کە دیسانەوە بە

ڕاهێنانێکی زۆر و خێرا و بەردەوام ئەم لاوازییە دەشێت چارە بکرێت، وەکو بەکارهێنانی کارت کە بڕگەکانی لەسەر نووسراوە و وشەکەیان لێ پێکهێناوەتەوە، هەروەها بەبێ دەنگ خوێندنەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت بە تەنیا بەکارهێنانی هەریەک لە ئەلقەکانی شاریگەی پێکهێنانەوەیی هەموو خەوش و لاوازییەکان و لایەنی بێ هێزی و خراپەکانی دووبارە دەبنەوەو دەبنە هۆی دراخستنی یان تەگەرە و کۆسپ دروستکردن لە ڕێگەی فێربوونی خوێندنەوەیەکی ڕەوان و ڕەها دروستدا لەگەڵ سستی و خاوی لە نووسیندا، هەروەها هەوێن نەبوونی خوێندنەوە بەم ڕێگەیە بەچێژ وەرنەگرتن لە بابەتەکە و لە دەستدانی واتا و ڕوونەدانی وەرگرتن (الاستیعاب) بەشێوەیەکی زانستی و پەروەدەیی کە پۆلەکان و قۆناغەکانی دواتردا (ناوەندیی و ئامادەیی و تەنانەت زانکۆشدا، ئەنجامە خراپەکان و لاوازەکانی فێربوونی خوێندنەوە بەم ڕێگەیە (پێکهێنانەوەیی) بە تەنیا، ڕوونتر و ئاشکراتر دەبن و بەدیار دەکەوێت. خەوشەکان شاریگەی پێکهێنانەوەیی:

أ- خەوشەکانی ڕێگەی ناوی:

١- پێچەوانەوەی زانینی (ئیدراک)ی منداڵە، چونکە بە بەش دەست پێ دەکات بۆ گشت لە کاتێکدا چاو شتەکان بە گشتی دەبینێت و پاشان لەچاو شتەکان بەشەکان ورد دەبێتەوە (وەکو گشتاڵتییەکان دەڵێن).

٢- پێچەوانەی سروشتی فێربوونە لە نادیارەوە بۆ دیار دەڕوات و منداڵ لە هەست دەربڕیندا بە وشە و ڕستە هەستی خۆی دەردەبڕێت، نەک بە پیت و وشەی پچڕ پچڕ کراوی بێ واتاو ڕووتەڵ کراو (مجرد).

٣- پیتەکان بێ واتان، منداڵ تووشی بێزاریی و ماندوو بوون دەکەن.

٤- تەنیا بایەخ بە گۆ کردنی دەنگی پیتەکان دەدات واتا پشت گوی دەخات.

٥- منداڵ لە خوێندنەوەدا ستت و خاوە، چونکە وشەکان دەکاتەوە بە بەشە گچکەکانی (پیت و بڕگە)، واتا بزر دەبێت وەرگرتن ڕوو نادات.

٦- سەر کوێرکردنی منداڵی تیادایە و سەر لێ شێوانی، چونکە ناوی پیتەکان نابنە بەڵگە بۆ دەنگەکان وەکو (ل-لام، ن-نون ، تێ،د-دال)

ب- خەوشەکانی ڕێگەی دەنگیی:

١- زۆربەی خەوشەکانی ڕێگەی ناوی تیادایە و بە دەنگ دەست پێ دەکات کە بەشێکی نادیار و هەست پێ نەکراوە، دیسانەوە منداڵ بایەخ بە دەنگ دەدات و واتا پشتگوی دەخات منداڵ لە خوێندنەوەدا سست و خاوەو لەوەی کە دەیخوێنێتەوە تێ ناگات.

٢- هەندێک ڕەوشتی ناپەسەند لای منداڵ دروست دەکات وەکو زۆر درێژ کردنەوەی دەنگی پیتەکان لە گۆ کردندا کە تا دوا قۆناغەکانی خوێندن بەردەوام دەبێت لەگەڵ بەگرانیی گۆ کردنی هەندێک لە دەنگەکان....

٣- وشە بەش بەش دەکات کە لە نووسینشدا منداڵ پچڕ پچڕ دەنوسێت و لەژێر لێوەوە پسە پس دەکات.

٤- هەر وەکو ڕێگەی ناوی چاوی منداڵ لەسەر ڕووبەرێکی خوێندنەوەی ئاسۆ فراوان و خێراو بەرین ڕا ناهێنرێت و وەستانەکانی چاو لەسەر دێڕو وشەکان زۆر دەکات بە گەڕان بۆ سەرەتای وشە، بۆ نموونە.

(دارا- د،ئا ⟵ دا+ر ⟵ دار+ئا ⟵ دارا)

کە ئەم پیتە بزوێنە /ا/، (ئا) نییە و هەڵەیە و پێویستە پێی بگوترێت (بزوێنی درێژ) و بە /ە/ بزوێنی کورت، نەک (ئە)! ئەم دوو بزوێنە (ڤاوڵ)ە بە تەنیا دەنگیان نییە و لە تەک پیتەکاندا بڕگە دروست دەکەن ..

هەروەها لە ڕستەکانیشدا هەر وشەیەک کە حونجە کرا دەبێت منداڵ بچێتەوە سەرەتای ڕستەکەو بڵێتەوە.. کە چێژو واتا بزر دەبن.

ج- خەوشەکانی ڕێگەی بڕگەیی:

ئەم ڕێگەیە لە هەردوو ڕێگەی ناوی و دەنگی باشترە، چونکە لایەنەکانی بەهێزیی هەردوو ڕێگەکەی تێدایە و لەسەر یەکەی گەورەتر(بڕگە) بنیات نراوە و منداڵ دەتوانێت پیتەکان بەڕاستی بەبێ گرێ و هەڵە و زۆر لەخۆکردن و ماندوو بوون بخوێنێتەوە، بەڵام خەوش و لاواز ییەکانی ئەمانەن:

١- لەسەرەتای پرۆسەی فێربوونی خوێندنەوەوە بارێکی گران دەخرێتە سەر یاد و زەینی منداڵ، چونکە منداڵ لەسەریەتی کە بڕگە گەلێکی زۆر کە لەوە و پێشتر خوێندوویەتی- بهێنێتەوە یادی خۆی تاکو بتوانێت وشەیەک بخوێنێتەوە یان دروست بکات ئەگەر بتوانێت ئەوە دەستە وەستان دەبێت و وشەکەی بۆ ناخوێندرێتەوە یان پێکی ناهێنێتەوە.

٢- ڕێگەی بڕگەیی پشت بە بەشەکانی وشە دەبەستێت بۆیە لە لاوازییەکانی (خەوشەکانی) هەردوو ڕێگەی (ناویی و بڕگەیی)دا هاوبەشە.

٣- بەڕێگەی بڕگەیی دەست کردن بە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین و بەکارهێنانی وەکو ئامانجێك لە فێرکردنی خوێندنەوەدا نەك وەك هۆکارێکی فێرکردن، ئەوا دەفتەر و کتێبی خوێندنەوەی منداڵ دەبێتە تۆمارێکی سەیری مەشق و ڕاهێنانی زۆر و نامۆ و دوور لە زانیاریی و توانای منداڵەوە و هیچ هاندەرێکی بۆ منداڵ تیادا نابێت.

٤- لەبەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەی فێربوونی خوێندنەوەدا منداڵ پتر لە هەزار بڕگە فێر بووە، کە دەبێتە هۆی شێرزە بوونی و سەر لێ شێوانی منداڵ و زانیاریی لەبیرچوونەوە.

٥- هەرسێ لقەکەی ڕێگەی پێکهێنانەوەیی (ناویی،دەنگیی و بڕگەیی) هۆیەکن بۆ فێرۆدانی و لەدەستدانی وزە و کاتێکی زۆر لە فێربوونی پیت و بڕگە و دەنگەکاندا گەر بێت و هەر بە تەنیا پشت بەخۆیان ببەسترێت .

## لایەنە بەهێز و چاکەکانی هەرسێ ڕێگەی (ناوی- هەجائی- دەنگی و بڕگەیی):

**لەگەڵ ئەولاوازیی و خەوشانەدا کە لەهەرسێ لقە ڕێگەکەدا باسکران ئەم سێ لقە (ناوی، دەنگی و بڕگەیی) لە خاڵی هێزو چاکی بێبەری نین:**

١- شیی کردنەوەی وشە بۆ بەشەکانی ( پیت و دەنگەکانی و بڕگەکانی) لە گۆکردن ڕەوان و تەواودا یاریدەی منداڵ دەدات.

٢- ئەگەر پیت بە یەکەیەکی سەربەخۆ دانرا، ئەوا لەڕێگەی دەنگیدا منداڵ بە تەواوی و ڕێکوپێکی گوێ دەکات بە مەرجێك نە لەسەرەتاداو نە لەدوایی پیتەکاندا- دەنگی زیادەی بۆ دانەنرێت، وەکو (ئن،ئر ئز....یان (ری،زی، زززز-ڕرڕژ نەکرێتەوە) و بە تەنیا دەنگی پیتەکە خۆی بێت /ن/، /د/ ، /ی/ ، /ل/ .....تاد، بەڵام کە بڕگە دروست کرا (وا،دە،وە،زە،زا..تاد) لە لێکدان و پێکهێنانەوەدا ئاسانتر و خێراترە.

٣- منداڵێك بەم سێ ڕێگەیە (ناوی، دەنگی و بڕگەیی) فێری خوێندنەوە و نووسین بکرێت هەڵەی ڕێنووس (ئیملا)ی کەمتر دەبێت، چونکە پیتەکان بە (شێوە و دەنگ) باش و چاك دەناسێتەوە، بەڵام نابێت خاوی و سستییەکەی لە خوێندنەوە و نووسیندا لەبیر بکرێت (خەوشەکان).....!

٤- لە خوێندنەوەشدا هەڵە ناکات و بەڕاستیی وشەکان پێك دەهێنێتەوە و دەنگەکان دەردەخات، بەڵام- دیسانەوە- بەخاویی و سستیی و بڕ بڕ خوێندنەوە و بزر کردنی واتا....!

ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێت ناشێت و ناکرێت کە دەست لە ئەم سێ لقە ڕێگەیە هەڵ بگیرێت و بەکار نەهێنرێن، بەڵام ناشبێت بە تەنیا پشتیان پێ ببەسترێت لە زنجیرەی تێکەڵکردنی هەر دوو ڕێگەکەدا نەبێت... لەبەر ئەوەی پیت و ناسینەوەی دەنگ و شێوەکەی بناغەی خوێندنەوە و نووسینن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەر بە تەنیا هەرسێکیان بکەینە بنەمای پرۆسەی فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین.

**دووەم : شارێگەی شیکردنەوەیی :**

مەبەست لە شیی کردنەوە لە گشتەوە دابەزینە بۆ بەش، بە گوتەیەکی دی لە دیارەوە بۆ نادیار گەورەترین یەکەی فێرکردن لەم ڕێگەیەدا چیرۆک (دەق )ێکی تایبەت بە فێرکردنی ئەلف و بێ یاخود گۆرانییەك كە تیایاندا ڕەستەکان و وشەکان بەمەبەست دووبارە و چەند بارە دەکرێنەوە تاکو منداڵ پێیان ئاشنا ببێت و بیانناسێتەوەو بیابخوێنێتەوە پاشان دادەبەزێت بۆ ڕووتەڵکردنی پیت و ناساندنی بەدەنگ و بەشێوە (هەر دوو شێوەی کۆتایی و سەرەتایی).

ئەم ڕێگەیە لەگەڵ هۆش و بیرو زانین (ئیدراکی منداڵدا دەگونجێت چونکە شتەکان بەگشتی دەبینێت و پاشان بۆ بەشە گچکەکانی تر شۆڕدەبێتەوە بە واتایەکی دی فێربوونی خوێندنەوە بە مەتەڵ (لغز) و شتی نادیارو بێ واتا (پیت و برگە) دەست پێ ناکات واتای بابەتەکەو چێژی خوێندنەوە کە بڕ بڕ پشتی ئەم ڕێگەیەن ڕێگەیەن هاندەرن بۆ زووتر فێربوونی خوێندنەوە و خێرایی لە خوێندنەوەدا ئەوەی بووەتە خەوش لەم ڕێگەیەدا بایەخ نەدا نییەتی بە (پیت و برگە) و داویان دەخات بۆ کاتێکی درەنگتر تا ئەو کاتەی کە منداڵ کۆمەڵەیەك ڕستە و وشەی زۆر فێر دەبێت و دەناسێتەوە ئەو کات پیت دەناسێنرێت، کە دەبێتە هۆی لاوازیی توانای خوێندنەوەی وشەی نوێی نەبینراو و نەناسراو هەروەها لە خوێندنەوەی ڕستەی نوێشدا لاواز و کەم توانایە منداڵ تووشی کوێرانە خوێندنەوەی ڕەستەکان و وشەکان دەکات.... کە پێویستی بەوەیە کە بەهۆی ڕاهێنان و مەشقێکی تایبەتەوە ئەم خەوشە لەناو ببرێت لە هەنگاوەکانی دواتردا باسی لێوە دەکرێت.

**شارێگە شیکردنەوەیی ، بە پێی ناونیشان و پێکهاتەکەی بێت، ئەوا دەبێت بریتی بێت لە :**

١-چیرۆك ( دەق)

٢- گۆرانیی و سروود

٣-زانیاریی (خبرە) ( کە ئەم سێ ڕێگەیە بریتین لەیەك شێوەی خستنە ڕووی بابەت بەیەکێك لەو ڕێگەیانە کە تیایاندا ڕستەکان و وشەکان بە مەبەست هەڵدەبژێردرێن و دووبارە و چەند بارە دەبنەوە و منداڵ ئاشنایان دەبێت و دەیانناسێت پاشان دادەبەزێت بۆ شیکردنەوەی ڕستەکان)، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا پتر پەیڕەو کراوە ڕێگەی (چیرۆك) یان دەقێکی ئاساییە وەکو لە کتێبی ئەلفوبێی کوردی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دا لە دانراوی ئیبراهیم باڵدار، کە هەر بابەتێك بۆ ناساندنی پیتێکی نوێ و مەشقکردن لەسەر پیتەکانی ترە- چونکە هەرچی گۆرانی و سرووده لەگەڵ زانیاریی گرانن کە دەقیان لێ دروست بکرێت... ئەویش لە هێنانی ئەو هەموو ڕستە و شانەدایە کە بەکاری دووبارە کردنەوە بێن و مەبەست بە دەستەوە بدەن.

بۆیە گەر بمانەوێت ئەم شارێگەی شیی کردنەوەییە ڕیز بەندی (تەرتیب) بکەین وەکو ئەو شێوە باوەی پەیڕەو کردنی ئەم ڕێگەیە لە فێرکردنی خوێندنەوەدا ئەوا ئەم ڕیز بەندییەی خوارەوە لە بارو گونجاوە:

أ- **ڕێگەی وشە ، (ببینە و بڵێ) (وێنە و نووسین)**

ب- **ڕێگەی دستەواژە (گرێ)**

ج- **ڕێگەی ڕستە**

د- **ڕێگەی چیرۆك**

ه- **ڕێگەی گۆرانیی و سروود**

و- **ڕێگەی زانیاریی (خبرە)**

لێرەدا بۆ شارەزایی مامۆستای پۆلی یەکەم و ئاشنا بوون بەم شارێگەیە، یەك یەك ڕێگەکانی دەخرێنە ڕوو بە دیاریکردنی خەوشەکان و لایەنەکانی هێزو چاکییانەوە، لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانیان لە فێرکردنی خوێندنەوە و نوسیندا...

## أ- ڕێگەی وشە (ببینەو بڵێ) (وێنەو نووسین)،
لەم ڕێگەیەدا گەورەترین یەکەی فێرکردن وشەیە، بۆیە پشت بە ناسین و ناسیەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە دەبەستێت کە منداڵ بەهۆی دیتنیانەوە لەسەر کارت (کە ڕێگەکە کورت دەکاتەوە و ئاسانتر و خێراتری دەکات و خۆش بە دەستەو کات پشت دەست خەرە) یان لەسەر تەختە فێریان دەبێت و بەڕاهێنان و مەشق کردن لەسەر ناسینەوەیان منداڵ دەگاتە ئەوەی کە بیانناسێتەوە و لێکیان جودا بکاتەوە ئەویش بەهۆی وێنەی شتەکان و ناوەکانیانەوە کە لەژێریاندا، لە پشتەوەی کارتەکە نووسراون لەتەک پیشاندانی وێنەو نووسینەکەدا مامۆستا ناوەکانیان دەخوێنێتەوە و منداڵەکانیش دەیڵێنەوە و یەک یەک لە نزیکەوە کارتەکە دەخوێننەوە، هەروەها لە شوێنی خۆیانەوە لەسەر تەختە و پەردەی گیرفاناوی، کە مامۆستا بەداری ئاماژەکردنەکە پیشانیان دەدات جار لەدوای جار ئاشنایی منداڵەکان بە وشەکان پتر دەبێت. چونکە بەهۆی دیتنی وێنە و نوسین، وبیستنی ناوی شتەکانەوە لە زەین و بیری منداڵدا وێنەی وشەکان دەچەسپێت... لەو بۆچوونەوە کەلایەنگرانی ئەم ڕێگەیە پێیان وایە کە منداڵ بە ناسین و ناسینەوەی کۆمەڵە وشەیەکی زۆر فێری خوێندنەوە دەبێت پێش ئەوەی ناوی پیتەکان و نووسینیان فێر ببێت. بەڵام بێگومان ئەم فێربوونی خوێندنەوەیە سنووردارە لەبەر ئەوەی منداڵ تەنیا ئەو وشانە دەناسێتەوە کە دیوانی بۆیە ناکرێت تەنیا پشت بەم ڕێگەیە ببەسترێت لە فێرکردنی خوێندنەوە و نوسیندا، چونکە منداڵ بە ناسینی پیت و بڕگە دەتوانێت وشەی نوێ بنوسێت، نەک تەنیا بە ناسینی وشە...! لەم ڕێگەیەشدا هەنگاوی ناساندنی پیت دوادەخرێت تاکو ناسینی کۆمەڵە وشەیەکی زۆر ئەم هەنگاوەش فێرکردنی وشە بارێکی گرانە لەسەر بیرو زەینی منداڵ و لە پرۆسەی فێربوونێکی ڕاست و دروستی پەروەردەییانە و زانستییانەی دوور دەخاتەوە.

لە دووبارە کردنەوەی ناساندنی وشەکاندا بەپێی ئەم ڕێگەیە شێوەی پیتەکانیش لای منداڵ ئاشنا دەبن و دەچەسپێن و لە هەنگاوی یەکەمی جوێکردنەوە و رووتەڵ کردنی پیتەکاندا، یەک یەک بە دەنگ و شێوەی کۆتایی پیتەکان (ن، ب،پ،ت،ف،ڤ...تاد) دەناسرێن و ڕاهێنان لەسەر نووسینیان و گۆکردنیان دەکرێت لەسەر تەختە و ناو دەفتەر ... و لە هەنگاوی دووهەمدا پیتەکان بە هەردوو شێوە فێر دەکرێن:

(ن نـ،پ پـ، ت تـ ، ف فـ.....تاد) دواتریش مامۆستای چالاك و هۆشیار یەکسەر هەوڵی دروستکردنی بڕگە (مقگع) دەدات لەو پیتانەی ناساندوونی بۆ دروستکردنی وشەی تازە وەکو هەنگاوێك بۆ کەڵك بەخشینی فرە تردا بۆ فێرکردنی منداڵ ئەم ڕێگەیە ناوەندی گواستنەوەیە لە نێوان هەردوو ڕێگەی پێك هێنانەوەیی و شیی کردنەوەیی دا،چونکە وشە لە (بڕگەو پیت)پێکهاتووە و ڕستەیش لە وشە کە خاڵێکی هێز و چاکییە بۆ ئەم ڕێگەیە، چونکە لەو وشەدا واتا پارێزراوە و شتێکی نادیار نییە.

هەروەها منداڵیش بەخێرایی وشەکان دەخوێنێتەوە و گت (وقفە) ناکات و ڕاناوەستێت گەر بێت و مامۆستا هەر پشت بەم ڕێگەیە (وشە) ببەستێت ئەوا منداڵ فێری کوێرانە خوێندنەوە دەبێت و توانای ناسینەوەو خوێندنەوەی وشەی نوێی نابێت ... هەروەکو چۆن لە بەکارهێنانی تەنیا ڕێگەی (دەنگی ، بڕگەیی)دا خەوشەکان سەر هەڵ دەدەن لێرەش وایە...

## ب- ڕێگەی دەستەواژە

دەستەواژە بەو دەربڕینە دەگوترێت لەسەروو وشەوەیە (لە وشە گەورەترە) و ناگاتە ڕستە ، لە ڕووی واتاو بێژەوە لەسەرووی وشەوەیە و لە ڕستە کەمترە، بە تایبەتی لە واتادا دەستەواژە لە دوو وشە یان سێ وشە پێکدێت و مەرج نییە کە واتای تەواو بە دەستەوە بدات بەو شێوەیەی کە لە ڕستەدا ئەنجام دەدرێت هەموو ڕستەیەکی کورت دەستەواژەیەك، بەڵام مەرج نییە هەموو دەستەواژەیەك ڕستە بێت.. لە کتێبی ئەلفوبێی نوێی پۆلی یەکەمدا، دانراوی (ئیبراهیم باڵدار) لەناو دەقەکاندا لە سەرانسەری کتێبەکەدا دەستەواژەی زۆر دەبینرێت.

(دری دارا، داوی دارا، مەری من، کەوی من، تووتکە سوور، دوور دوور، زوو زوو ، دۆی دادە، میوژی زۆراب......تاد) لەناو ڕستەکاندا، نەک بە تەنیا گەر بێت و کتێب بەم ڕێگەیە دابنرێت هەنگاوەکانی ڕێگەی وشەو ڕستە لە گوتنەوەیدا پەیرەو دەکرێت بەوەی کە وەکو وشەو ڕستە ژمارەیەکی زۆر دەستەواژە فێر دەکرێت و دەناسرێتەوە تاکو شێوەی پیتەکان و دەنگەکانیان بە منداڵ ئاشنا دەکرێن و پاشان پیت ڕووتەڵ دەکرێت تاکو هەموو پیتەکان دەناسرێتەوە.

لاوازی و خەوشی ئەم ڕێگەیە لە بەدەستەوە نەدانی واتادایە، بە تایبەتی گەر بێت و هەر خۆی بکرێتە بابەت بۆ فێرکردنی خوێندنەوە، چونکە واتا تەواو نابێت، وەکو ئەم نموونانە:

(وی، وی ، داو)، (دۆی دادە) ، (تەپ، تەپ، تەپ) .تاد. بەڵام گەر بێت و لەناو بابەتدا بن واتای ڕستەکان تەواو دەکەن.

بەڵای زۆرەوە بەکارهێنانی بە تەنیا بێ ئەنجام و سوودە و منداڵ و مامۆستایش ماندوو دەکات تەنیا وەکو لایەنێکی تیۆری (نەزری) بەکار دێت و پیادە ناکرێت بۆ جێبە جێکردن و فێرکردن لەگەڵ ئەمەشدا لەناو دەقدا یاریدەرێکی باشە بۆ بەپێزکردنی واتای ڕستە... و لە ڕستەشدا مامەڵەی وشەی لەتەکدا دەکرێت بۆ ڕووتەڵکردنی پیتەکان خۆی بە تەنیا کێش و پێز و هێزی ئەوەی نییە بێ پاڵپشتی ڕێگەی وشە و ڕستە ئەنجام بە دەستەوە بدات... تەنیا ناسینی بەسە بۆ مامۆستای ئەلفوبێ.

## ج- ڕێگەی ڕستە:

لەم ڕێگەیەدا یەکەی فێرکردن ڕستەیە، کە خاوەنی واتایەکی تەواوە لەسەر بنەمای (گشت پێش بەشەکانی دەرک دەکرێت) دامەزراوە.

لەم ڕێگەیەدا کە بە تەواوکەر و بەردەوامی ڕێگەی وشە دادەنرێت ئەگەر لە ڕێگەی شیکردنەوەییدا بە ڕێگەی ڕستە دەستپێبکرێت مامۆستا کۆمەڵە ڕستەیەکی کورتی ئاشنا بە منداڵ و باو لە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەکەیدا بە منداڵ دەناسێنێت بەهۆی خوێندنەوەیان وگۆ کردنیانەوە، یاخود نووسینیانەوە لەسەر کارت یان لەسەر تەختە بە تەباشیر ... بەجۆرێك ڕستەکان تەواوکەری واتای یەکەی بن و نزیک بن لە ئارەزووی منداڵی پۆلی یەکەمەوە دەبرێ هەست و خۆزگەکانی بن و لای ئامۆ نەبن بوونی پێوەندیی واتایی نێوان ڕستەکان کاریگەرن لەسەر یەکخستنەوەی بیری منداڵ و پرژو بڵاو پێنەکردنی، لەلایەکی ترەوە پێویستە لەکاتی دانانی وشەکان لە لایەکی ترەوە ڕەچاو بکرێت، تاکو بتوانرێت لەناو وشەکاندا پیتەکان بە پێی پلان و زنجیرەیەك بە منداڵ ئاشنا بکرێن و پاشتر لە هەنگاوی ڕووتەڵکردنی پیتەکان بە ڕێکو پێکی بە منداڵ بناسێنرێن، ڕستەکانیش نابێت ژمارەی وشەکانیان لەسێ و چوار وشە پتر بن، چونکە ڕستەی درێژ دەبێتە هۆی ماندوو کردن و چەواشە کردنی منداڵ و گرانتر کردنی دووبارە و چەند بارە کردنەوەیان و سڵ کردنەوەی منداڵ لێیان ...فێر نەبوونیان یاخود درەنگ ناسینیان و خوێندنەوەیان لە هەنگاوی دوای ناسینەوەی ڕستەکاندا مامۆستا دەست بە ناساندنی وشەکانی ناو ڕستەکان دەکات...بە تایبەتی ئەو وشانەی کە پیتی هاوبەشیان تیادایە تاکو باشتر لە هەنگاوێکی تردا وشەکانیشی بۆ برگەکان و پیتەکانی شیکردنەوە هەر لەگەڵ ناساندنی پیتەکاندا هەوڵبدرێت کە منداڵ فێری دەنگ و شێوەی پیتەکە بکرێت و زۆری لێنەکرێت و ئازادیی تەواوی پێ بدرێت هەر لە بەکارهێنانی تەختە و لە هەواداو بەقوڕی دەستکرد و کەرەسەی تردا پێش لەسەر دەفتەر نووسین، تاکو ئازادانە بجووڵێتەوە و ترسی بۆ پەیدا نەبێت بەرانبەر نووسین و پرۆسەی فێربوونی نووسین بە خەتێکی جوان ئەم ڕێگەیەیش گەر بە تەنیا بەکار بهێنرێت و بەم شێوەیەی لێرەدا باسکراوە خرایە ڕوو ئەوا وەکو ڕێگەی وشەو ڕێگەکانی تری پێك هێنانەوەیی ناکامێکی سەرکەوتووی باش بە دەستەوە نادات ئەگەر مامۆستایان دانەبەزنە ئاستی ناساندنی برگە و پیت و جارێکی دیکەش سەرنەکەونەوە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و لە وشەکانیش ڕستەی نوێ...

### د- ڕێگەی تێکەڵ / ئاوێتە (تەولیفی):

مەبەست لەم ڕێگایە بەکارهێنانی لقە ڕێگاکانی هەردوو ڕێگا سەرەکییەکەیە لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسیندا و پشت نەبەستنە بە تەنیا ڕێگایەك. لەم ڕێگایەدا پێویستە بە گشت دەست پێبکرێت، واتە : لە وشەوە یان دەستەواژە و دەق، وپاشان دابەزین بۆ بڕگە و دواتر پیت و جارێکی دیکە سەرکەوتنەوە بۆ وشە. کەواتە هیچ کام لەم ڕێگایانە پشتگوێ ناخرێت و کەڵکی لێوەر دەگیرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت تێکەڵکردنەکە نابێت کوێرانە بێت: بەڵکو دەبێت ڕێکوپێك و بەدوای یەکدا هاتنێکی مەبەستی هەنگاوەکان پەیڕەو بکرێت ، ئەوەش بۆ گەیشتن بە ئامانج کە نەهێڵانی هەموو خەوش و لاوازییەکانی هەردوو شاڕێگای ( پێکهێنانەوە و شیکردنەوە) یە ڕۆیشتنە لەسەر ( لە گشتەوە بۆ بەش و سەرکەوتنەوەیە بۆ گشت): بە واتایەکی دیکە : پیت و بڕگە لە ناو وشەدا دەناسێنرێن دواتر کە پیت ڕووتەڵ (تجرید) کرا، دوای ناساندنی بزوێنەکانی (ا ، ە) وەکو - سەرەتایەك - دەست بە دروستکردنەوەی بڕگە دەکرێتەوە و پاشتریش وشە لەو پیت و بڕگانە دروست دەکرێتەوە و لە هەنگاوەکانی دیکەدا ڕستەش دروست دەکرێت نموونە: لە وشەی (زەرد) دا پیتی (د) بەم شێوەیە ڕووتەڵ دەکرێت : زەر د ، هەروەها لە (چاو) دا (و)، لە (دار) دا (ر) بە یارییەك هەردوو بزوێنی (ا،ە) درێژو کورت دەناسرێن و هەڵی بڕگە دروستکردن ئاسان دەکرێت، و ئەم بڕگانە دروست دەکرێن (دا، را، وا، دە، وە، ڕە) کە دەتوانرێت وشەکانی : دارا، داو، وەرە، وەو، دادە، دەوەرە، ...تاد دروستبکرێن بەم شێوەیە لەهەر وشەیەکدا بخوازرێت پیتێك ڕووتەڵبکرێت دەکرێتە نموونە و بە دوایدا هەموو پیتەکان دەناسرێن و وشە و ڕستەیان لێدروست دەکرێت. ئەگەر ڕستەش کرا بە وەسیلە بۆ ناساندنی وشەو بڕگە و پیت بە هەمان شێوە پیت ڕووتەڵدەکرێت و جارێکی دی بۆ دروستکردنەوەی وشە سەر دەکەوینەوە وەکو ئەم هێڵکاریە (وشە ـــ بڕگە ـــ پیت ـــ بڕگە ـــ وشە) و سەردەکەوێتەوە بۆ دەستەواژە و ڕستە بەم جۆرە بە ئاسانی خەوشەکانی هەردوو ڕێگاکە لادەبرێن و ڕێگای ئاوێتە بەکاردەهێنرێت.

مەبەستمان لە خستنەوە رووی ڕێگاکانی فێرککردنی ئەلفوبێ، هەندێ مامۆستا هەرچەندە ماوەیەکن مامۆستای ئەلفوبێن، بەڵام بە پێی پێویست شارەزاییان لە ڕێگاکانی وتنەوەی ئەلفوبێ نییە، لە لایەکی دیکەش دەمانەوێت جارێکە دیکەش تیشك بخەینە سەر لایەنی خەوشی و بەهێزی ڕێگاکان و ئایا کام ڕێگا بە تەنها توانیویەتی بە تەواوەتی سەرکوتووی بهێنێت ؟ ئاشکرایە کە هیچ ڕێگایە لەم ڕێگایانە نەیانتوانی بە تەنها ئامانج بپێکێنن، بەڵام کۆکردنەوەی لایەنە بە هێزەکانی ئەم ڕێگایانە شان بەشان لەگەڵ ڕێنمایی و زانیاریە تازەکانی پەروەردەیی وەك : بایەخدان بە وێنە، توانای دەربڕین ، گوێگرتن، هەست و بیرۆکەی منداڵ، دڵنیایین کە سەرکەوتنی باش بەدەست دەهێنین، پێویستە فەرهەنگی زمانی منداڵ وا دەوڵەمەند بکرێت لە وشە و دەربڕینی زمانی، کە خۆی بیسەلمێنێت و بەرامبەر لێی تێبگات و بتوانێت گفتوگۆی پێبکات.

لە دانانی کتێبی (خوێندنی کوردی) پۆلی یەکەم، گشت ئەم خاڵانە ڕەچاو کراون، دیارە بایەخدانیش بە دەربڕین لە ڕێگای وێنە شێوازێکە لە پەروەردەکردن، ئەمەیان جۆرە ئازادی و باوەڕبەخۆبوونێك بە منداڵ دەبەخشێت، بە هۆی ڕاهێنان و چالاکییەکان ئەندێشە و بیرو هزری منداڵ فراوان و بە تواناتر دەبێت، چونکە زمان خۆی لەخۆیدا ڕێگەیەکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیر و را، وێنەش ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی بیری مرۆڤ ، تێکەڵاو کردنیان لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوونی زمان ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە.

# فەرهەنگۆك

| وشە | واتاکەی | وشە | واتاکەی |
|---|---|---|---|
| پەیکاڵ | هاوجووتبوون ، تەتابق | دەنگی کپ | لە کاتی دركاندن ژێیەکان نالەرێنەوە |
| ئۆرسۆگرافی | ڕاستی ڕێنوس و گۆکردن | دەنگی گڕ | لە کاتی دركاندن ژێیەکان دەلەوەرێنەوە |
| ڕاهێنانی گرافی | ڕاهێنانی نوسراو / وێنە کێشراو | مۆرفیم | بچوکترین دانەی واتاداری زمانە |
| فرە ڕەهەند | تێڕوانینە دوورەکان | مۆرفۆلۆژی | وشە سازی |
| وەچەپارە | پاری بچووك | سینتاکس | ڕستە سازی |
| ئادگار / ئاکار | سیما | | |
| لۆژیك (لۆجیك) | ژیربێژی ، بیر سا ، مەنتق | مۆرفۆسینتاکسی | هەندێ وشە هەن وەك (کارەکان) سەرەڕای ئەوەی کە وشەن بە ڕستەش دەژمێردرێن |
| مۆتیڤ | پاڵنەر / هۆهاندەر | | |
| فۆنەتیك | لێکۆڵینەوە لە دەنگ بە گشتی | ئاوەزیی | عەقڵی |
| | | هەسارە | (کوکب) |
| فۆنۆلۆژی | لێکۆڵینەوە لە دەنگی زمانێکی دیاری کراو | وەچەبیرە | بیری بچووك، بیرۆکە |
| | | تێرامان | قوڵبوونەوە |
| فۆنیم | شێوەی دەنگی زمانێکی دیاریکراو | تێرەو بەندانە | بەستراوە |
| | | خەرەند | گەلییەکە لە دەوری شاری ڕەواندز |

## نەخشە ڕێگای کتێبی خوێندنی کوردی (ئەلفوبێ و چالاکییەکان)

## بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

**قۆناغی ئامادەکردنی گشتی:**

| لاپەڕە | وێنەکان | زانیارییەکان | قوتابی چی فێردەبێت |
|---|---|---|---|
| ٥ | هۆنراوە | پەرتووک چیە، سودی بۆ مندالّ، چۆن پاکوخاوێنی رابگرێت | کارکردن بەگروبار شەرم دەڕوێنێت، هەست بە خۆشی و متمانە و باوەڕ بەخۆبوون. |
| ٦ | پێداویستییەکانی ناومالّ | ئاشناکردنی قوتابیان بە کەرەستەکانی، بەکارهێنان و سوودیان، چۆنییەتی بەکاهێنیان لە ژیانی ڕۆژانە | پەیوەندی کردن ، گوزاشت کردن ،فراوان کردنی ئاستی مەعریفی ، لێك جیاکردنەوەی چشتەکان ، لێك تێگەیشتن |
| ٧ | پۆشاك | ناساندنی جل و بەرگ ، بەکارهێنانیان ، سودیان ، پاکوخاوێنیان ، لەبەرکردنیان بە پێی وەرزەکان ، ناسینەوەی ئاراستەی ڕاست وچەپ | پەیوەندی کردن ، گوزاشت کردن ، ناوی پۆشاك لێك تێگەیشتن |
| ٨ | هۆیەکانی گواستنەوە | ناساندنی هۆیەکانی گواستنەوە(گشتی ، تایبەتی) و(کۆن ، نوێ) ، گەشەکردنیان ، سودو مەبەست لە بەکارهێنانیان ، ڕۆلی پۆلیسی هاتوچۆ و ئاگرکوژێنەوە و فریاکەوتنی تەندروستی ...... | پەیوەندی کردن ، گوزاشت کردن، ، ناوی نامێرەکان و لێك جیاکردنەوەیان ، چۆنییەتی بەکارهێنانیان ، لێك تێگەیشتن |
| ٩ | وێنەی پەیوەندیدار | فێربوونی چشتە پەیوەندیدارەکان و بەستنەوەیان بە ژیانی ڕۆژانەیان ، شەو و ڕۆژ ، ژوورەکانی ناو مالّ، ددان شوشتن، تەختەی نووسین | درکردن بە پەیوەندی نێوان وێنە دراوەکان ، گوزاشت کردن ، بەستنەوە ، لێك تێگەیشتن |
| ١٠ | وێنەی نامۆ | زاخاوی مێشك وهەستکردن بە جیاوازییەکان | وردبوونەوە ، گوزاشت کردن ، ناسینەوە ، پۆلێن کردن و بە گروپ کردن ، لێك تێگەیشتن |
| ١١ | شێوەکان | ناسینی شێوە ئەندازەییەکان و لێك جیاکردنەوەیان | جیاوازی ناوی شێوەکان ، بەرجەستەکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەیان |
| ١٠ | وێنەی جیاواز | بەستنەوەی وێنەکان بە ژیانی ڕۆژانەیان ، بیرکردنەوەو جیاوازی جۆراوجۆر | پەیوەندی کردن ، گوزاشت کردن ، وردبوونەوە |
| ١٢ | تەواوکردنی وێنەی ناتەواو | بەستنەوەی وێنەکان بە ژیانی ڕۆژانەیان، پەیبردن بەتەواو وناتەواوی وێنەکان و وردبوونەوە لە پێکهاتەی وێنەکان و تەواوکردنی وێنە ناتەواوەکان | وردبوونەوە ، گوزاشت کردن ، بەکارهێنانی پێنووس ، گەشەدان بە توانا و بەهرەی قوتابی لە نیگار کێشان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤<br>١٥<br>١٦ | سیناریۆی ( دارا و پەری) | کاتی نوستن و لەخەو هەستان ، پشت بەخۆبەستن ، پاکوخاوێنی و ڕێکوپێکی ، سود وەرگرتن لە کاتژمێرو پابەندبوون بەکات ، دانانی بەرنامەی ڕۆژانە، ڕۆیشتن لە شوێنی شیاو پابەند بوون بە هێماکانی هاتوچۆکردن و چۆنیەتی پەڕینەوە لە شەقام ، پێشوازی مامۆستا دانیشتن لە پۆل ، گوێراگرتن لە مامۆستا سوود وەرگرتن لە کتێبخانە، یاریکردن | خوێندنەوەی وێنە سیناریۆ ، ڕاهێنانی قوتابی بە کردەوەی باش و زنجیرەکردنیان ، فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵ |
| ١٧ | سمۆرە | ناساندنی کاراکتەری سەرەکی ( سمۆرە ) ژیان و ژینگەی ، ڕاڤەکردنی هۆنراوەکە | خوێندنەوە ، تێگەیشتن ، ئەزبەرکردن ، گوتنەوەی بە ئاوازومۆسیقا، چێژ وەرگرتنی هونەری |
| ١٩ | خاڵی پچرپچر | تۆخکردن: ناساندن و کێشانی هێڵی (شێوە ئەندازییەکان، لەگەڵ وێنەی دیکە | گرتنی پێنووس و کۆنترۆڵکردنی ماسولکە بچووکەکانی پەنجەو دەست، دەرنەچوون لە چوارچێوەی، گەشەدان |
| ٢٠ | ئاڵای کوردستان | ڕیزگرتن لە ئاڵا ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان | تۆخکردن ڕەنگ کردن |

## قۆناغی ئامادەکردنی تایبەت ( پیت و بابەتەکان)

| | بابەتەکان (وشەی هاندەر) | پیتەکان | زانیاری وگفتوگۆ | قوتابی چی فێردەبێت |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ١ | زەرد | د | • ناسینی ڕەنگەکان .<br>• زانیاری گشتی بەپێی وێنەکان<br>• کێلگە وشە( زەرد، پەردە، پەنجەرە، دەرگا)<br>• قوتابی ، مامۆستا ، پۆل، قوتابخانە<br>• گیانلەبەرو خۆراکی<br>• ئامۆژگاری بە خۆشەویستی قوتابخانە | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (د) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (د) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکەی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٢ | دار | ر | • سروشت<br>• زانیاری گشتی بەپێی وێنەکان<br>• ڕێزگرتن لە مامۆستا<br>• پاک ڕاگرتنی ژینگە<br>• خێزانی قوتابی ، یاریکردن<br>• ئامۆژگاری: ڕێزگرتن لە مامۆستا | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ر) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ر) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• ناسینی ڤاوڵی ( ا ، ە )<br>• گفتوگۆ لەگەڵ هاورێکەی |
| وانەی ٢ | مۆز | ز | • میوە<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• هاورێیەتی، زەنگ لێدان، وەرزش<br>• زمانمان، نیشتمانمان ، چیرۆک ، سروود ، گۆرانی<br>• ئامۆژگاری: خۆشەویستی هاورێ | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ز) و گۆکردن ونووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ز) یان تێدایەلە ڕێگای وێنە<br>• دەنگ / پیت ← برگە<br>• برگە ← وشە<br>• خوێندنەوە و نووسینی برگەو وشە بە پێی پیتی خوێندراو |
| وانەی ٤ | چاو | و | • بینین<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێڵگە وشە( پیاو ، کوڕ ، کچ )<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• باران بارین<br>• یاری دۆزینەوەی ڕێگا<br>• ئامۆژگاری: لەسەر دیوار ناونووسین | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (و) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (و) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• ڕێنووس<br>• برگە ← وشە<br>• ڕۆژەکانی هەفتە<br>• خوێندنەوەی و نوسینی وشەی نوێ ، برگە، ڕستەبە پێی پیتی خوێندراو. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٥ | مەڕ | ڕ | • ئاژەڵ<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• پاراستنی ددان<br>• کێڵگە وشە<br>( کرێوە،ڕەشەبا ،زریان)<br>• سوودی پێنووس | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ڕ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ڕ) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• هەڵوەشاندنەوەی وشە<br>• خوێندنەوەو نووسینەوەی برگەو وشەی بە پێی پیتی خوێندراو<br>• هۆنراوەی پێنووس، لێکدانەوەی واتای وشە ، تێگەیشتن ، گوتنەوەی بە ئاواز |
| چالاکی | سیناریۆی ئاکاری ئاخاوتن | | • ئاکاری گفتوگۆ<br>• گوێزو سودەکانی<br>• ناساندنی ئەکتەر(زارا) | • تێگەیشتن بە هۆی وێنەو بیستن<br>• بەخشینی هاوڕێیەتی ، خۆشەویستی ، هەستکردن بە یەکتر<br>• بەکارهێنانی وشەی (فەرموو ، سوپاس ، بەڵێ ، شایانی نییە ) |
| وانەی ٦ | دۆ | ۆ | • شلەمەنی<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێڵگە وشە<br>( ترێ ، مۆز ، خۆخ)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• دۆ چییە؟<br>• دەربڕین و نمایشکردن (پێکەنین، زەردەخەنە، ئاسایی ، توڕەبوون ، گریان)<br>• خوێندنەوە و بەکارهێنان پێنووس بە شێوەیەکی تەندروست<br>• ئامۆژگاری : درونەکردن | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ۆ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ۆ) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• برگە ⟵ وشە<br>• خوێندنەوەو نووسینی برگە ، وشەی نوێ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی<br>٧ | نەی | ی یـ | • ئامێری مۆسیقا<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• زیانی ڕۆیشتن بە پێخاوسی<br>• ناساندنی شێوازی کرمانجی سەروو<br>• بەفیڕۆنەدانی سامانی ئاو<br>• ئامۆژگاری: یارمەتیدانی دایك وباوك | • ناسینی دەنگ و شێوە پیتی (ی یـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ێ) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• وشە ← بڕگە<br>• خوێندنەوەو نوسینەوەی بڕگە ، وشە، گرێ<br>• هۆنراوەی ئێك و دو: خوێندنەوە، لێکدانی و واتای وشەکان، پاقەی هۆنراوەکە، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی بە ئاواز |
| وانەی<br>٨ | ئاو | ئـ | • ئاو<br>• زانیاری گشتی بەپێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• پێشبڕکێ ئاژەڵان<br>• سودی ئاو<br>• ئازار نەدانی گیانلەبەران و خۆشەویستیان<br>• ئامۆژگاری: کەی داوای لێبوردن دەکەین؟ | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ئـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ئـ) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• بەکارهێنانی (ئەو) ، (ئەوە)<br>• دەنگ ← بڕگە<br>• وشە ← بڕگە<br>• بڕگە ← وشە<br>• خوێندنەوە و نووسینی بڕگە ، وشە ، ڕستە و خوێندنەوەیان |
| وانەی<br>٩ | نان | ن نـ | • جۆرەکانی ، سودی<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێڵگەوشە(ئاوێنە،شانە، باران،گوارە)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• وێنەو سێبەری<br>• ئامۆژگاری: دەستپاکی، گوێڕایەڵی | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (ن نـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• خوێندنەوەی ئەم وشانەی (ن نـ) یان تێدایە لە ڕێگای وێنە<br>• بڕگە ← وشە<br>• دروستکردنی وشە<br>• بە کارهێنانی (ئەو) ، (ئەوان)<br>• خوێندنەوە و نووسینەوەی: بڕگە ، وشە ، ڕستە . |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ١٠ | پێژ | ژ | • هەسارەکان<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێلگە وشە<br>• ( برژانگ،اژ،ئەژنۆ،دەم)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• پێژگرتن<br>• ئامۆژگاری: سوود وەرگرتن لە کات | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ژ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• نووسینی ناوی وێنە<br>• خوێندنەوەو نووسینەوەی برگە ، وشە ، رستە<br>• هۆنراوەی بڵێن بەڵێ، خوێندنەوە، لێکدانی واتای وشە، گوێراگرتن، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی بە ئاواز |
| وانەی ١١ | دێ | ێ<br>ێـ | • شوێن<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێلگە وشە (شێر،رێوی،کەمتیار) (سێوێ،ئاگرێ،بزکان، هەولێر)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• نیگارکردن<br>• ئامۆژگاری: پاکوخاوێنی ژینگە | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ێ ێـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• دروستکردنی وشەی نوێ<br>• تەواوکردنی دەق و خوێندنەوە |
| وانەی ١٢ | کەباب | ب<br>بـ | • خواردن<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێلگەوشە (با،بەفر،باران،هەور)<br>• (کەڵەباب، بولبول، مریشك)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>ئامۆژگاری: لەسەرخۆ بخۆین | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ب بـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• ڕێکخستنی پیت و دروستکردنی وشە<br>• تەواوکردنی وێنە<br>• خوێندنەوە و نووسینەوەی برگە ، وشەی نوێ رستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ١٣ | ڕێواس | س ـسـ | • ڕووەك<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• نزیك و دوور<br>• ئامۆژگاری: هاوکاری مرۆڤی پیر | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( س ـسـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• دروستکردنی وشەی نوێ<br>• بەکارهێنانی (ئەمە) و ( ئەوە)<br>• وشە ← برگە ← پیت<br>• پێکهێنانی گرێ ( ناو + ئاوەڵناو)<br>• ڕێنووس خوێندنەوەی وشەو گرێ و ڕستە و نووسینەوەیان |
| چالاکی | سیناریۆی شاری یاری | | • ئاشناکردنی شاری یاری بە منداڵان<br>• جۆرەکانی یاری ، کات بەسەربردن<br>• چۆنیەتی پاراستنی یارییەکان لە شاری یاری<br>• ناسینی ئەکتەری نێو کتێبەکەی | • گوزارشت کردن<br>• دەربڕینی حەز و ئارەزوو<br>• جموجۆڵی و چالاکی و داهێنان |
| وانەی ١٤ | بەڕوو | وو | • داری شاخ، بەرهەمی<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێڵگەوشە (دروون،دەزوو،دەرزی،پەموو)<br>• پێداچوونەوەی پیتی خوێندراو<br>• هەندێ ڕووەك نابێت بە خاوی بخورێت<br>• ئامۆژگاری: پاکوخاوێنی بەرتووك | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی (وو ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ← پیت<br>• برگە ← وشە<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• خوێندنەوە و نووسینەوەی برگە ، وشە ، ڕستە<br>• مۆنراوەی بەپوولە، خوێندنەوە، لێکدانەوەی وشە، تێگەیشتن، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی ئاواز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ١٥ | دەم | م مـ | • دەم و ددان<br>• زانیاری گشتی بە پێی وێنەکان<br>• کێلگەوشە<br>(شێلم،شەمام،سلق،مێو)<br>(ماردین،قامیشلو،شنو ،سلێمانی)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• ماسی ژیان و ژینگەی<br>• ناسینی هێماکانی هاتوچۆ و سودیان<br>• ئامۆژگاری: کاتی نووستن و هەڵستان لە خەو | • ناسینی دەنگ و شێوەی نوسینی پیتی (م مـ ) و گۆکردنی<br>• پەیوەندیکردن لە نێوان وشە و وێنە<br>• وشە ← پیت<br>• خوێندنەوەو نووسینەوەی برگە ، وشەی نوێ، و گرێ و ڕستە . |
| وانەی ١٦ | پەت | ت تـ | • یاریکردن<br>• کێلگەوشە<br>(پرتەقاڵ،ترێ،شوتی،سێو)<br>(ڕاستی،نارین،ئاوات،تارا)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• زانیاری بەپێی وێنەکان<br>• هەنگ ژیان و ژینگەی<br>• بەستنەوەی وێنە بە وشەی پەیوەندیدار | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ت تـ) و گۆکردن و و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ←برگە ←پیت ←برگە ← وشە<br>• پەیوەندیکردن لە نێوان وشەو وێنە<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• ڕێکخستن و خوێندنەوە و نوسینەوەی پیت، برگە ، وشە ، ڕستە |
| وانەی ١٧ | بووک | ك کـ | • ئاهەنگ و خۆشی<br>• کێلگەوشە<br>(کۆتر،مریشك،کەو)<br>(کەرکووک،دهۆك،ئاکرێ، چۆمان)<br>• پێداچوونەوەی پیتی خوێندراو<br>• یاریکردن بەگرووپ<br>• ئامۆژگاری: کاتی یاریکردن | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ك کـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ← پیت<br>• وشەو پێچەوانەکەی<br>• دروستکردنی وشە<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• خوێندنەوە،نووسینەوەی برگە ، وشە ، ڕستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ١٨ | تیمساح | ح حـ | • گیانلەبەری کێوی<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• کردەوەی چاك و خراپ<br>• یاری خۆلونی<br>• ناساندنی شێوازی کرمانجی سەرو<br>• ئامۆژگاری: پاراستنی کەل و پەلی شوێنی گشتی | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ح حـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• وشە ← برگە ← پیت<br>• پیتە یەك دەنگەکان (تەواو ، کەرت)<br>• خوێندنەوەو نووسین برگە، وشە، ڕستە<br>• هۆنراوەی بویکا یارانێ، خوێندنەوە لێکدانی واتای وشەکان ڕافەی هۆنراوەکە، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی بە ئاواز |
| وانەی ١٩ | ئاش | ش شـ | • دانەوێڵە<br>• کێڵگەوشە<br>(شیر،دۆشاو،ئاو)<br>(ڕەش،سپی،شین،شەش)<br>• ڕەنگکردن<br>• پێداچوونەوەی پیتی خوێندراو<br>• پاکوخاوێنی کاری هەرەوەزیە<br>• شانۆگەری جەژنی نەورۆز ، نواندن<br>• ئامۆژگاری: پاکوخاوێنی شار | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ش شـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• وشە ← پیت ← برگە ← وشە<br>• وشەدروستکردن<br>• ناساندنی هەندێ هاوەڵکار<br>• ڕێکخستن و نوسینەوەو خوێندنەوەی ڕستە<br>• هۆنراوەی پاکوخاوێنی ژینگە : خوێندنەوەی ، لێکدانەوەی واتای وشە ، تێگەیشتن ، ئەزبەرکردن ،گوتنەوەی بە ئاواز<br>• ڕێنووس |
| وانەی ٢٠ | تۆپ | ت تـ | • یاری تۆپ تۆپێن<br>• کێڵگەوشە<br>(نامە،پول،پۆستە)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• سودی کۆمپیتەر | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ت تـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• وشەو پێچەوانەکەی<br>• وشە ← پیت ← برگە ← وشە<br>• هەڵوەشانەوەو پێکهێنانی وشە<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• ڕێنووس<br>• نووسینەوەی ڕستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هۆشیاری | مین و تەقەمەنییەکان | | • مەترسییەکانی چەك<br>• هۆشیاری و خۆپاراستن<br>• دەستکاری نەکردنیان | • ناسینەوەی جۆرەکانی مین<br>• ناسینەوەی هێماکان<br>• دووربکەوتنەوە لەم شوێنانەی ئەگەری بوونی مین و تەقەمەنی لێدەکرێت |
| فەرهەنگۆك بە هەر چوار دیالکت | | | • جیاوازی شێوە قسەکردن لە ناوچەکانی کوردستان | • هەندێ وشەی نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵ |
| ناوەڕۆك | | | | |

**نەخشە ڕێگای کتێبی خوێندنی کوردی (وەرزی دووەم)**

| | بابەتەکان باسی هاندەر | سیەکان | زانیاری گفتوگۆ | قوتابی چی فێردەبێت |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٢١ | سەگ | گ گ | • سودی ، تایبەتمەندی ئەم ئاژەڵە<br>• کێڵگەوشە (ڕەنگ،گوڵ،گەڵا،قەد)<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• ناوی ڕەنگەکان<br>• ئامۆژگاری: خۆشەویستی سروشت و وڵات | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( گ گـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ← برگە<br>• وشە ← پیت<br>• خوێندنەوە نوسینەوەی وشە و ڕستە<br>• هۆنراوەی بەهار خوێندنەوە، لێکدانی واتای وشەکان، گوێراگرتن، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی بە ئاواز |
| وانەی ٢٢ | کەف | ف ف | • شوشتن<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• یاری بەفر<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• ئامۆژگاری: مافی منداڵ | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ف فـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ← برگە ← پیت<br>• وشە ← پیت<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• خوێندنەوە و نوسینەوەی برگەو وشە<br>• ڕێکخستن ونوسینەوەو خوێندنەوەی ڕستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٢٣ | مەل | ل ﻟ | • باڵندە<br>• کێڵگە وشە(کوندەبەپوو، پۆر،کەو،چۆلەکە،بولبول)<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• پۆلێنکردن( ئامێر ، میوە)<br>• ئامۆژگاری: خۆشەویستی پەلەوەر | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ل لـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە ← برگە<br>• وشە ← پیت<br>• پڕکردنەوەی بۆشایی<br>• لێک جیاکردنەوەی (ل ،لا،لە،ل)<br>• ڕێکخستن و نوسینەوە و خوێندنەوەی ڕستە |
| وانەی ٢٤ | قانع | ع ﻋ | •ئەدەبی کوردی<br>•کێڵگەوشە(شاعر،شیعر،دیوان)<br>(عەفرین، عینکاوە، ئامێدی، باعەدری)<br>•ئاماژەکردن بۆ ئەوهۆنراوانە و ئەو شاعرانەی وەریگرتوون<br>•پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>•لاسایی دەنگی گیانداران<br>•ناساندنی دیالکتی کرمانجی سەرو<br>•ئامۆژگاری: سودی خوێندنەوە | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ع عـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشەی نوێ<br>• وشە ← برگە<br>• وشە ← پیت<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• ڕێکخستن و نووسینەوە و خوێندنەوەی ڕستە<br>• هۆنراوەی زمانی کوردی، خوێندنەوەی، لێکدانی واتای وشەکان، ڕاڤەی هۆنراوەکە، گوێگرتن، ئەزبەرکردن، و گوتنەوەی بە ئاواز<br>• |
| وانەی ٢٥ | دەهۆڵ | ڵ ڵـ | • خۆشی و ئاهەنگ<br>• کێڵگەوشە(دەهۆڵ، شمشاڵ، باڵەبان،گیتار)<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• ڕەنگکردن ، ڕەوشتی باش<br>• ئامۆژگاری : ڕێزگرتن لە یاسا | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ڵ ڵـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• برگە ← وشە<br>• بەکارهێنانی (من ، تۆ ، ئەو)<br>• پیتە یەک دەنگەکان (تەواو و کەرت)<br>• خوێندنەوەی دەق<br>• خوێندنەوە و نوسینەوەی ڕستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٢٦ | بەهرە | ھ | • هونەر<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• پۆلێنکردن(شوێن ، میوە)<br>• وانەی وەرزش<br>• ئامۆژگاری: بایەخدان بە هونەر | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ھ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• یاری پێکهێنان و نوسین و خوێندنەوەی وشە<br>• پێکهێنای گرێ<br>• خوێندنەوەی دەق : لێکدانی واتای وشەکان ، تێگەیشتن ، وەڵامدانەوەی پرسیار<br>• ڕێکخستن و نوسینەوە و خوێندنەوەی ڕستە |
| وانەی ٢٧ | بۆق | ق قـ | • گیانلەبەری وشکاوەکی<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• پێداچوونەوەی پیتە خوێندراوەکان<br>• ناوی دەنگی گیانداران<br>• ئامۆژگاری: گورج و گۆڵی لە ئەنجامدانی کارەکان | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ق قـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• یاری پێکهێنان و نوسین و خوێندنەوەی وشە<br>• وشە ← برگە<br>• وشە ← پیت<br>• پێکهێنانی گرێ (ناو + ناوەڵناو)<br>• دەقی بۆق : خوێندنەوە ، لێکدانی واتای وشەکان ، تێگەیشتن ، وەڵامدانەوەی پرسیار<br>• خوێندنەوە و نووسینەوەی گرێ ، وشە ، ڕستە<br>• هۆنراوەی نەورۆزە مەستم خوێندنەوە، لێکدانەوەی واتای وشەکان، گوێراگرتن، ئەزبەرکردن، گوتنەوەی بە ئاواز |
| چالاکی | سیناریۆی باخچەی گیانداران | | • ئاشناکردنی منداڵ بەجیهانی گیانداران<br>• خۆشەویستکردنیان لای منداڵ<br>• نزیکردنەوەیان لە جیهانی منداڵ<br>• شێوەی ژیانیان | • ناویان ، تایبەت مەندییەکانییان<br>• ناسینەوەی دەنگیان و لاسایی کردنەوەیان<br>• پۆلێنکردنیان ( ماڵی ، کێوی ، باڵندە ، ئاژەڵ....) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٢٨ | شاخ | خ خـ | • بەرزاییەکان<br>• کێڵگــــــە وشـــــــە (مێخەك،خەناوکــە،بازن، خرخاڵ)<br>• زانیاری بە پێی وێنەکان<br>• پێداچـــوونەوەی پیتــــە خوێندراوەکان<br>• جیاوازی نێوان (خـــــــواردن ) و (خواردنەوە)<br>• ئامۆژگـــاری: پاراســتنی پاکوخاوێنی ژینگە | • ناسینی دەنگ و پیتی ( خ خـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• ڕستە پێکهێنان<br>• وشە ← برگە<br>• وشە ← پیت<br>• وێنە ← وشە ← ڕستە<br>• ناساندنی کار<br>• دەقــی خەنــدە( هــەمان هــەنگاوەکانی خوێندنی دەق)<br>• ڕێکخســتن و نوســینەوەو خوێندنـــەوەی ڕستە |
| وانەی ٢٩ | ساج | ج جـ | • نانکردن<br>• پێداچـــوونەوەی پیتـــە خوێندراوەکان<br>• بـــەگروپکردنی وشـــە ، ڕەنکردن<br>• قوتابخانە مـاڵی دووەمـی هەموومانە<br>• ئاشتی<br>• ئامۆژگـاری: پاکوخـاوێنی لادێ وشارو دەوروبەر | • ناسینی دەنگ و شێوە پیتی ( ج جـ ) و گۆکردن و نوسینی پیتەکە<br>• ڕستە دروستکردن لە ڕێگای وێنە<br>• پێکهێنانی گرێ (ناو + ئاوەڵناو)<br>• وشەو پێچەوانەکەی<br>• ڕێنووس<br>• پڕکردنەوەی بۆشایی<br>• خوێندنەوە و نووسینەوەی پیت و شـەو و ڕستە |
| وانەی ٣٠ | باغ | غ غـ | • سوودی باغ<br>• زانیاری بەپێی وێنەکان<br>• کێڵگەوشە (قەرەچووغ،نەغەدە،مەراغە)<br>• پێداچـــوونەوەی پیتــە خوێندراوەکان<br>• نانی بەیانی<br>• ڕەنگکردن<br>• ئامۆژگــــــاری: چـــۆن خزمەتی خاکەکەم دەکەم | • ناسینی دەنگ و شێوە پیتی ( غ غـ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• ناساندنی جێناوی سەربەخۆ<br>• خوێندنـەوەی دەق (هـەمان هـەنگاوەکانی خوێندنی دەق)<br>• خوێندنەوە و نووسینی پیت و برگە وشە و ڕستە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وانەی ٣١ | مرۆڤ | ڤ ڤ | • ئادەمیزاد<br>• کەش و هەوا ، کات<br>• ناوی مرۆڤ<br>• بیرخستنەوەی پیتە خوێنراوەکان<br>• خۆپاراستن لە سەرما<br>• ئامۆژگاری پاسکۆیی<br>• ئامۆژگاری: پاسکۆیی | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( ڤ ڤ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• دروستکردنی ڕستە<br>• پیتی یەک دەنگەکان (تەواو ، کەرت)<br>• ناوی ژمارە<br>• خوێندنەوەی دەق ( هەمان هەنگاوی خوێندنەوەی دەق)<br>• برگە ←وشە<br>• ڕێنووس<br>• خوێندنەوە و نوسینەوەی ڕستە |
| وانەی ٣٢ | ورچ | چ چـ | • بارمەتیدانی ئاژەڵ<br>• شێوەکان<br>• وشەی پرس ، نیشانەی پرس<br>• ئامۆژگاری<br>• ئامۆژگاری: چۆن بۆ داهاتووی باشتر هەوڵدەدەین | • ناسینی دەنگ و شێوەی پیتی ( چ چـ ) و گۆکردن و نووسینی پیتەکە<br>• وشە نوسراوەکان<br>• پیت ←وشە ←برگە<br>• خوێندنەوەی دەق (هەمان هەنگاو)<br>• ڕیکخستن و نوسینەوە و خوێندنەوەی ڕستە |
| چالاکی | سەیرانێ باخچەکەمان | | • خۆشەویستی قوتابخانە<br>• هاوکاری<br>• بایەخدان بە چاندن و ئاوەدان<br>• پاراستنی گوڵ و باخچە | نواندن و دەربڕینی زارەکی<br>خوێندنەوە و پرسیار و وەڵام |
| وانەی ٣٣ | خەون | | • فراوانکردنی خەیاڵی منداڵ<br>• گێڕانەوەی خەونی خۆیان | • خوێندنەوە ، لێکدانی واتای وشەکان ، گوێگرتن ، تێگەیشتن ، گفتوگۆ و پرسیار وەڵام ، ڕێنووس |
| وانەی ٣٤ | وەرزەکان | | کەژەکانی ساڵ | خوێندنەوەو فێربوونی مانگە کوردییەکان واتای وشەکان بە ڕێنووس |
| وانەی ٣٥ | پشووی هاوین | | • ڕێزگرتن لە کات<br>• پێداویستی قوتابی لە پشووی هاوین | خوێندنەوە، وشەی نوێ، گفتوگۆ، ڕێنووس |
| پێداچوونەوە | | | | کۆکردنەوەی زانیارییەکان |
| فەرهەنگۆک | | | | |
| ناوەڕۆک | | | | |

# پێڕست/ناوەرۆك


**دەستپێك**

یەكەم: بەگەڕخستنی توانا، لێهاتوویی و كارامەیی

دووەم: داڕشتنی كەسێتی سەربەخۆو باوەڕ_بەخۆبوو

سێیەم: بیناى ئەم شاكارە

**بەشی یەكەم**

**ڕێبازو ڕەوتی خوێندن**

١/١) كاركردن لەسەر بابەتەكە/وانەكە

١/١_١) خوێندنەوەی وێنە

١/١_٢) ئەگەرەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ دەقدا

١/١_٣) كاركردن لەسەر دەقی جۆراوجۆر

دەقی ڕیژەوانی

دەقی شیعری/هۆنراوە

دەقی بابەتی/چێشت

دەق بۆ بەكارهێنان/نمایشكردن

**بەشی دووەم**

**بەكارهێنانی لاپەڕەكانی كاركردن/چالاكی**

١/٢) كاركردن لەسەر هێما_دەنگی نوێ (پیتی نوێ)

٢/٢) ڕاهێنانی گرافیی

٣/٢) ڕاهێنان لەسەر تەكنیكی خوێندنەوە

٤/٢) كاركردن بە كارتی وشەكان

٥/٢) كاركردن لەسەر لاپەڕەی خۆ

٦/٢) كاركردن لەسەر یاری تۆڕی خوێندنەوە

٧/٢) ئەگەرەكانی لەیەكجیاكردنەوە

٨/٢) داڕشتنی دەق




ژمارەی سپاردن ( ٥١٢ ) ساڵ ٢٠١٢
تیراژ ( ٥٠٠٠ ) دانە
نرخ (٨٤٨,٠٧) دینار

چاپی دووەم ٢٧١٤ کوردی ٢٠١٤ زایینی ١٤٣٥ کۆچی